# چریکەی چیرۆکی فارسی

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# چریکەی چیرۆکی فارسی

لێدوان و وتار

وەرگێڕان و ئامادەکردنی:

**حوسێن شێربەگی**

ناوی کتێب: چریکەی چیرۆکی فارسی – لێدوان و وتار
وەرگێڕانی: حوسێن شێربەگی
بڵاوکراوەی ئاراس – ژمارە: ٦٦٧
پیت لێدان: هۆشەنگ حەمەدەمین
هەڵەگری: فەرهاد ئەکبەری + عەبدولخاق یەعقووبی
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، هەولێر – ٢٠٠٧
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (١٢٣٧)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ

# وتەیەك

چیرۆکی ئێرانی «فارسی»، لە پرۆسەی سەد و چەند ساڵ بزاڤی خۆیدا، هەڵچوون و داچوون و جمو جۆڵێکی بەرچاوی بووە و باوەکو بۆ رۆژئاوایییەکان و رۆژهەڵاتییەکان «جگە لە کوردەکان»، کەمتر ناسراوە، بەڵام ئەوەندەی وەرگێڕدرابێتە سەر زبانەکانی دیکە، پێشوازیی هونەریی لێ کراوە. ئەمە نیشاندەری ئەم واتایە بووە کە لەم زبانەدا، چیرۆك نووسین بزاڤێکی زیندوو و پێشکەوتووە. وەك «کوندەکوێرە»ی سادق هیدایەت و چەند بەرهەمی محەممەد عەلیی جەماڵزادە و بوزورگ عەلەوی و مەحموود دەوڵەت ئابادی و هووشەنگ گوڵشیری و ئەحمەد مەحموود.

بەتایبەت لەم ساڵانەی پاش شۆڕشی گەلانی ئێران دژ بە شا و دیکتاتۆریەت و... گەشەو بەرەو پێشەوە چوونی ئەم بزاڤە، لە نێو ئێمەی کورددا کاریگەری و ڕەنگدانەوەی بەرچاوی بووە و تاقمێکی زۆری تامەزۆری خۆی کردووە. لە بۆ زێدەتر ئاشنا بوون و ناسینی کامڵتر و زانستییانە، لەسەر چیرۆکی ئێرانی «فارسی»، لە مێژبوو لە سەرچاوە و دەقێکی باش دەگەڕام کە وەریگێڕمە سەر زبانی کوردی و دیوناسییەکی گونجاو و سەلماو لەگەڵ مێژووی ئەم بزاڤە، زۆر بە کورتی و کامڵی لە دوو بواری ناسینی مێژووی چیرۆك نووسینی فارسی و ناسیاریی زانستی لە تەك ئاستی تیۆریکی کارەکەدا، بەرهەم بێت، هەتا لە کتێبی «نەوەی سێهەم»ی یوسف عەلیخانیدا کە ئەم کتێبە کۆی دە ئاخافتن و وتوێژە دەگەڵ دە چیرۆك نووسی ئێرانییدا، دوو وتوێژی «مەنسوور

کووشان» و «شەهریار مۆندەنی پوور»م، دەگەڵ مەبەستەکەی خۆم پێ نێزیك بوو. ئەوەتانێ بە سێ مانگ بەهار و سێ مانگ هاوینی ساڵی ٨١ کۆچی هەتاوی، واتا «شەش مانگەی بەهار و هاوینی ٢٠٠٢ی زانیی» کاری وەرگێڕانەکەم بە ئاکام گەیاندووە. بە ڕواڵەت کارەکە لە قەوارەی وتوێژدایە بەڵام لە ڕاستیدا ئەم کارە و بەتایبەت ئەو بەشەی شەهریار مۆندەنی پوور، زیاتر لە لێدوان و گوتار و وتاری زانستی و تیۆریك نیزیکترە هەتا لە وتووێژ. هەوڵم داوە تێبینی و پەڕاوێزم لە سەر دەقەکە، کەم بێت و ناوە نێودارەکان و زاراوە ناسراوەکان بە تێبینی و پەڕاوێزی زیادی، خوێن تاڵ نەکەم. بەو هیوایەی خوێنەری ئەم دووکارە یا بڵێین ئەم کارە بەم خوێندنەوەیە زۆر شتی سەبارەت بە چیرۆك نووسانی ئێرانی «فارسەکانیان» و ئاستی تیۆریکی ئەم باسە بۆ ڕوون ببێتەوە.

خەرمانانی ١٣٨١ (٢٠٠٢)

حوسێن شێربەگی

بۆکان

# وتووێژی یووسف عەلی خانی
# لەگەڵ
# شەهریار مۆندەنی پوور

**ناساندن**

شەهریار مۆندەنی پوور، سەر بە نەوەی سێهەمی چیرۆك نووسانی ئێرانییە. ئەو نەوە سێیەی کە بڕیار وایە نێوەڕۆکی کەلتووری ئێرانیی نەوەی یەك دەگەڵ تەکنیکی نەوەی دوودا تێکەڵ بکات و چیرۆکی فارسی بگەیەنێتە نەوەی دوای خۆی. مۆندەنی پوور ساڵی ١٣٣٥ کۆچی ڕۆژی لە شاری شیراز – شاری حافز و سەعدی – هاتووەتە دنیا. ئێستاش لەو شارەدا کاربەدەستی کتێبدارییە و سەرنووسەری گۆڤاری ئەدەبی و فەرهەنگیی (ئێوارەی پێنج شەممۆیان)ە.

لە پاش شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە، بەردەوام چالاکی چیرۆك نووسینی هەیە. ڕۆمانی دوو بەرگیی «دڵی دڵداری» مۆندەنی پوور، خەڵاتی باشترین ڕۆمانی ساڵی ٧٩– ٨٠ك (٢٠٠١– ٢٠٠٠) بنکە

فەرهەنگییەکانی ئێرانی وەرگرت.

شەهریار لەم وتووێژەدا لەچەشنێکی تیۆریکیانە لەسەر ڕەوتی شەپۆلانی زەین،

دەدوێ و جار و بار ئاماژە بە چۆنیەتی کارکردنی ئەم تەکنیکە، لە هەندێ چیرۆکی خۆیدا دەکات. برێ لە کارەکانی شەهریار مۆندەنی پوور ئەمانەن:

١– سێبەرەکانی ئەشکەوت

٢– هەشتەمین ڕۆژی زەوی

٣– مۆمیا و هەنگوین

٤– ڕۆژهەلاتی وەنەوشە

٥– مانگی نیوەڕۆیان

٦– دڵی دڵدارای (ڕۆمان) و...

لەم وتووێژەدا «ع» لە جیاتی عەلیخان و «م» لەبری مۆندەنی پوور دەنووسین.

ع: ئێمە «ئەم کەسانەی خەڵقی جیهانی یەکەم» نیین، هەمیشە بۆ ڕۆژئاواییەکان وەرگرێکی چاك بووینە. ئەم هەڵسوکەوتە لە ئەدەبیشدا دەرکەوتی تایبەتی خۆی هەیە. قوتابخانەکان و شێوازەکان و تەکنیکەکانی چیرۆکی ڕۆژئاوایی، بەردەوام لە چیرۆکەکانی ئێمەدا دووپات بوونەتەوە، بۆ وێنە ئەوا نیوە سەدەیەك بەسەر ڕەوتی شەپۆلانی زەیندا تێپەڕ دەبێ، کەچی ئێمە لە ئێراندا هەر بە شوێن ئەم شێوازە داین.

م: بە ڕای من تاکوو ڕادەیەك سروشتییە و درێژەی لۆژێکی ڕێبازی ئەدەبە. هەر ئەم پرسیارە لە سەردەم و زەمەنێکدا بۆ منیش کێشەیەك بوو. بە ئازایی و متمانەوە دەڵێم، ساڵانێکی زۆر لە خۆم و لە ئەدەبم پرسیوە:

ڕێگای منی نووسەری ڕۆژهەڵاتی لە کام لاوەیە؟

ع: وەڵامێکیشتان وەچنگ کەوتووە؟

م: وەڵامگەلێکم دۆزیوەتەوە، هێشتاش هەر پرسیار دەکەم و ڕەنگە هەتاکوو دوایین چیرۆکیشم دەبێ هەر پرسیار بکەم. بەڵام من دەگەڵ ئەم قسە خۆرافەدا دژایەتیم هەیە، کە دەڵێ: ئێمەی ئێرانی فۆڕم و تەکنیکەکانی چیرۆکی کورت و ڕۆمانمان سەرجەم و دەربەست لە ڕۆژاوا وەرگرتووە.

ع: چۆن؟

م: ئەم ساختە و بوختانەش زۆر بۆ سادق هیدایەت هەڵدەبەستن و دەڵێن ئەو لە فەرەنسا دەگەڵ چیرۆك و ئەدەبی ئەمڕۆینی جیهاندا ئاشنایی و دیوناسی پێك هێنا و هات و لە ئێرانیشدا بە زبانی فارسی کورتە چڕۆکی لە چەشن و قەوارەی ڕۆژئاوایی و نوێدا نووسی. بەڵام ئەو کەسانەی ئەم داواکارییەیان هەیە، بۆچی لە خۆیان ناپرسن: خۆ لە پێش هیدایەتیشدا کەسانێك بوون کە دەگەڵ ئەدەبی نوێدا ناسیاوییان هەبوو، ئەی بۆچی ئەمانە نەیانتوانی بە واتایەکی /حیکایەت نەبێ و چیرۆکی هونەری بێ/ کورتە چیرۆك بنووسن؟ بۆ وێنە محەمەد عەلیی جەماڵ زادە، هەر بووە ئەم جەماڵ زادەیەی کە دەیناسین و نەبووە هیدایەت. قسەی من ئەمەیە: فۆڕم و تەکنیك و گۆشەنیگاو دیدی هونەری، وەکو دامودەزگا و ماشێن نین کە بتوانین چۆن ساز کردنیان لە ڕۆژئاواوە فێربین و لە وڵاتی خۆماندا مونتاجی بکەینەوە. دیوناسیی ورد و تێکەڵاو بە خوێنی هیدایەت لە تەك ئەدەبی مۆدێڕنی جیهاندا، «لایەن»ێکی ئەم کێشەیەیە، لایەنێکی دیکەی «زبان»ە. دەبایە لە زبانی فارسیدا بنەماکان و نۆڕمەکان و ئاشنایی سڕینەوەکان و بڵاو بوونەوەی مەجازیی پاژ بۆ گشت «جزء بە کل» – توخمی گرینگی ڕیالیزم، پێ بە پێی شێوازی مەعریفەی

ئـیستـقـرایـی– «لێکدانـەوەی لـە پـاژەوە بـۆ گشت» و ڕووداوگـەلێکـی دیکـە بقەومـایـەن و دەرکـەوتـایـەن، هـەتـا بکرێ لـەم زبـانـەدا چیرۆکـی ڕیـالیستـی و سووڕیـالیستـی بـنـووسێ. ئـەمـە خـاڵێکـی زۆر گرینـگـە. بـە ئـاگـابوونـەوە و وەخـەبـەرهـاتـنی زبـانـی فـارسـی لـە سـەردەمـی شـۆڕشی مـەشرووتـەدا، «سـاڵی ١٢٨٤ی کـۆچی هـەتـاوی یـان سـاڵی ١٩٠٥زاینی»، ویست و داواکـاریی ئـازادیی زبـانـی لـە هـەمـبـەری بـنـەمـاکـانـی دیکتـاتـۆریـەتی زبـانیدا، ئێرادەی ڕزگـار بـوونـی و... بـوونـە هـۆکـاری ئـەوەی ئـەم زبـانـە لـە خـەونـی چـەنـد سەدەییی خۆی وەخـەبـەر بێت، پێکهـاتـەکـانی کلاسیك و کـۆنـە، نۆڕمـەکـانی کـەونـارای خـۆی کـە داهـاتـی تـێفـکـریـنـی قـیـاسـی «بـەراوردی» «هـەڵسەنگـاندنی گشت بـۆ پـاژ» و نـامـۆدێڕن بـوون، ڕێوشوێن بکـەنـەوە بـۆ بنەمـا و نۆڕمی دەربڕینی تـازە و بـەم چـەشنـە یـەکـەم چیرۆکـە نوێیـەکـان لـە زبـانی فـارسیدا بنووسرێن. مـەبـەستم لـە چیرۆکـی نوێ، شتێکـی گشتییـە و ئـەمـە لـە هـەمـبـەری چـەنـدان چـەشنی حیکـایـەت و گێڕانـەوە و چیرۆك و حیکـایـەتـی حـەیـوانـات دادەنێم، بـە وتـەیـەکـی دیکـە، مـەبـەستم لـە کورتـە چیرۆك، ئـەو چـەمکـەیـە کـە لـە وەسفـەکـانی «ئـالێن پـۆ» و شێوازەکـانی «گی دۆمۆپـاسان»دا دەگونجێ، هـەتـا دوایی، یـان تـاکوو ئـەمڕۆ. وەلحـاسڵ دەڵێم، ئـەوەنـدەش خـۆ بـەدۆڕاو دانـەنـێیـن و، لـە هـەمـبـەریشیدا، ئـەوەنـدەش بـە ڕابـردووە شانـازی نـەکـەیـن. لـە وتـارێکـدا کـە بـۆ بـەشداری کـردن لـە پڕۆگرامێکی شانۆی «ئۆدی ئین» لە پاریس نووسیبووم و سازم کرد، هـەر ئەم تێکۆشانەی خۆیابوونی بنەماکان و نۆڕمەکانی تازە و نوێی زبـانی لە فـارسیدا، لە ئـاکـامیشدا، سەرهـەڵدان و خۆیـابوونی چیرۆکە نوێیەکانم بە دوور و درێژی بـاس کرد و لێکۆڵینەوەم لە سەر کرد. ئەو خـاڵانـەی لە کـاتی لێکۆڵینەوە کەدا، بەدەر دەکەوتن و خۆیان نیشان ئەدا، سەرنجڕاکێش بوون. بۆ وێنە دەرکەوت کە چەشنی «ڕۆمـانس» لە ئێراندا، ڕەنگە لە سەر یاسای سێ چەشنە ڕۆمـانسی ڕۆژئـاوایی نووسراوە و هـاوکات بووە دەگەڵ

ئەواندا. بە گشتی شێواز و تەکنیك لە ئەدەبی ئێرانیدا، وەکی نموونەیەکی درەوشاوەی ئەدەبی ڕۆژهەڵاتی، هاوتەریب دەگەڵ ڕۆژئاوا/ یان ڕۆژئاوا دەگەڵ ئەودا/ هاتوونەتە پێشەوە، تاوەکوو گەیشتووینەتە زەمەنی خەواڵویی و خەوە بەردینەیی زبانەکەمان و نووستنی فەرهەنگەکەمان. گەندەڵبوونی زبانی فارسی کە لە سەردەمی «صفویە»وە دەست پێ دەکات یان دەوری توند و خێرا هەڵ دەگرێ، تاکوو سەردەمی «قەجەر» درێژەی بوو و گەیشتە تەشقی خۆی. هەر ئەم چەند سەدەیەی تەوەزەلی و تەمەڵی و کەڕی و کوێرییە، بووە هۆکاری ئەوەی کە هاوتەریب بوون و شانبەشان ڕۆیشتنی ئەدەبەکەمان کە دەگەڵ ئەدەبی بەرەو پێشکەوتی جیهان دەڕۆیی، لەگەڕ بکەوێ. هەتاکوو سەردەمی «مەشرووتە» کە وەخەبەر هاتنەوە دەست پێ دەکا. ئێستا گریمان سەردەمێکی گەندەڵی ئاوا بە سەرماندا نەهاتبا و زبان و ئەدەبی فارسی، هەروا درەوشاوە بایە کە دەنووسرا و نووسرابوو و بەرەو کامڵبوون بهاتبایە، ئایا چەشنگەلێکی دیکە، جگە لە ڕۆمان و کورتە چیرۆکی نوێ، لە ئێراندا پێك دەهات؟ یانی چما کامڵبوون و گۆڕانکاریی ئەدەبی ئێمە کە لە چەندان چەشنی تەقرییەن وەکوو ڕۆژئاوادا درێژەی هەبوو، هەروا دەوامەی بایە، بڵێی لە فارسیدا، بۆ وێنە ئێمە کورتە چیرۆکی ئەمڕۆییمان نەدەنووسی و چەشنێکی دیکەمان لە نێو جیهانی ئەدەبدا دەنووسی؟ وای بۆ ناچم. دەمهەوێ بڵێم: ئاڵوگۆڕ لە ڕۆمانسەوە بۆ ڕۆمان، گۆڕانکاریی حیکایەتی داپیرە و ئەو حیکایەتە ئامۆژگاری و ئەفسانەی دێو و پەرییە بەرەو چیرۆکی کورتی هونەری، ئاکامی پێشکەوت لە زبانە ڕۆژئاواییەکاندا نییە. بەڵکوو لە ئاکام و دەوامەی لۆژیکی بنەما هاوبەشەکانی زبانی ئێنسانە، کە ئەمەش ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی نییە. بەڵکەم هەمان ئەو بنەمایانەی کە بنەماخوازەکان بە شوێن پێیانەوە بوون، کە **بە بێ قاڵمە قاڵم و گوفتی ئەنگوور و عەنیب و گریپ** دۆزییانەوە و نەیاندۆزییەوە.

دەیجا، چما لە ڕۆژئاوادا، شێواز و تەکنیکەکانی ئەفراندنی چیرۆکی ئامۆژگاری و حیکایەتەکانی «ئیزووپ» لە ڕەوتی کامڵبوونی زباندا، بوونە شێواز و تەکنیکەکانی داهێنانی کورتە چیرۆکی ڕیالیستی لە ئێرانیشدا کە ڕەوتی کامڵبوونی ئەدەبی پەخشانی، بۆ وێنە هەتا سەدەی هەشت و نۆی کۆچی مانگی یان دوانزە و شانزەی زایینی، نەك ڕاست وەکو ڕۆژئاوا هاو تەریب دەگەڵ ئەودا، بەڵکوو لە بەستێنێکی کەموزۆر وەکوو ڕۆژئاوادا کامڵبوونی بووە و دەیبوو، نەك لە بەستێنێکی زۆر سەیر و سەمەرەدا. دەیجا کاتێ سادق هیدایەت دەستی دایە پێنووس، لە زبانی فارسیدا، نۆرمەکان و ئاشنایی سرینەوەکان و قەوارە و ڕواڵەتەکانی خەیاڵ حازر و ئامادە بوون کە بۆ وێنە چیرۆکی ڕیالیستیی «داش ئاکول» یان، ڕۆمان و داستانی بڵیند و زەینی و سوور ڕیالیستیی «کوندە کوێرە» بنووسرێن. نەك ئەوەی هیدایەت وەکو «کریستۆف کۆلۆمب»، سواری پاپۆڕی دیوناس بوون دەگەڵ ئەدەبی ڕۆژئاوا بێت و قارەی ئەدەبی مۆدێرنی زبانی فارسی بدۆزێتەوە من نازانم ئەم قسە و باسە چەندە تازەیی و نوێبوونی هەبێ، بەڵام ئەم خاڵە گرینگە کە لە پاریسدا، کە کورتەی وتارەکەم پێشکەش کرا، وەك هەمیشەی نێو چاوان و بەدشانسی، لە بەر وەرگێڕانی خراپی نووسراوەکەم لە فارسییەوە بۆ فەڕەنسەیی، چەند کەسێ بۆڵە بۆڵیان هەستا بوو و دەیانوت لەو لاوە هاتووی لێرە قسە و باسی شانازی بە ڕابردووتەوە دادەمەزرێنی و بڵێی **ئێمەش خۆمان زۆرشتمان هەبووە**!...یانی هەمان گرێی دواکەوتوویی جیهانی سێهەمییەکان. ئەوەندەی دەموت ئاغایان قسەی من لەم وتارەدا و لەم کورتەقەسابی کراوەیدا، شانازی کردن بەرابردووەوە بۆ قەرە بوو کردنەوەی گرێی خۆ بە کەمزانینی دواکەوتوویی نییە، من سەر قاڵی ئەوەم، باسی بنەما و نۆرمی زبان دەکەم، دەڵێم بەردەوامی و سەرهەڵدانی چەشنە ئەدەبییەکان پێوەندیی بە دەوام و سەرهەڵدانی بنەماکانی

زبانەوە هەیە و... بەڵام وەریان نەدەگرت. دەموت ئاغایان! تەماشاکەن هەتا شێوازی مەجازی لە **پاژەوە بۆگشت** لە هەمبەری ئەو چوواندنە کۆنە و کلاسیکیانەدا نەبووە باو، بڵاو نەبووەوە، نەدەکرا چیرۆکی ڕیالیستی بنووسرێ لێیان وەرنەدەگرتم و هەمان بۆختانیان دووپات دەکردەوە.

ئەم ڕووداوە، لەیەکێ لە لانکە گەورەکانی زانست و توێژینەوە و سەرنجداندا بۆ من زۆر سەیر و سەمەرە بوو، ئەمەش لە دۆخێکدا بوو کە خۆم زۆر بە ئاگابووم هەتاکوو قسەکانم لە قەوارەی یانە و وانە و پەند ونەسیحەتدا نەبێ. ئەو هەڵەیەی کە تاقمێ لە دۆستانی بانگهێشتن کراو کردیان و دەڵێی بە گەورەییەوە پێیان بەخشیون و هەرای لێ هەڵنەستاوە. با بڕوات، بەڵام ئەم ئەزموونەمان با هەبێ. کەسێکی لێ بوو، زۆر تووڕە ببوو/ لەوەی کە/ بۆ نالێم هەموو شتێکمان دەربەست لاسایی ڕۆژئاوا کردووەتەوە دەرفەتی وەڵامدانەوەشی نەدامێ. ئێستا دەڵێم: ئەوە گریمان هەموو ئەدەبی ئەم سەردەمەمان لاساییکردنەوە بێ، باشە، دانیشەو ڕەوتی ئەم لاساییکردنەوەیە شی کەوە. دەبا ئیدی سەردەمی بەگۆترە قسەکردن تەواو کەین. ئەم لاساییکردنەوە چۆن و لە کام توخم و پێکهاتە و بنەمادا، لەکام لاوە و بە چ ئاکامێکەوە ڕووی داوە و جێبەجێ بووە؟ واتا زەحمەت بکێشین و تێ کۆشین بۆ ڕاڤەکردن و دەربڕینی ئەدەبەکەمان، یا خۆ بەڵکەم لەمەشدا چاوەڕوانی ئەوەین کەسێك لە ڕۆژئاواوە بێت و ئەمەشمان بۆ بکا و هەر وەکوو هەڵە کەونارا و مێژووییەکانمانیان دۆزییەوە، ڕێوشوێنی ئەدەبی سەردەمیشمان بۆ ڕەخنەکاری و شیکاری بکەن. ئەم پێشەکییەم پێویست بوو، هەتا بڵێم شێوازەکان و فۆرمەکان و تەکنیکەکان لە بەر ئەوەی لە پێکهاتە و داڕشتنی زبانەوە پێك دێن، دەیجا توانای سەرهەڵدانیشیان لە هەر فەرهەنگ و زبانێکدا هەیە یانی نەریتی هاموشۆ و هەڵسوکەوتی چیرۆك لە زبانە جیاوازەکاندا تەقریبەن وەکی یەك وایە. بەم گۆشەنیگا و

گریمانەیەوە، دەسا ئیدی ناتوانین باس لە سەر لاساییکردنەوە بکەین. شێواز یان تەکنیکی «فلاش بەك= گەڕانەوە بۆ ڕابردوو»، لە زاتی زبان دایە لە وتارێکدا نیشانم داوە و سەلماندوومە کە «تەعلیق= داهێلان» لە زات و هەبوونی هەر ڕستەیەکدا، تەنانەت لە ڕستەی هەواڵدەریشدا هەیە. بەم پێیە زۆر سروشتییە کە لە چیرۆکی نوێی ئێرانی بە زبانی فارسیشدا، بۆ وێنە بینەری فلاش بەك، داهێلان، گۆڕانی گۆشەنیگا و گەمەکردن بە زەمەنی ڕیوایەت و گێڕانەوە بین. یان هەروەها «پرۆسەی شەپۆلی هۆش»، کە لە ڕاستیدا حاڵەتێکە لە زەینی هەموو ئینسانەکاندا. دەیجا کەڵك وەرگرتن لەم تکنیکانە کە زبانی جیهانی چیرۆکن، لاساییکردنەوە نییە ئەمانە سامان و توانایییەکانی زبانن. لێرەدا کێشە لاسایکردنەوە ڕاست وایە، کە بێت و منی چیرۆك نووسی ئێرانی، شەپۆلانی زەین موو بە موو هەر وەکوو «فاکنەر» نووسیویە، بینووسم، یان بێم فۆڕمی ڕۆمانەکەم بکەمە کۆپیی «هات و هاوار و تووڕەیی»ی فاکنەر، ئەمە لاساییکردنەوەیە. چما بۆ وێنە لە ڕۆمانەکەمدا، بەم دۆزینەوەیە بگەم کە لە سێلاوی هۆشدا، دەتوانم بۆ زەینی کەسێتیی دوو لایەن و بەستێن ساز کەم، لایەنی نا هۆشیاری زبانی تاقەکەسی و لایەنی ناهۆشیاری زبانە خێڵەکییەکەی، ئەمە ئیدی بە ڕای من تێکۆشان و زیاد کردنی زانستێ بە زانستە تەکنیکەکان و شێوازەکانی ئەدەبە. لەم ڕایەدا ناتوانم سووك و ئاسایی بڵێم: خگە لەوەی تێکۆشانەکەم سەرکەوتووە یان نا، خودی ئەم دۆزینەوەیە تێکۆشانێکی فارسییە، لە بۆ ئەوەی بڕێ قەرەبوو کردنەوە بێ لە هەمبەری ئەو گشتەی لە ئەدەبی ڕۆژئاواوە فێربووین. جا ئێستا تەماشای چارەنووسی ئەم دۆزینەوەیە لە ئێراندا بکە، ڕەخنەگری لاوی ئێمە نەك هەر پێی نەزانیوە، ئەم بوختانەشی بۆ کردووم کە ڕەوتی سێلاوی هۆشی «شەپۆلانی زەینی» کەسێتییەکانی ڕۆمانەکەم «دڵی دڵداری» وەکو، یەکدی وان. بڕوا ناکات کە، ڕەنگە ئێرانییەکیش بڕێ شتی

لە بۆ زیادکردنی سامانی ئەدەب هەبێ. بڕوا ناکات کەسێکی وەك من کە ساڵانێکی زۆرە ئەمانە بە وانە دەڵێمەوە و سەبارەت بەمانە وتار دەنووسم ، لەم بابەتە بە ئاگام و بۆی ناچێ هەڵەیەکی ئاوا لە ڕۆمانێکدا بکەم، کە هەشت ساڵم کار لەسەر کردووە. یانی دانیشتووە بیر بکاتەوە کە بەڵکوو ئەم لێکچوونەی ڕەوەتەکانی شەپۆلانی زەینی کەسێتییە دژوارەکان، بە ئانقەستە و داهێنەرانە بێ، کە وایە: بەم چەشنە وام دانا کە لە لایەنی یەکەمی خودی ناهۆشیاری، زبانیی ئێمەدا کە سەر چاوە و ژێدەری ڕەوتی شەپۆلی زەینە، ئەڵبەت هەر کەسێك جیاوازی گەلێکی زەینی و زبانی لەگەڵ دیتراندا هەیە و لە ئاکامدا شەپۆلی زەینیشی جیاوازە دەگەڵ دیتراندا، بەڵام لە لایەنی خودی ناهۆشیاری کۆ و گشتی یا خێڵەکی ئەودا توخمگەلێکی هاوبەشی زۆر لەگەڵ دیتراندا هەیە. هەر بەم هۆییەوە لە ڕۆمانی «دڵی دڵداری»دا لە بڕێ شوێن، شەپۆلی زەینی ڕاوچییەکی «گالش» جیاوازی هەیە، دەگەڵ ئی ڕووناکبیرێك و لە شوێنگەلێکی دیکەشدا کە دەرکەوتی نموونەکانی ئەزەلی (archetype) حوزووریان هەیە، لێکچوونگەلێك لە شەپۆلانی زەینی ئەم دوو کەسەدا پێك دێت ...

باشە، من نەمدیت لە شوێنێك سەبارەت بەمە قسەیەك وترابێ. بە کۆکردنەوە دەڵێم کەشف و دۆزینەوە. لە بەر ئەوەی ساڵانێکی زۆرە لە وەرگێڕانی ژێدەری بایەخداری ئەدەب بێ بەشین و زۆر دوورنییە، ساڵانێکی بەر لە من، لەو وڵاتانە کەسێك ئەمەی گوتبێ و کۆنەی کردبێ. دەبا وەگەڕێینە سەر خودی باسەکەمان. هەتا ئێرە دەگەڵ ئێوەدام کە بۆی دەچێ لە چۆنیەتی کەڵك وەرگرتن لە تەکنیکەکان و شێوازەکاندا لاساییکردنەوەی هەبێ، نموونەکەشی بەمڕۆژانەدا زۆر زۆر و بە ئاشکرا دەبینین، لەو شتەدا کە ئەدەبی پاش نوێخوازیی پێ دەڵێن. من بڕوام وایە پاش نوێخوازی سەرهەڵدان و داهاتی سروشتی نوێخوازییە و گوزارەکانی دژواری ئەو کاریگەریی زۆریان بەسەر تێفکرینی مرۆڤدا هەیە و دەیان

بێ. بڕوام وایە چما کاتێك تیۆر و بیرۆکەکانی دریدا کامڵ ببنەوە، بنەماو بنچینەی بنیاتی گەورەی بڕوا گەل و چەمکەکانی ئینسان لەرزۆك دەکات و بەڵکەم وێرانی دەکەن. لە ڕاستیدا لە پێش ئەوەیدا، ئەم قسانە وەرگێڕدرێنە سەر زبانی فارسی، لە چیرۆکی «ئەو گۆرانییانەی داود لە «با» دا خوێندوونی»، بەگشت ڕەگ و پێستمەوە هەستم پێ کردبوون، برێك یا بەشێك لە کارکردی بنەماکان و بنیاتەکانی زبانی لە خۆیا بوونی تێفکریندا. بەم هۆیەوە گوزارەکانی پاش نویخوازی لەلام زۆر جوان و سەرەکین. بەڵام هەر لێرەدا، ڕاست بە هۆی حاڵیبوون لە گرینگی و بایەخی پاش نوێخوازییەوە دەڵێم و ڕادە گەیەنم کە تاقمێ لە نووسەران و شاعیرانی ئێمە، بابەتەکەیان زۆر ئاسایی و سانا گرتووە و ناسیاوییەکی تێکەڵ و سەرەتایی، لە ڕادەی ڕێوێنییەکانی تیۆرەکانی ئەدەبیان لە سەر پاش نوێخوازی هەیە و گومانەکانی خۆیان بەسەر ئەم گەڕیانەدا دادەسەپێنن. قسەی من ئەمەیە: خۆشەویستان! بریا هەر بەم سووك و سانایییە بایە، کە وانییە. لە ڕاستیدا بڕیار وایە پاش نوێخوازی بە زەبری کوتك و تەور و داسی ئەندێشە ڕەگوڕیشەی تێفکرینی ئوستوورەیی هەڵکەنێ. ئەو کارەی کە نوێخوازی دەروەستی نەهات و بۆی نەکرا و تەنانەت لەم دوایانەدا بووە هاونیشینی تێفکرینی ئوستوورەیی. دەیجا، لە هەمبەری تێفکرینێکی ئاوەها گەورە و گرینگدا ناتوانین بە سانایی و ساویلکەیی داواکاریی زاناییمان هەبێ و بێج لەمانە بەپێی ئەو دادوەری و ڕەخنە بنووسین، دیتوومە ڕەخنەگرێکی لاو، وێڕای تێکەڵکردنی چەند گوزارەی ناکامڵی بارتی یەکەم و دووەهەم. و باختین و دریدا و فوکۆ لە وتارێکدا، زۆر بەبڕشت و بەمتمانەیەکی ئۆستوورەییەوە – کە ناوەکەی دیکەی «جەهلی مورەککەب»ە – لە بۆ ڕۆمان و هەبوون و نەبوونی ڕۆمان حوکم دەردەبڕێ. بۆ وێنە دەڵێ: «ڕۆمان دەبێ پرسیارێك لە بوون بێ»، سەرنج بدەنە وشەی «دەبێ» کاتێ کابرا دیعایەی پاش نوێخوازیی هەیە.

لە لایەکی دیکەوە هەر ئەم لاوە، وەکوو تاقمێکی دیکە، بە هەڵە و تاوان، حوکم دەکات کە زبان و دەق بێ واتان. زۆر گاڵتە جارە. گوزارەی «n واتا داربوونی دەق»ی دەگەڵ بێ واتا بوون بە هەڵە حاڵی بووە. گاڵتە جارتر ئەمەیە کە لە ڕەخنەیەکدا دیتم ڕەخنەگرێکی لاو، لە سەرەتادا ئێخە و بەرۆکی شاعیری گرتبوو و پیێ دەوت، تۆ چەشنێك کار دەکەی کە دەڵێی زبان واتای هەیە «ئەمە تاوانی شاعیرە لە ڕوانگەی ئەم ڕەخنەگرەوە، لە پاشان هەر لەم وتارەدا، لە پاش چەند جار داواکاریی ئەوەی زبان واتای نییە، دیسانەکە ئێخەی شاعیری گرتبوو و دەیوت شیعرەکانی تۆ ئاشنایی سڕینەوەی نییە، بە خودای هەرکەسێ برێك لەم دید و ڕوانگە تازانە بزانێ، لە خوێندنەوەی ئەم شتە تێکەڵوپێکەڵانە و ئەم هەڵە زۆرانە، لە بەر پێکەنین فرمێسکی لە چاوان هەڵ دەقوڵێ. داخوا ئاشنایی سڕینەوە، پێوەندیی بە سەردەمی پێش بیرۆکە «مەرگی نووسەر»ەوە هەیە. پێوەستە بە حەوزەی باوەڕ پێکردنی دروستی دەلالەت و هاو دەنگیی دەلالەت لە زەینی نووسەر و خوێنەردا. لە ڕاستیدا پێوەستە بە سەردەمی ئەو بڕوایە کە دەڵێ واتای دەق شیاوی گواستنەوەیە. ئەمە چ پێوەندییەکی هەیە بە بیرۆکەی «مەرگی نووسەر و **n واتادار بوونی دەق**»ەوە یا لە ڕاستیدا ئەمە دژایەتی هەیە لەگەڵ داواکاریی جەنابی ڕەخنەگر کە زبان بە بێ واتا دادەنێ. بە ڕاستی بەزەیی بزوێنن ئەم چەشنە متمانە کردنانە بە زانستی خۆمان... ئاخە لە بۆ حاڵیبوونی ڕاست و دروست لە «پاش نوێخوازی»، دەبێ لانیکەم لە ″سوو سۆر″ەوە دەست پێ بکەین و بێینە بەرەوە، لە فەلسەفەشدا لانیکەم لە «هایدگەر»ەوە. ئەو هایدگەرەی کە هێشتا زبانی فارسی بەو چەشنەی پێویستە توانای وەرگرتن و وەرگێران و پێشکەش کردنی دەقی ئەوی نییە. لە پاش خوێندنەوەی ئەمانە و حاڵیبوون لەمانە، بەڵکوو بکرێ، زات بکرێ و شتێ بنووسرێ. ئەگینا هەر ئەم بەزمەساتە ناخۆشانەی داواکان و متمانەکانی کەسانی وەکوو ئەم ڕەخنەگرە لاوە

دووپات دەبنەوە، کە خوا بکا ئەم چەشنە ڕەخنانە، لە سنوورەکانمانەوە نەگەنە هەندەران، ئاخە مایەی بێ ئابڕووییە، خراپتر لە خراپە. خاڵی گرینگ ئەمەیە کە پاش نوێخوازی، بە هەموو گەورەیی و دژاوارییەکان و سازە ناسازەکانی خۆیەوە بۆچوونێك یا گریمانەیەکە لە شانی گریمانەکانی دیکەدا. زانست، مێژووی زانست و حاڵیبوونی زانستی ئاوامان فێردەکەن کە: نابێ هەرگیز متمانەی ئوستوورەیی و متمانەی نیۆتۆنیمان لە بۆ بیرۆکەیەك هەبێ. وشەی «گریمانە» کە لە سەر ئەم چەشنە بیر و بڕوایانە دادەندرێ، یان لە سەر هەرچەشنە پێشنیارێکی تێفکرین و ئەندێشە، دەربڕ و ئاخێوەر و ئاشکرا کەرەوەی زۆر قسە و باس و مێژووە. ئاشکرا کەرەوە و دەربڕی ئەو خوێنانەیە کە بە سەر مێشك ویشکییەوە جەڵغەی بەستووە. حاسڵی ئەزموونی زانستە لەو نەزانینانەوە کە بە نێوی زانست و فەلسەفەوە سەریان هەڵداوە لەو کەسانە و گەندەڵبوونەکان و ئەو کاولبوونانەی کە داهاتی ئەم چەشنە ئاڵا هەڵ گرتنە ناجوامێرانانەیە. تازە بەسەر ئەمانەشدا لێی زیاد کە: کێشەی ئەوەی بڕێك زانین تاوانبارانەترە لە نەزانین. من خۆم، ئەو ڕۆژەی کە زەردەخەنەی ڕووناکبیرێکی شاری نیۆیۆرکم لە پاش بیستنی وشەی پاش نوێخوازی دیت، بۆم دەرکەوت کە ئەوانیش ئەم چەشنە تاوتۆێیانەیان بە سەردا تێپەڕ بووە و لێم حاڵیبوو وا باشە کە ئەم قسەو تێفکرینەش پێشنیارێك بێ لە شانی سەردان پێشنیاری دیکەدا دای بنێین، بازۆریشمان خۆش بوێ. هەر چەندەش لەگەڵ هەست و بارودۆخ و کەشوهەوای جەوانی و گەنجیی ئێمە لەم سەردەمی پاش شەڕ و بڵاوبوونەوەی سروشتی «نهیلیزم»ەدا هاودڵی و هاودەنگیی هەبێ و تەنانەت هەرچەندەش دەگەڵ «شیزوفیرنی»، باوی بە نێوی هونەرەوە تێکەڵ بووبێ. هەر لەم بەستێنەدا، دەگەینە چیرۆکەکان، باشە من زۆر دەیسەلمێنم کە نەبوونی «حەتمی بوونی»ی ڕاستەقینە یان ڕەها نەبوونی

ڕاستەقینە یان لانیکەم حەتمی نەبوونی ڕاستەقینەی چیرۆکی بەستێنێکی دابین کراو و هونەرمەندانەی ئەمڕۆینەیە. ئاماژەم کردووە بۆ چیرۆکی «ئەو گۆرانییانەی داود لە «با» دا خوێندوویەتی»، کە لە بەر ئەوەی دەگەڵ کۆچیرۆکی «هەشتەمین ڕۆژی زەوی» دا لە چاپ دراوە، لە ژێر سێبەری چیرۆکی «هەشتەمین ڕۆژی زەوی»دا ون بوو و سەرنجی نەدرایە – دیسان لەم چەمکی حەتمی نەبوونی ڕاستەقینە نێزیك بوومەتەوە. لە ڕاستیدا بە پێی بیرۆکەی فیزیکی «هایزنبێرگ» بۆ خۆم زاراوەی حەتمی نەبوونی ڕاستە قینەی «چیرۆکیی»م چێ کردووە و نازانم کەسێکی دیکە لەوە پێش ئەمەی کردووە یان نا؟ دەمەوێ ئەمانە بڵێم، هەتا ئەو کەسەی وا لەم قسانە قەڵس دەبێ و خۆی پێ بەردەنگی ئەم ڕەخنەی ڕەخنەییەیە، ئەو بوختانەم لێ نەدا کە من دژ بە پاش مۆدێرنیزمم. لە چیرۆکی «کات» دا سێ گێڕانەوەی جیاواز لە ڕووداوێك هەیە، کە جار و باریش دژ بەیەکن. لە شانی یەکدیدا، هاوتەریب و یەك قرتێنەر. لە چیرۆکی ئەو «گۆرانییانەی داود لە «با» دا خوێندوونی»، قسەی ئاخێوەری چیرۆك ئەمەیە، گۆڕینی وشەیەك دەتوانێ چارەنووس و تواناییەکانی چیرۆکێك بگۆڕێ– چما ئەم کەرامەتە هەیە لێ بکۆڵنەوە کە هەر ئەم ڕستەیە و واتاکەی، بووەتە بابەت و هەوێنی چەند چیرۆکی کۆپیکراو لە ڕووی کارەکانی منەوە... – لێگەڕێین... بەڵام بەم فیکرانەوە، دەڵێم چیرۆکی پاش نوێخوازی، ئەوەنییە کە بەردەوام و خێرا خێرا نووسەر بێتە ناو چیرۆك و دەگەڵ کەسێتییەکانی چیرۆکدا قسەکانی بارتی دووهەم و دریدا و فۆکۆ کاوێژ بکاتەوە. زۆر لەم کارانە باشتر، لە دەیەی هەشتا و تەنانەت دەیەی حەفتای زاییندا، لە ڕۆژئاوا کراوە. ئەوا بڕێ لەمانە تازە لە کۆوارەکانی ئێمەدا لە چاپ دەدرێن و وەردەگێڕدرێنەوە. لە ڕاستیدا هەر ئەم کردەی هاتنە ناو چیرۆکی نووسەر، یان قسەکردنەکەی دەگەڵ کەسێتییەکان ئێدی کۆن و شیتاڵ شیتاڵ بووە.

ناوم ناوە حاڵەت، نەك شێواز، لە بەر ئەوەی کار و داهێنانێکی زۆر گرینگ نییە و کۆپیی ئێرانیی ئەم حاڵەت یا تەکنیکە «هەرە زۆر» کەڵکی لێ وەردەگرن. زۆریان هەر نەبوونەتە چیرۆکی هونەری و چیرۆکی فانتازیان. چما سەرنج بدەنە جیاوازیی ئەم دوو چەشنە چیرۆکە «هونەری و فانتازی» کێشەکە ڕوون دەبێتەوە. لە هەر دۆخێکدا، هێشتا هەر لە وەڵامی پرسیاری یەکەمتان دام و دەڵێم کە لێرەدا، هاودەنگ دەگەڵ قسەی ئێوە، دەڵێم کە ئەم کارانە – نەك ئەو چیرۆکە ڕاستینانەو هونەرمەندانانەی کە لەم ساڵانەدا، کەم بەڵام نووسراون – دووپات بوونەوەن. کۆ چیرۆکی «کتێبخانەی بابل»، بەرهەمی بۆرخێس بخوێننەوە و دەگەڵ فۆتۆکۆپییە ئێرانییەکانیدا بەراوردیان کەن– کە مەستانە وەکو ئەو عارەبەی کە ئاوی گۆلە سوێرەکەی دەبرد و دەیڕشتە دیجلەوە– گوزارە تیۆرەکانیان کردووەتە چیرۆك و بۆ وێنە قسەی تەواوی چیرۆکەکانیان ئەمەیە کە دەق واتایەکی نییە و نووسەر حەیرانە لە هەمبەری کردەی کەسێتییەکانی چیرۆکەکانیدا. نێوەکان و نموونەکان زۆرن، کۆندیرا نموونەیەکیەتی. ئاستۆریاس چیرۆکێکی هەیە کە لەودا کەسێتییەکانی چیرۆکەکانی نووسەر لە سەر گۆڕەکەی وەکو بوونەتەوە و باسی نووسەر «ئەو» و چیرۆکەکانی دەکەن. ئەم نموونانە زۆرن، بە چەشنێ کە دەڵێی هەر نووسەرێ، کەموزۆر، لە کۆی بەرهەمەکان و داهێنانەکان و تاقیکارییەکانیدا، یەك دوو دانە لەم ئەزموونانەی کردووە. بەڵام ئاوا دەنگۆ بڵاو بووەتەوە و هەر ئەمەیە و جگە لەمە هیچ کە لە ئێراندا، بۆ وێنە چیرۆکی «ئاغای نووسەر تازەکارە» بەرهەمی بارام سادقی وە یاد دەهێنێتەوە. دووپاتی کەمەوە کە حیسابی ئەو چیرۆکە ڕاستینە و جوانانە کە نووسراون دەبێ لە زنجیرە دراما سازاندن و کۆپیکارەکان جیا کەینەوە. ڕێز و بایەخی کاری ڕەسەن، لە نێوان دەیان کلێشەو کۆنە نوێندا، دەمێنێتەوە و لەم چەشنە داستانانەمان هەیە...

بەم پێیە خودی شێواز و تەکنیکەکان، جیهانی زبان و ئەدەبن. هیچ فەرهەنگ و نەتەوەیەك ناتوانێ داواکاریێ کە بۆ وێنە تەکنیکی فلاش بەك، یان شەپۆلانی زەین، یان حوزووری نووسەر لەدەقدا ئی ئەوە، لەبەر ئەوەی یەکەمجار و زۆرتر نووسەرانی ئەم فەرهەنگە یا ئەو نەتەوەیە دەکاریان کردووە. بەڵام چەشنی کەڵك وەرگرتن لەم شێواز و تەکنیکانە دا... بەڵێ، لاساییکردنەوە هەیە و زۆریش هەیە. ئێستا با بڕۆینە سۆراغی پڕۆسەی شەپۆلانی زەین کە خودی من لانیکەم لە ڕۆمانی «دڵی دڵداری»دا کەڵکم لێوەرگرتووە، ئێمە ناتوانین تاریف و وەسفێکی ڕاست لە ڕەوتی شەپۆلانی زەین بەدەستەوە بدەین! بۆچی؟ لەبەر ئەوەی پڕۆسەی شەپۆلانی هۆش، پەیوەندیی بە حاڵەتی بەر لە وتەی زەینەوە هەیە، ئەو حاڵەتە لە زەیندا کە تێفکرین یان بابەتی فیکری یا تەنانەت هەست، دەچێتە ژێر یاسای زبانەوە یانی دەیسەلمێنێ کە نۆرم و ڕێزمانی زبانی بپارێزێ و دەیسەلمێنێ کە وشە دەور دەگێڕێ.

ع: یانی بەم پێیە ڕێگەیەك بۆ ناسینی ڕەوتی شەپۆلانی زەین نییە؟

م: ڕەوتی شەپۆلانی زەین تەمومژاوی و لێڵە. پێوەندیی بە شوێنێکەوە هەیە کە ئێمە ئاگاداری و زاڵبوونی زبانیمان بە سەریەوە نییە. بە ڕای من ئەم پڕۆسەیە بەردەوام لە زەینی ئێمەدا دێ و دەچێ و دەخوشێ و چەشنێك، حوزوور و ئامادە بوون لە خودی ناهۆشیاریی ئەم شتەیە: خودی ناهۆشیاریی زبانی...

ع: ئێوە چما بتانهەوێ ئاماژەیەك بۆ چیرۆکەکانی خۆتان بکەن، کامیان بۆ نموونە دێننەوە؟

م: بۆ وێنە لە چیرۆکی «کات»دا، لەبرێ لەم شێوازەم، کەڵك وەرگرتووە. لە چیرۆکی «کات»دا، زەینی ئەو کەسەی وا لە «عەمار ئاو» دا خۆی حەشارداوە، لە نێوان تاك بێژی دەروونی و پڕۆسەی شەپۆلانی زەیندا لە

جموجۆڵ دایە. لە ڕۆمانی «دڵی دڵداری»دا، زۆرترین کەڵکم لەم شێوازە وەرگرتووە. یانی لە نێو دەقدا، لە برێ شوێندا، ڕاستەوخۆ چوومەتە نێو زەینی کەسێتییەکانەوە و، جگە لە تاك بێژیی دەروونی ئەوان، شەپۆلانی زەینیشیانم بە وشە نووسیوەتەوە. خاڵی گرنگ ئەمەیە کە ئەو کاتەی کەسێتییەکان جیاوازان، سروشتی ئەوەیە کە هەروەك وتەی ئەوان، گوتارەکانی دەروونیشیان دەبێ لە بابەت یاساو نۆرم و فەرهەنگی وشەوە جیاواز بێ. بەڵام لە کاتی نووسینی ڕۆمانەکەدا، خاڵێکی گرنگتر و لە پاش ئەوەم دۆزییەوە. دیسانەکەش ئەم بابەتەم لە هیچ شوێنێکدا نەبینیوە و بەڵکەم داهێنانێکی نوێ بێت. ئەویش ئەم شتەیە: بەپێی یاسا، ناوەندی پێش وتەیی زەینی «کەسێتی»ش دەبێ خاوەن دوو بەش بێت، وتم باشە بێت و ناوەندی پێش وتە ئەو بەشەیە کە لە ناوچەی خودی ناهۆشیاریی زەینیی کەسێتیدایە، دەسا لێرە دا جگە لە خودی ناهۆشیاریی تاك، خودی ناهۆشیاریی کۆییی تاکیش حوزوری هەیە. بەم پێیە، هەر بە پێی وەسفی خودی ناهۆشیاری کۆ، زەینی مرۆ، بە هەر کەسێتییەکەوە، لە سەر مەرجی هاوبەشیی عەشیرەتی و خێڵەکی، لەگەڵ یەکدیدا لێکچوونێکی زۆریان دەبێ. ئەو لێکچوونانەی کە هەبوونیان لە حوزووری نموونە ئەزەلییەکاندا لە لایەنی خودی ناهۆشیاریی کۆوەیە. بەم چەشنەیە کە دەتوانین شەپۆلانی زەینیی پیاوێکی وەکو کاکایی لەو کاتەدا کە لە بەستێنی فەرهەنگی وشەیی و وێنەیی ئەودا لە جموجۆڵدایە، لە شوێنی وەیاد هاتنەوەی خودی ناهۆشیاریی خێڵەکیی ئەودا دەگەڵ بەستێنی شەپۆلانی زەینی پیاوێکی وەکو داود، هاوتەریب کەین، بەو مەرجەی کە لە وەیاد هاتنەوەکانی خودی ناهۆشیاریی خێڵەکیی داود نێزیك بوو بێتەوە. یانی، بۆ وێنە بورجی بابل هەم لە زەینی کابرایەکی «گاڵش»دا سێبەری هەیە «لە بڕواکانی ئاینی ئەوڕا و لە برێ هۆی دیکەی خودی ناهۆشیاریی خێڵەکی ڕا»، هەم لە زەینی ڕووناکبیرێکدا. گوڵشیری مەزن

لـە کـۆڕی ڕەخـنـەیـی و لـێدوانـی «دڵـی دڵـداری»دا، لـە هـۆڵـی گـۆڤـاری «کارنامە»دا وتی: «ئەم ڕۆمانە لە سنووری شاکار دایە»، ڕەخنەکەیشی هەر سەبارەت بەم پڕۆسەی شەپۆلانی زەینیی و بارستاییی ئەوان بوو. دڵم پێوە نەبوو لەمەودایەکی نێزیك چاپ بوونی ڕۆمانەکە، ئەو بابەتە بدرکێنم. لە پاش کۆڕەکە، لە شانی خێزانی دانیشتبوو چووم و چۆنیەتی ئەم لێکچوونانەی وتەی زەینیی دووکەسێتیی جیاوازم بۆ باس کرد، تەماشایەکی کردم و بێدەنگ ما. نازانم بڕوای کرد و سەلماندی، یا بڕوای نەکرد. مەخابن، ئیدی ببڕاببڕ ئەم دەرفەتە نەڕەخسا بۆم تا نموونەکانی پێ نیشان دەم، مەخابن لە کیس چوو...

بەڵام سەرەڕای هەمووی ئەم قسانە، نابێ لەیادمان بچێتەوە کە ئەسڵی پڕۆسەی شەپۆلانی زەین، ناتوانرێ بنووسرێتەوە.

ع: هەر بەهۆکاری نەبوونی زانیاری و نەناسینەوە؟

م: بەڵێ، لەبەر ئەوەی لە شوێنێکدا دەقەومێ کە ئێمە سەبارەت بەوێ زانیاریەکی زۆرمان نییە. بەم پێیە نووسین، سەبارەت بە ڕەوتی شەپۆلانی زەین، بە چەشنێکی تەواوەن بە ئەمەك و وەفادارانە بەم پڕۆسەیە نابێ و ناگونجێ، مەگەم نووسەر بکەوێتە دۆخێکی تایبەتەوە، دۆخ و حاڵەتێکی وەها کە بڕێ جار شاعیر یان بەگشتی هەرکام لە ئێمە بڕێ جار ئەزموون و تاقیمان کردووەتەوە...

ع: وای بۆ دەچم مەبەستتان ئەو دۆخ و حاڵەتەیە کە «شو هوود»ی پێ دەڵێن؟

م: بەڵکەم وابێ، بە هەر حاڵ حاڵەتێکی تایبەتە کە تاقمێ ناوی «شوهوود» یان لێ ناوە. لەم حاڵەدا نووسەر دەگاتە نووسینی ناهۆشیارانە، یانی هێزی ئەو «منی بەرزتری زبانی»یەی وەلادەنێ و قەڵەمبازێك ئەدات بە سەر کاتی پێش لەوتەی زەینی کەسێتی

چیرۆکەکەی دا. بۆ گەیشتن بە حاڵەتێکی ئاوا، پێویستە نووسەر لە پێشدا دەگەڵ کەسێتیی چیرۆکەکەی ببێتە جەوهەر و زاتێك و لە پاشان بگاتە پلەی شوهوودی «بیرگەیی، زبانی» و نووسینەوەی ناهۆشیار وەکارکەوێ، کە ئەم حاڵەتە بە گومانی من زۆر دەگمەن وکەمە.

ع: بۆچی؟

م: لەبەرئەوەی زۆر چەتوون دەتوانرێ ئەم «منی بەرزتری زبانی» یە کۆنترۆڵ بکرێ. هەر نووسەرێ کاتێ ڕەوتی شەپۆلانی زەین دەنووسێ، یاسا و ڕێسا و شێوازێك بۆ خۆی دادێنێ و لە سۆنگەی ئەمانەوە وا دەنوێنێ کە ئەم وشانەی دەخوێندرێنەوە، ڕەوتی شەپۆلانی زەینیی فلانە کەسێتی چیرۆکن. سووریالیستەکان لە زەمەنی خۆیاندا تێکۆشان بەم شتە بگەن، کە ئەڵبەت ئەم شێوازە زۆر جار ناکرێ. نەك بڵێین هەرناکرێ و نابێ، دژوار و چەتوونە منی بەرزتری زبانی کەرو کوێرکەین. بەم پێودانگە زۆربەی ئەو نووسراوانەی بە نێوی ڕەوتی شەپۆلانی زەینەوە دەنووسرێن، لە ڕاستیدا وانواندن یا لە ڕواڵەتی پرۆسەی شەپۆلانی زەینن. لە ناوەندی پێش وتەی زەیندا، ڕستە هەبوونی نییە، ئەوەی لەوێ هەیە، چما هەست ئامێز بن، بێتوو چەمکێك بن، هێشتا نەچوونەتە ژێر ڕێسا و نۆڕمی زبانەوە. بەڵکەم بتوانین حاڵەتی ئەو کەرەسەیانەی لەم ناوەندە دا وەکۆبوونەتەوە، دەگەڵ حاڵەتی چوارەمی «مان»، بەیەك بچوێنین. چەشنێك حزووری بەرچاو و بەکێش کە ئامادەی گۆڕان بۆ زبانە. بەڵام بۆ وێنە لە ڕۆمانی «هات و هاوار و تووڕەیی»دا تەماشادەکەین «بێنجی لە زەینیدا ڕستە دەڵێ یان «کۆئنیتن» ڕستەی کامڵ و تەواو لە نێو ئاژاوەی وشەو گوزارە کانیدا دەردەبڕێ. بە هەرحاڵ هەر نووسەرێك بۆ کاریگەری ڕەوتی شەپۆلانی زەینی کەسێتیی چیرۆکەکەی قەول و قەراری شێوازێك لەگەڵ خوێنەرەکەی دادەنێ.

ع: دەسپێکی ئەم گەڕیان و پڕۆسەیە بۆ وێنە لە «جویس و ویرجینیا ئۆڵف»ەوە دەزانن کە ئەڵبەت ئێمە هێشتا نەمانتوانیوە «ئوولیسووس»ی جۆیس یا وەرگێڕانی سەرکەوتووی ئۆڵف بخوێنینەوە...

م: ئەڵبەت... بەڵام میلان کۆندێرا، شوێنی ئەم پڕۆسەیەی لە «ئاناکارنینای» تالستۆی/ شدا دۆزیوەتوەوە. لە کۆندێرا دەگێڕنەوە: ئەو جێگەی ئاناکارنینا بەڕێ دەکەوێ و بە شوێن یارەکەیدا دەگەڕێ زۆر وەکو پڕۆسەیەکی شەپۆلانی زەین وایە، لەم دیمەنەدا گێڕەرەوە «ئاخێوەر»ی چیرۆك، جیهان خێراخێرا لە چاوی «ئانا»وە تێکەڵ دەگەڵ هەستەکانی ئەو وەسف دەکات. ئەمە هەمان دیمەنێکە کەکۆتاییەکەی دەگاتە دانیشتنی ئانا لە بەر شەمەنەفەرەکە و خۆکوشتنەکەی.

ع: بەم چەشنە دەبێ تاکبێژیی کەسێتییەکانی شێکسپیریش ئاوا دابنێین.

م: نا، ئەوان هۆشیارانەن. تاکبێژی شانۆیین. گێڕانەوەی وتەی کۆندیرام بۆ ئاگاداری وت. حەتمەن ئەویش مەبەستی ئەمە نەبووە کە ئەو وێنە یەکبەدوای یەکانەی تالستۆی لە پلەی زانای گشتیدا لە نێزیکەی کۆتاییی «ئاناکارنینا»دا پێشکەشی دەکات، بە وردی ڕەوتی شەپۆلانی زەینە. بە هۆی جیاواز بوونی چەشنی کردە دەگەڵ وێنەدا لەو چەند لاپەڕەیەدا، جۆرێك نێزیکی لە یادەوەریی واتایی و یادەوەریی وێنەیی کە بنچینەی شەپولانی زەینن، دەبیندرێ... بەڵام جۆیس چی دەکات؟ ئەو تەکنیك گەلێکی لە بۆ دیسانەوە نواندن داهێناوە یان دەکار کردووە، وەکو لەم چەشنە: نووساندنی وشەکان بە یەکدییەوە، یان پێکەوە نووساندنی پاژگەلێ لە وشە جیارازەکان بەیەکەوە. بۆچی؟ من بۆ پێشاندانی بیرگەی ئینسانی کە سەرچاوەی شەپۆلانی زەینە. مۆدێلێکم ساز کردووە. دەڵێم گۆیەك کە لە نێوەوە بە هۆی چەند لەتکێکی گچکەوە ئاوێنەکاری کراوە،

بێننە بەر زەینتان. بەسەر هەرکام لەم ئاوێنانەوە وێنەی بیرەوەرییەکی ئێمە چەسپاوە. ئاوێنەکان، وێنەکانیان بەسەر یەکدا دەنوێننەوە. یانی بە هەر ئاوێنەیەکەوە، جگە لە وێنەی پێویست بە خۆیەوە، وێنەی سەدان ئاوێنەی دیکەش کە لە سووچی وێنە نواندنەوەی ئەودان، دووبارە دەنوێننەوە. ئێستا چما لە ناوەندی ئەم ئاوێنەدا ڕاوێستین، بە چەشنێکی کە تەنانەت سەرێ و خوارێیەکیش لە گۆڕێدا نەبێ، دەڵێی لە چەشنی وێنە، لە ناوەندی بیرگەماندا ڕاوەستاوین. داخۆ هیچ کاتێ لە ئاوێنەکاری ساپیتکی گومەزی شوێنە پیرۆزەکان وردبوونەتەوە؟ سەدان لەتکەوێنەی خۆمان، لە ئەوێتە جیاوازەکاندا دەبینین. دۆخی ئێمە لە ناوەندی بیرگەماندا بەم چەشنەیە بیرەوەرییەکانمان سەربەخۆ و جیاواز لە یەکدی، لە بیرگەدا، ئارشیڤ نەکراون. وەیاد هاتنەوەی بیرەوەریگەلێکی دیکەی لەگەڵدایە. هەر لەم سۆنگەوەیە کە ڕەوتی وەیاد هاتنەوەی واتایی یان وردتر بڵێین وەیاد هاتنەوەی وێنەیی پێکدێ. بۆ وێنەی وای دانێن بەسەر بیرەوەری یەکەم ڕۆژی چوونە قوتابخانەی مندا، بیرەوەری بۆنی بەهارنارنجی بیرەوەرییەکی هەژدە ساڵانەی خۆمی تێکەڵە و هەروەها بیرەوەریی ئەو کەسەی کە کتێبی «هەشت کتێب»ی سۆهرابی سپێهریی پێشکەش کردووم. ئێستا کاتێ من لە دۆخی شهوودی، شەپۆلانی زەین دام و چاوی خودی ناهۆشیارم بەسەر ئاوێنەی بیرەوەریی چوونە قوتابخانەمدا ورد دەبێتەوە و وێنەکانی ئەو بەرە و سنووری ئاوێنەی خودی هۆشیارم دەنێرێتەوە، لە نێوە ڕاستی کاردا، بۆنی بەهار نارنجیشم وەبیر دەکەوێتەوە و دەچمە تەمەنی هەژدە ساڵیمەوە. خودی هۆشیار یا خودی ناهۆشیارم یا لە سنووری نێوان ئەم دووانەدا – لە پاشانیش بە یادی دێڕێ لە شیعرێکی سۆهراب سپێهری دەکەمەوە و بیرەرەوەریم سەبارەت بەوکەسەی کە کتێبەکەی وەك دیاری پێ داوم، وەخەبەر دێت لە حاڵێکدا بەسەر ئەم بیرەوەرییەشدا دەنگدانەوەی دەیان، یان بەڵکەم سەدان

بـیـرەوەریـی دیـکـە هـەبـوونـی هـەیـە. جـا ئێـستـا وەیـاد هـاتـنـەوەی سەدان بـیـرەوەری بـەسـەرەوە یـاد هـاتـنـەوەی سەدان بـیـرەوەری دیـکـەداو، چـوونـە سەرێـی حیسابی و چوونە سەرێی هەندەسەیی، ئەوان پێکەوە لێکدەنەوە، هەتاکو و ئاڵۆزکاو بوونی میلیاردی و چەندایەتیی گەردوونیی ئەوان هـەست بـکـەن. ئـەمـەیـە ساز و کـاری بـیـرگـە و شەپـۆلانـی زەین، ئێمـە لـە ناوەندی گۆیەکدا سەر گەردانین و لە هەر ئاوێنەیەکی گچکەدا وێنەی سەدان ئـاوێنەی گچکەی دیکە دەبینین و هـاوتـەریب بوونی ئـەم ئـاوێنانـە، هەتا بێ ئەژمار وێنە پێك دێنێ. بڵێی بەم زبانە بێ توانا و بێ شان و شکۆیە، کە پسکە و لەوەش گرنگتر، ئایا بە زبانی هێڵی و ئاسۆییمان دەتـوانـیـن وەیـادهـاتـنـەوەی هـاوکـاتـی زۆر بـوونـی بـەرە و بـێ ئـەژمـاریـی ئەمانە دەربڕین و بیگێڕینەوە؟ نا. بەم پێودانگە ئەگەر جۆیس دوو پاژی دوو وشە پێکەوە دەنووسێنێ گویمان تاقە نواندنێك لە حەوادانی مەودای کاتی و مەودای شوێنیی دوو بیرەوەریی دەوێ، دەربڕێ بیگێڕێتەوە. بەم گریمانەیەوە کە بۆ وێنە هەر وشەیەك دەتوانێ ئاماژە یان ئاخێوەر یان نیشانە یان نوێنەری بیرەوەرییەك بێ، ناتوانین چما لە بەشی تیۆری چـیـرۆکدا، لـە بـابـەتـی وەرگێڕان و نـووسـیـنـدا ئـەمـەنـدە هـەژار نـەبـایـەیـن، پێویست نەبوو من و تۆ، کاتی خۆمان تەرخانی وتنی ئەم باس و خواسە بـکـەیـن. بـەڵام لـە کـۆڕی پـرسـیـار و وەڵامـدا دیـتـوومـە لاوەکـانـمـان چـەنـدە تـیـنـووی ئـەم چـەشـنـە ئـاگـادارییـانـەن. بـا لـێگـەڕێین و بـڕۆیـنـەوە بـۆ سـەر باسەکە. لە درێژەدا، ئەوەش دەبێ بوترێ کە تیۆری بیرۆکەیە: دەڵێ: ڕەوتی شەپۆلانی زەین لە چەشنی وێنەگرتن و وێنە نواندنی بە ئەستۆوە بێ. بەڕای من ناکرێ و نابێ ئاوەها حوکم و ئەمر دەربڕین، بیرەوەرییەکانی ئێمە هەم وێنەیین و هەم لە چەشنی چەمك و واتان. چما لە نێو ئەواندا بۆ وێنە ڕستەیەك وا لە کتێبێکدا خوێندوومانەتەوە، یان وتەی کەسێکی دیکە و خۆمان هەبوونیان نییە؟ دەیجا ڕستەکان و چەمکەکانیش لە نێوان

شەپۆلانی زەینەوە تەشەنە دەکەنە دەرێ، پێوەندی بەکەسێتیی خەڵکەوە هەیە کە یادەوەرییەکانی و ئەو شتانەی لە بەریان دەکات چۆن و لە چ جۆر و چەشنێ بن. بابەتێکی دیکە لە شەپۆلانی زەیندا، «زەمان»ە، چەمکی هەمیشەیی بوون و بەردەوامی لە بیرگەدا، کورتبوونەوەی بیرەوەری لە زەمەنی ڕۆژژمێر و ساڵژمێردا، هاوکات بوونی ئەو بیرەوەرییانەی کە مەودا و نێوانی درێژی زەمەنیان لە نێواندایە و لەم چەشنانە، بێرگسۆن هێناویەتە گۆڕێ و یەکەم چیرۆك نووسانی چیرۆکی زەینی، ئەم کاریگەرییەیان لەو وەرگرتووە. سەبارەت بە زەمەنی ڕۆژمێریانە و زەمەنی گەردوونی و زەمەنی هەست و زەمەنی چیرۆکی، وتارێکم نووسیوە. سێ بابەتی یەکەمم بە کەڵك وەرگرتن لە بیر و بڕواکانی بیرگسۆن، وەسف کردوە و دوایین بابەتیشم بە پێی چەشنێکی تایبەت لە زەمەن، کە بەرهەم و داهاتی گێڕانەوە و هەڵقوڵیوی بنەماخوازیی گێڕانەوەیە، لێ زیاد کردوون. زەمەنی بیرەوەرییەکانی ئێمە چما لە بابەت زەمەنی ڕۆژ ژمێریانەوە بەقەرا یەك بن، لە بابەت قورساییی هەستەوە قورسی و سووکیی تایبەتی خۆیان هەیە. بۆی دەچێ بیرەوەرییەکی دە دەقیقەیی لە بیرگەی ئێمەدا بەردەوامیی بیرەوەرییەکی یەك ڕۆژە یان دە ڕۆژەی هەبێ و بگرە بتوانێ چڕبوونەوەیەکی زەمانی بەسەر ئێمەدا داسەپێنێ. لە ڕەوتی شەپۆلانی زەیندا، نووسەر دەبێ وانمودە «دیسان نواندنەوە»ی ئەم دۆخ و حاڵەتە لە بەر چاوی بگرێ. یەکێ لە ڕێگاکانی چارەسەرکردنی ئەم کارەم، پێ کەڵك وەرگرتن لە زەمانی ڕابردووی نەقڵی یان هەمان زەمانی ئێستای کامڵی ئێنگلیزییەو ئەزموون و تاقیم کردووەتەوە. هەم لە بۆ پشاندانی چڕبوونەوەی زەمانییەکی زیاتری بیرەوەرییەکی و هەم لە بۆ بەیادهێنانەوەی بەردەوامی درێژ بوونەوەی ئەو لە زەینی کەسێتیی چیرۆکدا. فرمانی (فعل) ڕابردووی نەقڵی لە خۆیدا، ئەم دەلالەتەی هەیە کە کارێك یان ڕووداوێك لە ڕابردوودا قەوماوە و کاریگەرییەکەی هەتا

ئـەم زەمـانـە مـاوەتـەوە. بـەم پێیـە نـاڕاستـەوخـۆ بـەردەوامـیـی بـیرەوەریـی کەسێتیی چیرۆك بۆ زەینی خوێنەر – کە بە فرمانی ڕابردووی نەقڵی گێڕدراوەتـەوە – دەگـوازرێتـەوە... سـەردەمێك ئـەم چـەشنـە تـەکنـیکـانـەم لە چیرۆکەکانمدا زەق دەکردەوە، بەڵام دواتر بۆم دەرکەوت ئەمە هەمان کارێکە وا فۆرمـالیستـەکان پێی دەڵێن «ڕووت و قووت کردنـەوەی تـەکنیك»، بەڵام لە ڕۆمانی «دڵی دڵداری»دا، تا ئەو جێگەی توانیومە گشتی ئەم وردەکارییانەم حەشار داوە. زۆرن، لە پرۆسەی شەپۆلانی زەینەکاندا، لە جۆراوجۆریی گۆشەنیگاکان و شێوازەکانی گێڕانەوەدا. تەنانەت ئێستا بڕێکیانم لە یاد چووەتەوە بە هەر حاڵ، ئەمانە شێوازگەلێکن کەنووسەر هەڵیان دەبژێری، یان دایان دەهێنێ، هەتاکو و هەستی خوێنەر بۆ چیرۆك بچێتە سەرێ و زیاد بکا. هەر لەم ڕەوتی شەپۆلانی زەینەدا شێوازەکانی وانـمـوودە سازی «دیسان نـوانـدنـەوە» کـە نـووسـەر هـەڵـیـان بـژێرێ، بـەم مەبەستەوەیە کە هەستی شەپۆلانی زەینی کەسێتیی چیرۆك و وێنەکەی ئەو لە زەینی خوێنەر دا پێك بێ.

ع: ئەم هەستەش دەروونییە. چیرۆکی سەلەفی سەرنجی بۆ دەرەوەیە، کە چی چیرۆکی نوێ و بەتایبەت چیرۆکی شەپۆلانی، دەروونخوازە، لە ناوەوە دەکۆڵێتەوە. بڵێی ئەم تایبەتمەندییە نەبووبێتە هۆی گێڕانەوە لە سێهەم کەسەوە بۆ یەکەم کەس؟

م: ناتوانێ یاسا و ڕێسا بێ. لەماوەی ساڵانی شەست هەتا حەفتای کۆچیدا (هەشتاکانی زایینی) هەمیشە وام بیردەکردەوە کە چیرۆك دەبێ حەتمەن فۆرمە سەلەفییەکان بشکێنێ. چیرۆکی مۆدێرن، ئەو چیرۆکەیە کە لەودا دەوامە و بەردەوامبوونی هێڵی و ئاسۆیی هەبوونی نەبێ و ئەم حـوکم و یـاسایـانـە کـە هـەمـوومـان سەبـارەت بـە چیـرۆك دەیـڵێین، یـانـی دەڵێین، چیرۆك دەبێ حەتمەن «زەینی» بێ و «عەینی» نەبێ. بەڵام لەم ساڵانەدا گەیشتنە ئەم ئاکامە کە بۆچی دەبێ یاسا و ڕێسا بۆ هونەر

دابنێین؟ زۆرکات لە زەینی ئینسانی مۆدێرنیشدا ڕووداوەیەك بە چەشنێکی هێڵی دێتەوە یاد. ئەوەی لە چیرۆکی مۆدێڕندا گرینگە، بە ڕای من ژێرخان و ژێربینای ئەو چیرۆکەیە. چیرۆکی نووسەرێك کە تێفکرین و تێڕامانی مۆدێڕنی هەیە، لە سەلەفیترین قەوارەشدا هەمدیس چیرۆکێکی مۆدێڕنە. لە شیعر نموونە بێننەوە. لە پاش «نیما»، شاعیرانێ هاتن و فۆڕمی نوێی نیمایان وەرگرت، تەنانەت کێشی عەرووزیشیان لابرد و شیعریان لە قەوارەی نوێدا هێنایە مەیدان، بەڵام کاتێ لە قووڵاییی ئەم شیعرانە دەکۆڵینەوە، تەماشا دەکەین هەمان جوانی ناسینی هاوقەڕینەی کۆنە و هەمان چەمك گەلی ئوستوورەیی قەدیمی لە وانەدا لە شەپۆلاندایە، لە پاشان کە وە شوێن ژیانی ئەم کەسانە دەکەوین، تەماشا دەکەین لە ئاخری تەمەندا هەمیسان گەڕاونەتەوە سەر قەسیدە و غەزەلی قەدیم. لە بۆ ناسینی بەرهەمێکی هونەری و دادوەری سەبارەت بەوی، نابێ سەرنج بدەینە ڕواڵەت. دیتوومە بۆ وێنە خوێنەرێکی تازەکار لەگەڵکوو دەقی کۆنەی لە نێوان دەقی داستانێکدا دیتووە، دادوەری کردووە کە ئەم چیرۆکە مۆدێڕن نییە. یا تەنانەت ڕەخنەگرێك، هەر بەدێتنی سی چڵ لاپەرە گێڕانەوە لە گۆشە نیگای سێیەم کەسی سنوور دارەوە لە ڕۆمانی «دڵی دلداری»دا وای هەڵسەنگاندبوو کە ئەم ڕۆمانە پاش مۆدێڕن نییە! بێ خەبەر لەوەی هیچ بۆی دەرنەکەوتبوو کە لەم ڕۆمانەدا چەندان گۆشەنیگا و ڕوانین، ڕەوان و شەپۆلان و هاوتەریب کراون و گێڕانەوە بەنۆرە پێك دەسپێرن. لەمەش گرینگتر بۆی دەرنەکەوتبوو گۆشەنیکای سێیەم کەسی سنووردار، بە پێچەوانەی هەمیشە لە دڵی یەکەم کەسیدایە و یەکەم کەس دەیگێڕێتەوە کە سێیەم کەس یان «بەدەڵ»ی زانای گشتی چی بڵێ و چی نەڵێ. برێ لە بیروڕا دەربڕینەکان درەنگ دەگەنە ئێران، لە پاشان لە ئێران دا دەبنە تابۆ و یاساو حوکم. لە حاڵێکدا، لە ڕاستیدا، لە بناغە و بنچینەدا، ئەمانە تاقە هەر بیروڕا یەك بوون. لە پاشان لێرە

کەسانێ پەیا دەبن و لەو کەسەی ئەم بیرو ڕایەی هێناوەتە گۆڕێوە، قیرسیچمەتر و توند و تیژتر پێداگری لەسەر دەکەن، ئەمەش لە حاڵێکدایە وا لە ڕۆژئاوا دا ساڵەهای ساڵە ئەم بیرو ڕایە وەلانراوە، ئەمانە ئاکام و تاواندانەوەی ژین و ژیان و نووسین لە جیهانی سێیەمدایە. بە هەر حاڵ بۆ دۆزینەوەی مۆدێرن بوون یا پۆست مۆدێرن بوونی شێعرێك یا چیرۆکێك، خودی ژێر ساختەکانی بەرهەم دەبێ شیکاری کرێ گریمان چیرۆکێك هەبێ کە لەو چیرۆکەدا، باوکێك کوڕەکانی مەجبوور دەکا هەتا لە بینای کۆنەی باو باپیرانیاندا ژیان بەرنەسەر، سەبارەت بە گۆشە نیگا، سەبارەت بە میعماری شوێنی ئەم ڕووداوە – وەکو شووشە کاریی ڕەنگاو ڕەنگی دەرگا و پەنجەرەکان و... نەسرێکی تێکەڵ و پێکەڵ و ئاڵۆز، بەو چەشنە وشە گەلێك کە نیشانەی عەتیقی «سەردەمی کۆن» یان پێوە دیاربێ، هەڵدەبژێردرێ. خوێنەری ڕواڵەت بین، لە گەلکوو ئەم چیرۆکەی خوێندەوە وای لێکدەداتەوە دەکات کە چیرۆکێکی کلاسیکیانەی خوێندۆتەوە. ئەو دەڵێ: ئەوا شوێن قەدیمییە، کەسێتی سەرەکی کابرایەکی پیرە، ڕووداوەکەش خۆ ژیان بە سەر بردن لە شوێنێکی قەدیمی دایە. زبانی چیرۆك و گێڕانەوەش خۆ پڕ لە وشەگەلی وەکی پێنجەدەری و خشتی قەزاقی و گوارە و گلەسواخ و حەوزو ئاو عەمار و مارگرە، دەیجا دەگەڵ نووسەرێکی ناموٚدێرندا هەمبەر بوومەتەوە بەڵام بۆی ئەچێ ڕاستی و ڕاستەقینە ئەمە نەبێ و جیاواز لایەنی بەرهەمدا، بیروبڕوایەکی ئوستوورەیی قوت و زەق کردبێتەوە چی؟ دەبێ بۆمان دەرکەوتبێ کە ئەدەب بێجگە لەم داب و باو و مۆدە بەر چاوانەی زەمانە، جیا لە سازدانی عاجیباتی خەیاڵاتیانە و فا نتازیایەك کە زۆر خێرا شڕ و کۆن دەبن، جگە لە پێچەوانەی ئەو شتەی بۆتە عادەتی، کە «ئێگزۆتێك»ن، تاقە ڕەوتێکی هێمن و قووڵە کە بەڕێی خۆیدا دەڕوا. گەورەترە لەم پڕیشکە تازە خۆنواندنانە. ئەڵبەت، ئەم ڕەوتە داهێنانەکان

لە خۆیدا جێبەجێ و چارەسەر دەکا، دەیکاتە پاژ و ئەندامێکی خۆی، بەڵام زۆر لەم قسانە بەر بڵاوترە خودی من سەبارەت بەوەی کە بۆچی زانای گشتی گۆشەنیگایەکی سەلەفییەو لە ئەدەبی مۆدێرندا زۆر دەکار ناکرێ و کارامەیی نیە، چەند وتاری فێرکاری و تیۆریکیم نووسیوە. جێی پێکەنینە کە تاوانبار کراوم بەوەی لە بەرهەمەکەمدا زانای گشتیم دەکار کردووە. هەر دەتوانم ئاوا وەڵام دەمەوە: دۆستی ئازیز! شتێکت بەگوێ گەیشتووە، بەڵام نەك هەموو شتێك. لە ئەدەبدا هەرگیز دوایین «فەن» فێرنابین. ئەم شەپۆلانەی «ڕۆمانی نوێ» شەپۆلی دژە چیرۆك، بزاڤی «دادائیزم» شەپۆلە فانتازیاییەکان، مۆدێرن نواندنەکانی «نەیهیلزم»، شەپۆلی چیرۆکی «مینی ماڵیستی»و شەپۆلەکانی «پۆست مۆدێرنیستی»، هەموویان هاتوون و ڕۆیشتوون. کاریگەری خۆیان لەسەر ئەدەب داناوە و دایدەنێن. بزووتنەوە گەلێکی دیکەی ڕەفز کەرەوە و زۆر پێداگر سەبارەت بە دەستکەوتەکانی کەمی خۆی و دیسان ڕەفز خواز، هەمدیس بەڕێوەن. ئێمە دەبێ یاسا و خاڵە هاودڵ و هاوگەوهەرەکانی ئەدەب وەرگرین. و دەرکەوتە کاتییە ناسکەکان بناسینەوە و تێپەر بین. یانی هەروا بەڕێوە بین، بەرەو پێشەوە. ئێستا تەماشای گەورە و بنەڕتی، ئێستا تێکەڵێکە لە چیخۆف و هەمینگوای.

ع: یانی «کارویێر»؟

م: بەڵێ «ڕیموووند کارویێر» چیرۆکی نووسێکی ئەمڕۆییە.

چیرۆکەکانی کە دەخوێننەوە، ناتوانن بڵێن مۆدێرن نین. چیرۆکەکەی تەواوەن هێڵی دەگێڕێتەوە، بەڵام قووڵایی زەینی مۆدێرنە. «کارویێر» تێکەڵێکە لە چیخۆف و همینگوای. «پەخشان»ەکەی هەمینگوای هەیە. ئەغڵەب بە ئاخێوەرێکی «ڕاوی» شاهیدەوە، بە وردەکاری و بینینی چیخۆفەوە کە زۆرکات لە ڕووداوێکی ئاسایی، لە جوانترین چەشنیدا،

«کات و ئان»ی چیرۆکی ئەدۆزێتەوە، بینیومانە نە زەمانی شکاندووە و نە خۆی هەر لە زەینی کەسێتیدا بەستووەتەوە. تەماشای دەرەوەش دەکات. تەنانەت دیتم لەچیرۆکی «کڵێسەی جامع»دا لە چیرۆکەکەی دا کە دوو گێرانەوەی لێ بەدەستەوە داوە، لە ڕیوایەی دووهەمدا، تازەترە ولە گۆشەنیگای سنووورداری کەسێتییەك چووەتە دەرێ و ڕووی کردووەتە زەین و کردەیەکی دیکە لە شوێنێکی دیکەدا، یانی زانای گشتی لە کورتە چیرۆکێکدا جێی گاڵتەیە بێتوو بڵێین، «کارویڕ» ئەمڕۆیی نییە... ئەمەشمان لە یاد نەچێتەوە کە هونەر یاسا هەڵگر نییە.

ع: بەهەر حاڵ لە نێو بەرهەمی نووسەرانەوە یاسا و ڕێسایەك پێك دێ.

م: نابێ یاسا و ڕیسا دانێین کە بۆ وێنە چیرۆکی نوێ دەبێ بەم چەشنە بێ. هیچ «دەبێ»یەك بوونی نییە. لە هەر حاڵێکدا دەکرێ چیرۆکی نوێ لە قەوارەی حیکایەتیشدا بنووسرێ. گرینگ ئەو شتەی نێو چیرۆکە.

ع: بەڵام ئەمە مەودای نێوان کلاسیك نووسەکان هەتا مۆدێڕن نووسەکانە کە دەتوانین لە چۆنیەتی تێفکرینیاندا لێ بگەڕێین. ئێمە وای دا دەنێین کە لەپێش «نیچە»دا، ئاوەزخوازی و ئاکار خوازیمان هەیە، ئاوەزخوازی بەنێوی دیسان ئافراندنەوەی ڕاستەقینە، لە پاش نیچە ئەم کێشەیە لە نێو دەچێ و دەسڕێتەوە. ئەم قووڵاییی چیرۆکەو ئەم ناوەوەی چیرۆکە کە دەڵێی گرینگە، چییە؟ یان چۆن دەکرێ بە فۆڕمی سەلەفی تێفکرینی «نوێ» دەرببڕدرێ؟

م: کردە دەگەڵ ئەم فۆڕم و قەوارانە گرینگە. قەواوە دەتوانێ هەم «دال» بێ و هەم «مەدلوول». بەڵام گرنگ ئەمەیە چ کردەیەك لەگەڵ سیکەی دوو دیودا – دیوێکی قەوارە و دیوێکی ناوەڕۆك – بکردرێ. نووسەر بێتووبیهەوێ چیرۆك نووسێکی «نوێ» بێ، دەبێ لە پێشدا زەین و ژیان و کردەی خۆی نوێ بێ. لە مەوبەریش لەشوێنێکدا نووسیومە کە دەکرێ

ئینسانێك ئەمڕۆ لە «تۆكیۆ» بێ، یا لە «نیۆیۆرك» بێ، لە قاتی پەنجای بینایەکی زۆر بەرز «ئاسمـان خەراش»ێكدا بژی، تەنـانەت گریمان لە «J. B. M» یشدا كار بكات، بەڵام بۆی هەیە، ئەم كابرایە مۆدێڕن نەبێ. دەبێ بزانین تێفكرینی چییە، یانی هەر بەو هۆیەوە كە سەروكارمان دەگەڵ كەرەسەی «نوێ» یە، نابینە نوێ. لە كۆمەڵگای ئێمەشدا هەر وایە. كەسێك ئۆتۆمبیلی مۆدێل ئەمساڵی هەیە، مۆبایلی بە دەستەوەیە، كاتێ دەچێتە ماڵەكەی «سەتەلایت»شی هەیە، بەڵام كە لە تێفكرینەكەی ورد دەبینەوە، تێفكرینی سەدەی حەوتەمی هەیە. لە چیرۆكیشدا وایە. نامهەوێ «تێكشكانی زەمەن» ڕەفز كەمەوە كە بۆ وێنە چیرۆكی نوێ نییە...

ع: بەڵام خۆ تایبەتمەندیی ئەوە؟

م: بەڵێ یەكێ لە ئەگەرەكانی چێرۆكی نوێیە، نەك لە هەموو شوێنێكدا. بێتو بابەت و قسە و باسی چیرۆك و گێڕانەوەی چیرۆك لە سەر بیرگە و نواندنی كەسێتیی چێرۆكداڕێژ ڕابێ، بێتو یەكڕاست چووبێتنە بیرگەوە، بە چەشنی سروشتی تێكشكانی زەمەن و گێڕانەوە دێتە ئاراوە. بە هەمان هۆكارەوە كە لەمەو بەر باسمان لێوەكرد، لە سۆنگەی كاركردنی هەمان گۆی ئاوێنەكاری بیرگەوە، بەڵام بێتو بڕیار وابێ كە بۆ وێنە ڕۆژێكی كەسێتییەك بە بێ چوونە ناو زەینییەوە، لە گۆشەنیگای سێیەم كەسەوە بیگێڕینەوە، لە ناچاریدا چێرۆك لە سەرەتایی كازێوەی ئەوڕا دەست پێ دەكا، دوایە دەبێتە نیوەڕۆ، لە پاشان شەو بەسەر دادێ. یانی چوونە پێشەوەی هێڵی. ئێستا وام دانا تێكهەڵچوونێكی فانتاز یایانەش بە زەینی نووسەرێك گەیشت، بەو چەشنەی كە زەمەن دەگەڕێتەوە بۆ دواوە. مەبەستم ئەو چیرۆكە «ماركێز»ە كە لەوێدا زەمەن لە پێنج شەمووە دێتەوە چوار شەممۆوە، لە دوایە بۆ سێ شەممۆ، لە پاشان بۆ دووشەممۆ دەگەڕێتەوە. زەمەنێكی زۆر لەمەو بەر ئەم چیرۆكە وەرگێڕدراوتەوە بەڵام ئەمە یاسا نییە و داهێنانێكە... بە هەر حاڵ لە یادمان بێ كە ئەم قسانە پێوەندییان

دەگەڵ زانیاری ئەمڕۆی ئینسان سەبارەت بە بیرگەوە هەیە. سبەینێ یان دەساڵی دیکە بەشکەم زانست بەم ئاکامە بگات کە بیرگە ئاوا ناکات و ئەو بۆچوونەی ئێمە لە بیرگەمان هەیە، هەڵەیە. ئەم گومانەی کە لە «بێرگسۆن»ەوە سەبارەت بەبیرگە بڵاو بووەتەوەو و «پرووست» لە سەر ئەو بنچینە و بناغەیە چیرۆکی نووسیوە، «ئۆڵف» یا «فاکنەر»یش نووسیوویانە یان «جۆیس»... بەڵام گومان لەوە دانییە کە لە داهاتوو دا وەسفی ئێمە لە بیرگە و تەنانەت لە چیرۆکی «نوێ»ش دەگۆڕدرێ.

ع: کاتێ «جۆیس» جەخت لەسەر «زەمانی ئیستا» دەکا و «پرووست» لە سەر «زەمانی ڕابردوو» و «فاکنەر» ئەو تێکەڵوپێکەڵ بوونی زەمەنییەی بەلاوە گرینگە، ئاوا دەرناکەوێ کە تەنانەت لەم شێوازەشدا تایبەتمەندییەکی هاوبەش و نەگۆڕ بوونی هەیە؟

م: ئەم تایبەتمەندییە هاوبەشە، هۆیەکەی تێفکرینی ئەمڕۆی ئینسانە. نیگەرانی و بێ قەراری و دڵەڕاوکەی ئینسانی ئەمڕۆ، «زەمەن»ە ئینسان گەیشتووەتە تێروتەسەلی و هەست دەکا نایهەوێ لە مێژوودا «مۆرە»یەك بێ و بەس، نایهەوێ بۆرە پیاوی سوپایەك بێ کە کاتی شەڕ بانگی کەن و ڕمێکی دەنێ و بڕوا لەگەڵ دوژمنی بنەماڵەی حاکمدا بجەنگێ. ئینسانی ئەمڕۆ فیکر لە هەبوونی منی خۆی دەکاتەوە «ئەی من چی؟» ئەمە پرسیارێکە وا میلیۆن کەڕەت لە ڕۆژانی ئەمڕۆدا دەپرسرێتەوە. دەیجا دەردەکەوێ کە ئینسان زۆرتر سروشتی بیر لە زەمەن دەکاتەوە. ژن و پیاوی ئەمڕۆ زیاتر لە بەشەرەکانی سەدساڵ لەمەوبەر فیکر لە زەمەن دەکەنەوە. بۆچی؟ لە بەر ئەوەی ئێمە بە وردی لەگەڵ زەمەندا لە گێرە و کێشەداین. لەو ساتەوەختەوە یەکەم شەمەندەفەر و ماتۆڕی شەمەندەفەری سازکراوی ئینسان توانی لە خێراییەکانی ئاسایی چەندان هەزار ساڵان تێپەڕێ، کێشەی زەمەن بۆ ئینسان ساز بوو، هەتا ئەمڕۆ کە کێشەی خێرایی «نوور»ی هەیە. لەخۆڕا نییە کە لەم سەدەیەدا تیۆری

«نیسبیەت»ی ئاینشتاین دێتە گۆڕێوە، کە زەمان یەکێ لە بنچینە و بناغەکانیەتی. لە بازنەی بیرگەشدا کێشەی زەمەن هەیە. دەڵێی گەوهەری بیرگە لە چەشنی زەمەنە. لە ئاکامدا دەبینین کە ئەژماری ئەو چیرۆکە زەینییانەی کە هەوێنی ناوەکیی زەمەنیان هەیە، لە سەدەی بیستەمدا زۆر زیاد دەکەن، بەڵام قسەی من ئەمەیە: کەسێك بە زەینێکی سەلەفیشەوە دەتوانێ لە چیرۆکدا زەمەن تێك بشکێنێ. بەم پێیە لە بری لە بەرچاوگرتنی «سەرخان»ی چیرۆك، دەبێ لە «ژێر خان»ی چیرۆك و قووڵایی زەینی نووسەر بکۆڵینەوە.

ع: ئەی چۆن دەکرێ چیرۆکی نوێ لە چیرۆکی سەلەفی جیا کەینەوە؟

م: بۆ وێنە چیرۆکنووسی سەلەفی، زبان وەکوو کەرەسەیەك دەخاتە گەڕ و کاری پێ دەکا و بە نێوی کەرەسەی وتنی ڕووداوێك. بەڵام چیرۆکنووسی نوێ هەر هیچ مەبەستێکی ئاوای نییە و زبان بۆی مەبەستە، نەك کەرەسە. نووسەری سەدەی هەژدە، دەیهەویست ڕووداوێك بگێڕێتەوە، بەڵام چیرۆکنووسی ئەمڕۆیی دەیهەوێ ڕووداو بکاتە «وشە». میلان کۆندێرا سێ چەشنە چیرۆکنووسین دەست نیشان دەکا:

١- چیرۆکی دەگێڕاوە «فیلدیدینگ»

٢- چیرۆکی ڕاڤە دەکرد «فلۆبێر»،

٣- فیکر لە چیرۆك دەکاتەوە «مووزیل».

لە مڕۆدا نووسەر چیرۆك ناگێڕێتەوە یان ڕاڤەی ناکات،

ئەم کارە لە فیلمدا دەکرێ. ئەم هەموو چیرۆکە نووسراوە، بۆ چی لە ژێر ئەم ئاسمانە و لەم جیهانی باتڵ و بەتاڵە پڕ قۆڕیاتەدا، شتێکی تازەش

هەیە؟ زۆربەی دووپات و چەند پات بوونەوەیە. دەسا گێڕانەوەی ڕووداو گرینگیی خۆی دۆڕاندووە. بەڵام گواستنەوەی ڕووداو بۆ زبان، گواستنەوەی ڕووداو بۆ وشە، ئەمە ڕووداوی چیرۆکی سەدەی ئێمەیە، وا دێتە بەر چاو، سەدەی داهاتووش هەر ئاوا بێ. لە بۆ نووسەر، چیرۆك و وشە و زبان مەبەستن نەك کەرەسە...

ع: باشە، لێرەدا زبان دەبێتە شێوازی تێفکرین یان زبان و شێوازی فیکرکردنەوە دەبنە یەك. لە ئێستادا چۆن دەکرێ بە شێوازی فیکر کردنەوەی مۆدێڕنەوە چیرۆکنووس بەرهەمی کلاسیك یان هێڵی بنووسێ؟

م: بەرهەمی کلاسیك دەگەڵ بەرهەمی هێڵی جیاوازی هەیە. کامیان؟

ع: ئێوە بەرهەمی کلاسیك و بەرهەمی هێڵی جیا دەکەنەوە؟

م: بەڵێ

ع: چونکە لە چیرۆکی هێڵی و کلاسیکدا، زەمان تێك ناشکێ. یانی دڵەڕاوکەی زبان نییە و فیکر کردنەوەی بەر لە بێرگسۆنە یان لەو شوێنەدا کە تێفکرینی پێش فرۆیدە چوون هێشتا بیرگە و دەهلیزە پێچەڵاپڵووچەکان نەناسراون.

م: نا، نووسەری مۆدێرن ناتوانێ چیرۆکی کلاسیك بنووسێ، بەڵام دەتوانێ چیرۆکی هێڵی بنووسێ. ئێمە لە هیچ کوێدا وەسفێکمان نییە کە گێڕانەوەی هێڵی، گێڕانەوەی کلاسیکییە. نا، هەمدیس گێڕانەوەیە، یانی چەشنی گێڕانەوە، گێڕانەوەی هێڵییە، چەشنێکی دیکەی گێڕانەوە، گێڕانەوەیەکە کە لەوێدا زەمان دەشکێ، ئەمانە «نوێ»ن وزۆرکات بە تەکنیك دەژمێردرێن، نا، نووسەری مۆدێرن ناتوانێ چیرۆکی کلاسیکیانە بنووسێ. بەڵام دەتوانێ گێڕانەوەی چیرۆکێك بە شێوازی ئەمرۆیی و هێڵی بگێڕێتەوە، با وەکو تێفکرین و کردەیەکی کە دەگەڵ زباندا لەم چیرۆکەدا

هـەیـەتـی، دەگـەڵ گـێڕانـەوەی هـێڵـی نـووسـەری سەدەی حـەڤدە و هـەژدە جیاوازیی هەیە. قەوارە و ڕواڵەت، برێجار، لێك دەچن، بەڵام با «ناوەوە» بدینین. من لە سەر ئەم قسە و باسە جەخت دەکەم، لە بەر ئەوەی لە وڵاتی ئێمەدا گەنم پێشاندان ، جۆ فرۆشتن، بازارێکی باشی هەیە. ئەڵبەت لەپاش تێپەڕ بوونی چەند ساڵ، ڕاستی وەدەر دەکەوێ و خۆیا دەبێ. بۆ ئەو کەسەی هەڵخەڵەتاوە و بە هەڵکەوت زۆریش لە سەر بیر و بڕوای خۆی قـیـرسیـچـمـە بـووە. بـەڵام هـەمدیس بـازارێکی دیکـە پێکدێ و هـەمدیس، هونەرمەندئاسا، گەنم نواندنێکی دیکە و، بەزم و بازاڕی فرۆفێڵێکی تازە، دەبێتە هەوێنی هەڵڵا و زەنا و کات بە کات و زار بە زار دەبێ درێژەی هەبێ. سەردەمێك فۆڕمالیست نواندن بازاڕی بوو، زەمانێك ڕۆمانی نوێ نواندن، زەمانێك...– گاڵتە و گەپە – داواکاری وا پەیدا بوون کە دەیانووت چیرۆکی بنەماخوازییانەیان نووسیوە – نەزانین لە نەزانیندا – ئێستاش مینیماڵ نواندن و پاش نوێخوازی نواندن، بازاڕ و برەوی هەیە. ئەڵبەت جـەخت دەکـەم، حـیسابـی ئـەوانـەی کـە هـونـەرەکـەیـان بـەڕاستـی ڕەسەنـە، جـیـایـە. یـانـی ئـەو کـەسـەی کـە بـە ڕاستـی چـیرۆکـەکـەی مـینـیمـاڵـە، یـان بەڕاستی لە ڕەگ و ڕیشەوە، چیرۆکەکەی پاش نوێخوازییە، مەبەستی من نین، هونەرمەندانی ئاوامان هەیە و هەر زیاد بن. تکام هەیە هیچ کەس لـە خـوێـنـدنـەوەی ئـەم قسانـەڕا بـوخـتـانـی دواکـەتـوویـی هـونـەریـم بـۆ هەڵنەبەستێ. کەس ئەم قسانە بە خۆی نەگرێ. بەڵام ئەو کەسەی فێڵ و فەرەج دەکا بە خۆی دەگرێ، بە قەولی لاوەکان: گوێی مەدەرێ! ناکرێ دووڕووانە یاری بکەین، لانیکەم لە هونەردا ناکرێ. دەبێ تێ بکۆشین کە بۆ بەرەو پێشەوە بردنی هونەری وڵاتەکەمان، ڕەسەن و ناڕەسەن و پاك و پیس لێك جیا کەینەوە و بیان – ناسینەوە. بابەتەکە ئەوەندە ئاڵۆزکاوە و هەژار بووە کە بۆ وێنە لە فیزیادا سانا بوونی فیزیای نیوتونی، لە فیزیای کووانتۆمیدا دژوار بووەتەوە. دەیجا لە بۆ ناسینی بەرهەم، ناتوانین هەر

ڕواڵەت لە بەر چاو بگرین و بەس. چەند ساڵێك پێشتر چیرۆكێكم نووسیبوو كە لەوێدا كەسێتی چیرۆك بینایەكی چەند نهۆمەی كرێچیەتی و تەلەفۆنێكی دەبێ. ڕۆژێك، كابرا سەر لە بەیانی، بۆ گەیشتنە شوێنی ژوانێك دەگەڵ ژنێكدا كە لە ڕێی تەلەفۆنەوە دەگەڵی بووەتە دیوناس، تاكسی تەلەفۆنی دەگرێ و بەڕێ دەكەوێ. ڕەخنەگرێكی نێودار. كە بەقەرا تەمەنێك، كارەكەی، پیاهەڵگوتن بە سەر ئەدەبی بەر پرس و كۆمەڵایەتیدا بوو، ڕەخنەی لە چیرۆكەكەم گرتبوو، بەم زبانە: شەهریار! كوڕە دەستبەرداری ئەم كەسێتییە بۆرژوازییانە بە، كەمێكیش سەرنج بدەرە مرۆی كۆڵان و بازاڕ لە چیرۆكە كانتدا... سەرنج ئەدەی؟! جێگەی گریانە و شین و شیوەنە. ڕیالیستی ئێمە هێشتا دیمەن و گۆشە نیگا و بۆ چوونێكی وردی لەسەر بۆرژوا و بۆڕژوازی نییە. قسە و باس ئەمەیە، دەرد ئەمەیە. قسە و باس، دەردەدڵ و نەقڵی شیوەن كردنە لە دەست ئەو بەزم و مەیدانەی كە بەزم و مەیدان نییە، قسەش، قسەی ئەم باڵتە كۆنەیە و حەیران بوونی ئەوەی بە كوێیدا هەڵواسین بەڵكو لە دەست ئێش و ژان و ڕەنجەكەی ڕزگاریمان بێ «هێمایە بۆ شێعری: / بەكوێیدا هەڵواسم ئەم باڵتە كۆنەم/ لە شاعیری پایەبەرزی شێعری نوێی ئێرانی نیما یووشج، وەرگێڕ.» من دەستی ئەو شاعیر و نووسەرانەی كە زۆر لایشیان لاون و كاری مۆدێرن ئەكەن، ماچ دەكەم. خوێندنەوەی بەرهەمی ئەمانە كەیفی لەلایە، بێتوو نەڵێن وەسف و تاریفات لە خۆی دەكا، هەست دەكەم تەنیا نیم. هەر بەم هۆیەوە دەبێ حیسابی كاری پاك لە كاری پیس و بەفرۆفێڵ جیاكەینەوە. هەر لەم تەمەن كورت و كەمەكدا كە لە ئەدەبدا بەفیرۆم داوە، بە شكۆترین و هەرە ئینسانیترین كردە و كەسێتیم دیتوە كە ژیانیان هونەرەكەیانە و لەهەمبەر ئەوەشدا هەرە درۆزن و فێڵەباز و ڕیاییكەر و بەشەری خوێڕیم لە جلوبەرگی هونەرمەندا دیتووە... دەبا لەم قسانە تێپەڕبین و لەم هەست و سۆزانە، ئەمانە كە بەدەممدا دێن، بە خۆم دەڵێم

ئەی خۆت چی؟... کورتی ببڕینەوە، چەشنی بەرهەم و گەوهەری بەرهەم، بە چەشنە کردەی نووسەر دەگەڵ وشەدا دەکرێ بناسرێتەوە. لە چیرۆکی کلاسیکیدا، پلیکان بە پلیکانی ڕووداوەکان، یەك بەدووای یەکدا لە ڕێگەی زبانەوە دەگێڕدرێتەوە، بە وتەیەك، زبان بەبێ ڕووداو هەبوونی هەیە و شت بوونی ڕووداو باس دەکا. بەڵام لە چیرۆکی مۆدێڕندا، بڕێکیش لە چیرۆکی پۆست مۆدێڕندا ڕووداو و زەنجیرەی ڕووداوەکان لە پێش چیرۆکەکەدان، یانی ئەمانە لە پێشدا، قەوماون و ئێستا نووسەر فیکر و بیریان لێ دەکاتەوە، یان بیرلە نۆڕمی زبان و چۆنیەتی گواستنەوەی ئەم ڕووداوە بۆ زبان دەکاتەوە. باشتر و دروستتر وایە بڵێم، مەبەستم لەوەی کە دەڵێم ڕووداوی چیرۆك لە پێشدا قەوماوە، هەر ئەمە نییە کە هەمیشە ڕووداوەکە چەند مانگ یان چەند ساڵ لە پێش نووسینەوەدا قەومابێ، مەبەستم لەم لە پێشەوە بوونە ئەمەیە کە بە پێچەوانەی ڕابردوو، لە ئێستا دا ڕووداو دەبێتە کەرەسەی زبان،/نەك زبان کەرەسەی گێڕانەوە بێ./ ڕووداوێك بووە و یان هەیە، ئەمەش دەبێتە بیانوویەك هەتا زبانی گێڕانەوەکەی، ببێتە دیاردەیەکی هۆسێرلی. ئەڵبەت ئەم قسەیە کە ئاوا باس دەکەین و دەڵێین، دەمانهەوێ بڵێین لە هەمبەری قسەی پێشیناندا کە دەیانووت زبان کەرەسەی گێڕانەوەی ڕووداوە. هەڵوێستە بکەین و بڵێین هەڵە بوو و هەڵەیە:

هەڵەیە بڵێین زبانێکی ساز و پەرداخ لە پێش ڕووداودا بووە، سەربە خۆ بووە و لە پاشان ڕووداوەکە دەگێڕێتەوە، ئەگینا لە بنچینەو بنەڕەتدا، لە هونەری چیرۆکنووسینی ئەمڕۆییدا ڕووداوو زبان یەکن. ئەو چەشنە لێك جیا کردنەوە ڕواڵەتییە تێپەڕ دەکەین هەتا خۆمان لە بەردەنووسی زەینیی/ زبان کەرەسەیە/ ڕزگارکەین و لە پاشان ئاسوودەتر، بگەینە ئەم ناسیاوییە کە دال و مەدلوولی جیا لە یەك بوونیان نییە، زبان نە دالە و نە مەدلوول. ڕووداو نە مەدلوولە و نە دال، هەر دوو یەکن . دووبەری

سیکەیەکیش نین. دوو ئاوێنەی پێکەوە نووساون بۆ چوونی زانایانی هونەری بەلاغەو فەساحەت لە قەدیمدا کە دەیانووت: زبان، شتێکە و لەوێ داندراوە، یاسای ئەزەلی و ئەبەدیی زبان لە رکە و قەفەسەدا ئاگاداری دەکرێ، یاسا و رێسای رێزمانی نۆرمی زبان رێکوپێك کراوە بۆ هەمیشە، هەتا نووسەران و شاعیران هەر دەکاری کەن. ڕواڵەتەکانی خەیاڵی زبان لە بەرگ گیراوە و لە قەفەسەی تایبەتدا دامەزراوە و کاری هونەرمەند هەر ئەوەیە ئەم ئەمانەتە بایەخدارانە یەك بە یەك لە شوێنەکەی خۆیان بکێشێتە دەرێ، بە مەترسی و ڕێزەوە چەند بەشێکی بۆ کاری خۆی هەڵبژێرێ و هەمیسان «شتە نەگۆڕەکە» بنێتەوە قەفەسەی خۆییەوە. باسی سەرەکی بوونی زبانی ئاسایی یانی زبانی ڕۆژانەی خەڵکی ئاسایی – جگە – لە «فارسی بپارێزین»ی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن – وێڕای گشت ئەدەبی پێشینیانمان، کە هەموویان لەقەفەسەیەکی «ئی ئەوێ» و جیاوازدا چندراون. بەڵام لەمڕۆدا کاتێ خەریکە بەرهەمێکی هونەری دەخولقێ، زبانی دەگەڵ خۆیدا دەخولقێنێ. هەر وەکوو دەگەڵ یەکەم چرکەی پەیابوون، نەبوون پێکدێ، یان بە پێچەوانەوە مەبەستم لە داهێنان و ئەفراندنی زبانی ئەمەیە و ئەم شتەش هەیە کە ئەڵبەت دەبێ هۆش و گۆشمان پێوە بێ، بە بۆنەی داهێنانی زبانەوە حەلەق مەلەق و قۆڕیات ساز نەکەین. هەمدیس ڕواڵەت هەڵمان نەخەڵەتێنێ، یانی بڵێین: دەسا لەبەر ئەوەی بەرهەمێك مۆدێرن بێ، دەبێ زبانەکەی پڕ بێ لە وشەی تازە، تەنانەت وشەی ڕۆژئاواییش... نا، ئێوە بە نێوی هونەرمەندی مۆدێرنەوە دەتوانن چما بەرهەمەکەتان پێویستی بوو، زبانی ″بەیهەقی″ ساز کەنەوە. بەختەوەرانە پۆست مۆدێرنیزم «پاش نوێخوازی» لە مڕۆدا ئەم کێشەیەی چارەسەر کردووە و، کەسێکی وەکوو من، بە پێی خوووخدەی کەسێتی چیرۆك و ویستی ڕووداو، بۆ وێنە شێوەی نووسینی سەردەمی قەجەر یا شێوەی نووسینی میرزایانەی تۆمار کردنی بەڵگە یان نەسری سەدەی

چـوارەم دەكـار دەكـەم، ئـیدی تـاوانـی كـۆنـە خـوازم پـێوە نـالكـێنن، هـیـچ، تەنانەت بۆی دەچێ بمگەیەننە پلەی پڕ لە شانازی «پاش نوێ خوان» بوونیش. بەڵام تەواوی ئەم باسە، ئەم هەموو قسەیە دەكەم كە بڵێم، ئـەمـەش هـەڵـەیـە. سەر خۆش و دڵـخۆشی مۆری ئـەم قـوتـابـخـانـە و ئـەو قوتابخانە نەبین، ئەمانە لە هەمبەر گەورەیی ئەدەبدا گچكەن، شایەد ئەدەب هەر لەم برگە زەمەنیانە و ئەم چركەساتانە پێك هاتبێ، بەڵام پـــرۆسەی ڕەسەن و قـــورسی ئـــەدەب، هـــەتـــا هـــەتـــایـــی بـــوون، یـــان وەدەركـەوتـنـەكـەی لـە زەمـەن، زۆر زۆر گـەورەتـرە لـە خـورە و خـوشەی جۆبـارێك كەلە مـاوەیەكی كەم و كورتدا، تێدا دەچێ و فەرامۆش دەكرێ. ئەو زەمانەی ڕۆمانسییەكان یاساكانی ئەم قوتابخانەیان دادەهێناوە دەیاننووسییەوە، كەسانێ هەبوون كە دژ بەم قسانەی ئەوان ئاڵایان ساز كردووە و تووڕەیییان بە سەریاندا نواندووە، مشتیان لێ ئەستوور كردوون و لە پاشان ڕیالیزم هاتووە و هەمیسان تاقمێ لە ژێر ئەم ئاڵایەدا، دیترانیان كوتاوە و دیترانێكی دیكەیان گەیاندووە تە عەرش و قورش. هەر لەم زەمەنی خۆیانەدا، ئەدەبی مۆدێرن هاتووەتە گۆڕێ و دیسانەكە ئەم قیرسیچمەیی و تووڕەیی و گێرەوكێشمەیانە دووپات بوونەتەوە، هەتا ئـێستـا و كـێشەی پـۆست مـۆدێرنـیـزم. دەڵـێم خـاڵ و یـاسا تـازەكـان و دۆزیـنـەوەكـان و داهـێنـان و تێگەیشتن و پێگەیشتنە تـازەكـان لـە جێی خۆیاندا بایەخدارن، بەڵام هونەر، مەیانی ڕامیاری و ئایدیۆلۆژیا و بازاڕ نییە. گەورەیی ڕۆحی هونەرمان كە بۆ دەركەوێ و هەستی پێ بكەین، ئیتر نـاتوانـین یـەقـین و متـمـانـەی ئۆستوورەیی و لاق چـەقـانـدن و تووڕەیی بەسەر هونەردا داسەپێنین.

من بە تاقمێ لەم كەسانە كە ئامادە نین «دوگم»ەكانیان حەوادەن و زۆركات زۆربەشیان ناسیاری و زانستی كەمیان هەیە، دەڵێم: ئاغاگیان، باشتر وایە تۆ برۆی و ببیە لایەنگری «لیوێرپوول» یا لایەنگری یانەی

ئێمە دەبێ بڵێین: ئەی من یا ئێمە چی؟ ڕۆژئاواییەکان ئەم یاسا و تایبەتمەندییانەیان لە ئەدەبی خۆیان هەڵکراندووە، دواتر، دەگەڵ پێشکەوتن یان ئاڵ وگۆڕ، ئەمانە فەسخ و بەتاڵ دەکەنەوە و گۆشەنیگای تازە پێشکەش دەکەن. ئێمە چیمان هەیە یا چی دەکەین؟ ئەمە وایە کە پرۆسە و بزاڤی ئەدەب، لە گشت زبانەکاندا، زۆر و کەم، لە پێشتردا یان دواتر، وەکی یەك بەرێ کەوتوون و هەن، بەڵام هەر فەرهەنگێ، تایبەتمەندییەکانی خۆی بە چەشنێ وێرای تایبەتمەندییەکانی هاوبەشی جیهانی هەیە، ئێمە بۆ دەربڕینی ئەدەبی وڵاتی خۆمان چیمان کردووە؟ بێتو لە چیرۆکێکی ئیرانیدا، نووسەر هاتە ناو چیرۆکەوە و وەکی کۆپی سەدان چیرۆکی دەیەی حەفتاو هەشتای زایینی، دەستی کرد بە قسەکردن دەگەڵ کەسێتیەکانی چیرۆك سەبارەت بە دەق و سەبارەت بە «سپی خوێندنەوە»، سەبارەت بە مەرگی نووسەر و لەم چەشنە، بڵێی ئەم چیرۆکە پۆست مۆدێرن بێ؟ چما پۆست مۆدێرنیش بێ فارسی بوونەکەی لە کوێدایە؟ هەیە یان نییە؟ بێتو نەبێ دەبێتە فۆتۆکۆپیی دەستی چەندەم لە بەرهەمە پلە چەندەمەکان و فانتازیای ڕۆژئاوایی ئەویش چی؟ دەبا وردتر سەرنج بدەینە ئەم بەرهەمە بە ڕواڵەت پۆست مۆدێرنە، دەبا بزانین نەبوونی ڕەها بوونی زبانی، نەبوونی ڕەهابوونی ڕاستەقینە بوونی چیرۆکی تێدایە یان نا؟ جا خۆ چما هەر ئەمەیە و جگە لەمە نییە، ئەمانە خۆ دژوازن دەگەڵ تێفکرینی «پاش نوێخوازی»دا. ئەوەی کەوتم جگە لە فۆرم و ڕواڵەت باشتر وایە سەرنج بدەینە کردەی نووسەر دەگەڵ زباندا، مەبەستم هەر ئەو نموونانە بوو هەر ئەم ڕەخنە یان چیرۆکی پاش نوێخوازییە، کە نووسەر لەوێدا، قسەی بێ واتا بوونی دەق – بە پێی بە هەڵە خوێندنەوە – بە یەقین و متمانەیەکی ئوستوورەییەوە، بەبێ هیچ گومان و دەربڕینی گومانێ سەبارەت بە دەقێ خۆی دەردەبڕێ و

دەنەڕێنیێ: دەبێ لە دەقی من حاڵی بی! دەق واتای نییە... ئەریێ پیێ بکەنین یا بگریین؟...

ع: ئەوا کە قسەی کردە دەگەڵ زبانی و داهێنانی زبانیدا هاتە گۆڕێ، بەڕای من دەتوانین یەکێ لە هۆکارەکانی شاعیرانە بوونی چیرۆکی ئەمڕۆیی، هەر ئەم چەشنە کردەیە دەگەڵ زباندا دابنێین.

م: بەوردی، کردەی نووسەری مۆدێرن دەگەڵ زباندا وەکوو کردەی شاعیر وایە. بەڵام نووسەر بە نۆڕمی نەسر(پەخشان) دەیکات، شاعیرانە دەنووسیێ و شاعیر بە نۆڕمی شیعر، شیعر دەهۆنێتەوە.

ع: یانی لێرەدا گێڕانەوەی چیرۆك کەمڕەنگ دەبێتەوە؟

م: نەك بۆ هەمیشە، بۆ ماوەیەکی زەمانی یا سەردەمێك شایەد. بۆ وێنە پلات کەمڕەنگ دەبێتەوە.

ع: بۆ چی؟

م: لە بەر ئەوەی پلات /گەڵاڵە/ لە جەوهەری زبانداپە، ڕاست وەکو تەعلیق «داهێلان»، نازانم ئەم شتە کەسێك لە شوێنێکدا وتوویە یان نا، چونکە لە هیچ کوێدا نەم خوێندۆتەوە، ڕەنگە تازە بێ! لە وتارێکدا کە سەبارەت بە داهێلان نووسیومە، سەلماندوومە کە داهێلان پاژ و ئەندامی گەوهەریی زبانە. لەوانەیە وردتر بینەوە خراپ نەبێ. کاتێ یەکەم وشەی ڕستەیەك دەوترێ، زوو داهێلان پێك دێ. بۆ وێنە من دەڵێم: «من» بیسەر دەپرسێ: «باشە من چی؟» چاوەنوارە تاکو وشەی دووهەم ببیستێ، دەڵێم: «من دوێنێ» لە کات و ساتدا هەمیسان پرسیار لە زەینی بیسەردا پێك دێ: «دوێنێ چی؟...» بەم چەشنە لەم گۆشە نیگایەوە، دەردەکەوێ کە لەناو دڵی هەر ڕستەییەکی تەنانەت هەواڵدەریشدا، داهێلانگەلی جۆراوجۆر بوونیان هەیە، دەیجا تەکنیکێکی وەکوو داهێلان لە دەرەوەی زبانەوە بە سەر چیرۆکدا دانەسەپاوە، لە ناو بنەمای زبانەوە، هاتووەتە چیرۆکەوە و لە

چیرۆكدا زەق بۆتەوە. «پلات»یش دەتوانین لە جەوهەری زباندا بدۆزینەوە. وەسفی من لە پلات، نەك وەسفی «ئەرەستوویی»، بەڵكو وەسفی «فۆرستێر»یم مەبەستە، یانی زنجیرەی هۆكارەكانی «عیلەت و مەعلوول» یان «هۆ و هۆكرد»، یان پێوەندیی «هۆكارەكان»ی نێوان ڕووداوەكانی چیرۆك. بەوتەیەكی دیكە، زنجیرە ڕووداوێكی «عیلەت و مەعلوولی»ین كە چیرۆك پێكدێنن. باشە ئایا لە زبانیشدا پێوەندی هۆكاری زاڵ نییە؟ هەیە! وشە بەهۆی پێویستی پێوەندییەوە، لە شانی یەكدیدا، لە سەر تەوەرەی هاونشینی ئارا و قارا دەگرن تاكو ڕستەیەك پێك بێ. «نەحو یان نۆڕم»، مەگەم یاسا و ڕێسای لۆژیكی نێوان وشەكان نییە هەتا ڕستەی لۆژێكی پێك بێنن؟ ئەم یاسا و ڕێسایانە هەمان زنجیرەی هۆكارەكانن. بە چەشنێكی زۆرسانا نموونەیەك بێنمەوە:

یاسا و ڕێسا دەڵێ كاتێ لە ڕستەیەكدا كارا «بكەر» هێنراوە، فرمانیش «فعل» پێویستە. بكەر دەبێتە هۆكار، فرمان دەبێتە ئاكامی ئەو شتە. هەروەها بەركاریش «مفعول». هەر بەم پێیە. فرمان، بە هۆكاری هەبوون جەختی لە سەر دەكردرێ... باسی وردی ئەم بیرۆكە و تیۆرە دابنێین بۆ وتارێكی جیا لێرە، كە نووسیومە.

كورتی ببڕینەوە، تەماشا دەكەین پێوەندیی هۆكاریش «علت و معلولی» هەر لە جەوهەری زباندایە و، لە زبانەوە هاتووەتە چیرۆكەوە دەیجا ئەمانە حەوا نادرێن. بۆی هەیە لە یەك دوو دەیەدا، یان لە سەردەمێكدا بە پێی پێداویستیی فەلسەفەی ئەو سەردەمە زەمەنییە، یان بە پێی سەلیقە یا هەر شتێكی دیكە، كەمرەنگ ببنەوە، یا تەنانەت دژی ئەوان لە چیرۆكدا جێگیر بێت، بۆ وێنە لە سەردەمی «ڕۆمانی نوێ»دا كە بە پێی گۆشەنیگای تایبەتی تاقمێ لە ڕێڕەوانی ئەو ڕێبازە، پلات ڕەفز كراوە. بەڵام هەر ئەم ڕەفز كردنە، یان نووسەرانی چیرۆكێك كە ڕووداوەكانی پێوەندییەكی لۆژیكی و هۆكارییان پێكەوە نەبێ، نیشاندەری جەوهەری پلاتن. بەوتەی

ئـەرەسـتـوویـی و بـەدەربـڕیـنـێكـی تـازەتـر، دژە پـلات، ئـاكـام و داهــاتـی دیالەكتێكی پلاتە. بەم پێ و دانگانە، چما زبان لە بری یان چەشنێ چیرۆكی نوێدا دەبێتە شاعیرانە – كە ئەم شاعیرانە بوونە جیاوازە دەگەڵ زبـانـی ڕۆمـانسی بـوون – ئـاكـامـەكـەی ئـەمـە نـابـێ: گێڕانـەوە كـە خـۆی داهـاتی پلاتـە، كەمڕەنگ بێتەوە. لە پەڕاوێزی ئەمەدا عەرزتان بكەم، من بڕوام وایە كە باری بەشێكی گەورەی بووژانەوەی ژین و پشكووتن و گەشە كردنی ئەدەبی فارسی، نراوەتە سەر كۆڵی نەوەی ئێستا و نەوەی پاش ئێمە، چ بمانهەوێ و چ نەمانهەوێ ئامادە بوون و شاهید بوون لەم سەردەمە تایبەتەی مێژووی ئێراندا، یانی سەردەمی شۆڕش و شەڕی ئەم سالانـەی دوایـی، هـەڵسووڕان و چـالاكـی بـۆ دابـینـكـردنـی دیـمـۆكـراسی، بـەرپـرسـایـەتـی و ئـێقـبـاڵێكـی ئـاوای نـاوەتـە سەرشان و ئـەستۆی ئێمـە. بەشكەم لەم ئەركەدا تێكشكاین. بەلام بیر و بڕوام وایە بێتو دروست و ئەركناسانە و وێڕای ئەویندارى بۆ ئەدەب و ئینسان و زبانی فارسی بجووڵێنەوە و تەقەلا بكەین، دیوار و شوورەی نێوان ئەدەبی فارسی و ئەدەبی جیهانی بە دەستی هەر ئەم دوو نەوەیە درزی تێ دەكەوێ و شەقار دەگرێ و دارمان و تێكڕووخانەكەی ئیدی حەتمی دەبێ. باشە چما ئەم بڕوا یا گومانە بسەلمێنین، دەبێ دژواربوونی ڕێگەش بسەلمێنین و بۆ وێنە لۆمە و سەرزەنشتەكانی درووی مۆغیلانیش. دەیجا دەبێ ئاسۆی ڕووانـیـنـمـان لـەو لاتـرەوەی چـەند دەیـە و لـەو لاوەترەوەی دەورووبـەری خۆمان تەماشا كەین و بدینین.

گشتێتی ئەدەب ببینین هەتا ڕۆحی ئەدەبمان بۆ دەركەوێ.

ع: بگەڕێینەوە سەر چیرۆكەكانتان، بەم گۆشە نیگایەوە كە هەتانە، مەجبوور بەمەن كە لە هەر چیرۆكێكدا بە گۆشە نیگایەك و زبانێك و تێفكرینێكی جیاواز بڕۆنە پێشەوە. بەڕاستی شتی ئاوا لە چیرۆكەكانتاندا دەقەومێ؟

م: وای دابنێین بێژەرو گێڕەوەری چیرۆك، بۆ وێنە چیرۆکی «بەرد» کار بە دەستێکی درۆزنی جامبازی دوڕووە، کە دەیهەوێ پلەو پایە وەرگرێ لە بۆ گەیشتن بەم مەبەستانە هەر کارێك دەکات. من بە نێوی نووسەرێك هەوڵ دەدەم ئەم کابرایە بناسم، چونکە دەمهەوێ ئەو بگێڕمەوە. ئەم کابرایە چ زبانێکی هەیە؟ ئەمە ئیدی زبانی منی نییە. من دەبێ تێکۆشم و دەبێ بتوانم زبانی کەسێکی ئاوا ساز کەم. بە هەموو ناشیرینییەوە دەبێ تەقەلا بکەم تێفکرینم دەگەڵ تێفکرینی ئەودا ببێتە یەك، هەتا زبانمان ببنە یەك. لە هەر چیرۆکێکدا ئەم ڕووداوە دەقەومێ، چما سەبارەت بە کابرای چیرۆکی «بەرد» پرسیار لەمن بکەن دەڵێم لەو زبانە بێزارم و زبانی من نییە، لە بەر ئەوەی زبانێکە کە درۆ و دووڕوویی تێدا لە شەپۆلاندایە، فەرهەنگی دووڕوویی تێدایە. فەرهەنگی وتن و نەوتن یانی نەبوونی ڕاستی تێدایە. هەر لە ڕستەی یەکەمیەوە درۆ دەکات... لە بۆ ئافراندنی کەسێتییەکی چیرۆکی، ئافراندنی ئەو پێویستە، پێوەندیی بە هێز و توانای نووسەرەوە هەیە کە بتوانێ چەندە کەوڵ و توێژ حەوا دات، چەندە بتوانێ بچێتە کەوڵی کەسێتییەکی دیکەوە و بە زبانی ئەو بدوێ و شت بگێڕێتەوە.

ع: ئیستا لێرەدا ئەم مەترسییە نییە، بەڵام چیرۆکی «دۆڵ و دەرەی خۆشەویستی گیا» لەبەر چاو بگرن، لەم چیرۆکەدا ئەو مەترسییە هەیە کە تێفکرینی ئەو کەسێتییە لە چیرۆکدا، بۆ خۆتان دایسەپێنن. لە ڕاستیدا نایەی بە ناوی ئینسانێکی سەدەی نۆزدەوە لە چیرۆکی «دۆڵ و دەرەی خۆشەویستی گیا» قسان بکەی؟

م: بەڵێ بە ڕای خۆم ئەمە ئەو پەڕی سەرکەوتوویی من دەبێ کە بتوانم ئەم ڕووداوە بە شێوە تێفکرین و زبانی کابرایەکی سەدەی نۆزدەوە بگێڕمەوە. لە برێ چیرۆکدا، نووسەر ئاخێوەر و گێڕەوەری چیرۆکە. لە کاری ئاوادا، لە لایەنی یەکەم لایەنەکانی دواترەوە، زبانی نووسەر دەکار

دەکات، بەڵام تەشقی سەرکەوتوویی نووسەرێك ئەو کاتەیە کە ئاخێوەرێکی یەکەم کەس لە چیرۆکدا هەیە و کەسێتیی چیرۆك و کەسێتیی نووسەر جیاواز و دژ بە یەکن. تەشقی سەرکەوتوویی نووسەر ئەمەیە زبانی خۆی خامۆش کات و زبانی گێڕەوەری چیرۆك دەکار کات. لە ڕاستیا چیرۆکنووسین یانی ئەمە و ئەم کارانە. هەر نووسەرێك چەندە بازنەی ئەو کەسایەتییانەی خولقاندوونی، زیاتر بێ، نووسەرێکی بە تواناتر و سەرکەوتووترە. نووسەرێك بە زبانێك و دوو سێ کەسێتی چیرۆکییەوە. یانی دووپات بوونەوەی دوو سێ چیرۆك. یانی ماڵێك یا بنەماڵەیەك. نا، گەڕەگێك. نا شارێك، یا وڵاتێك. لە هەمبەر ئەمانەدا، نووسەرانێکمان هەیە یانی جیهان. بەم چەشنە یەکی وەکو من دەبێ بتوانم لە چیرۆکەکانمدا، هەمە چەشنە کەسێتیی چیرۆکی لەڕاستەقینەی چیرۆکیدا سازکەم. باش، خەراپ، ناحەز، جوان، ڕاست بێژ، درۆزن، بوێر، ترسەنۆك و... هەڵبەت ئەم ئاوەڵناوانە نیسبین و لە ڕاستەقینەیی چیرۆکیدا نیسبی بوونیان دەبێ. بەڵام هەر لەم نموونەیەی چیرۆکی «بەرد»دا، چما من توانام بووبێ زبانی ئەو کاربەدەستە دووڕووە فێڵەباز و ڕیاییکەرە ڕاست کەمەوە، لەلایەنەکانی خوارەوەی چیرۆك، یانی لە دەلالەتە پێوەلکاوەکانی ئەودا، حەتمەن ڕاستی و دادەوریی نووسەر لە زەینی خوێنەردا وەجم و جۆڵ دەکەوێ. نابێ نیگەران بین، ئەوەمان لە یاد بێ کە هەروەکو زبان، چیرۆکیش خاوەنی خودی ناهۆشیارە و ئەمە دەگەڵ خودی ناهۆشیاریی خوێنەردا پێوەندی پێك دێنێ. دەمهەوێ بڵێم خوێنەری بەهۆش و گۆش و حیرفەیی، حەتمەن لە نێوان درزی گێڕانەوەکانی کەسێتییەکی درۆزن و دووڕووی پسپۆڕەوە، درۆکان و فێڵ و فەرەجەکانی ئەوی بۆ دەردەکەوێ. خوێنەری جاروبارەیی و ناشارەزاش هەر لە سۆنگەی خودی ناهۆشیاریی زبانی چیرۆکەوە، هەست بە ڕاستیی شتەکە دەکا یانی ڕاستیی بۆ دەردەکەوێ. ئەزموونی

ئـەم داواکـاریـیـەم هـەر لـە چـیـرۆکـی «بـەرد»دا هـەیـە. خـوێنـەرێك بۆی دەرنەکەوتبوو ئاخێوەر درۆ دەکات و ئەوی بە کەسێتییەکی باش و دڵسۆز دانا بوو. بەڵام ئەم خوێنەرە، ئەم ئاخێوەرەی خۆش نەدەویست، خۆشی لێی نەدەهات. چی قەوما بوو؟ ئاشکرا نە!!...

ئەڵبەت دەبێ ئەمەش بزانین کە پێوە بوونی ئاخێوەری درۆزن نابێ دەستکرد و بە ئانقەستە بێ. دەبێ هەر بە ساز و کاری چیرۆکەوە، ڕاستیی چیرۆك ئاشکرا کرێ یان ئاشکرا بێ. هەر لە سەر ئەم باسە چما سەرنج بفەرموون، وتم لە لایەنەکانی خوارەوە، یان لە دەلالەتە پێوەستەکانەوە هەر بەم واتایەوە ئەم شێوازی ئاخێوەری درۆزنە، لە چیرۆکێکی دیکەشدا، نـیـزیك بـوومـەتـەوە. چـیـرۆکـێکـە بـە نـێوی «قـەڵاکۆن» لـە کۆ چـیـرۆکـی «ڕۆژهەڵاتی وەنەوشە»دا لە وێدا سێ ئاخێوەری جیاواز حوزووریان هەیە و باسی ڕووداوێك دەکەن کە بەسەر هەڤالێکیاندا هاتووە، لە شەوێکدا. هەر بـەتـکـای ئـەم هـەڤـاڵـە، لـەو کۆنـە قـەڵایـەدا هـەرکـام لـەم چـوارە ئـاوات ، خـۆزیـایـەك دەخـوازن، بـەڵام هـەڤـاڵـەکـەیـان خـۆزیـاکـەی خـۆی ئـاشـکـرا نەکردووە. بەڵام لە پاش ئەو شەوە، ڕەوتی وێرانبوونی ئەو دەست پێ دەکا: عاسی و هەمیشە تووڕە، ناسازگار و گۆشە گیر دەبێ. دارمان و وێرانی و تـەنـیـایـی تـا مـردن. سێ ئـاخێوەری چـیـرۆك بـەڕواڵـەت سـەرقـاڵـی ئـەوەن هەرکام – ئەڵبەت لە ڕوانگەی خۆیەوە – هەمووشتێ بە ڕاستی بگێڕنەوە. هـەرکـام لـە دوایـین ڕسـتـەدا دەڵـێن: ئـاخـری نـەمزانـی فـلان چ ئـاواتـێکـی خواست کە وا ئەم هەموو بەڵایەی بەسەر هات. تەنها یەکێ لەوانە دەڵێ ئاخر کەڕەت کە لە خۆیم پرسی لامەزەب! دابڵێ بزانم چ خۆزیا و ئاواتێکت خواست کە ئاوات لێ هات؟...

گێڕایەوە کە ئەو دۆستەیان وتوویە چما دەتهەوێ بزانی چ خۆزیایەکم خواست، دەبایە خۆت خۆزیات خواستایە تاکو بتوانی فیکری ئینسانەکان بـخـوێنـیـیـەوە... بـاشە زۆر کـەس لـەم نـەهـێنـیـیـەی چـیـرۆکـەکـە تـێ

نەگەیشتبوون، دەتوانم چی بکەم؟! هیچ... گێڕانەوەی بە دەست ئەو سێ کەسەوەیە، قەواره و فۆڕمی چیرۆك حەوجێ و نیازی بە مەیە، وەکو چارەنووس. ئەمانەش زۆر سروشتیانە دژی خۆیان قسە ناکەن. وێڕای ورد بوونەوە و سەرنجدان لە دوایین ڕستەی ئەو دۆستە، دەبێ سەرسامبوون خۆیا بێ، سەرسامبوونی لە خوێندنەوەی فیکری دیتران. ئاواتێکی ویرانکەرە، ئەو سێ ئاخێوەرە، وەکو ئینسانە درۆزن و دووڕووەکان – کە هەمووماں نموونەیانمان بینیوە – قسان دەکەن. باسی ئەو دزی و درۆزنییە ناکەن کە لەگەڵ هەڤاڵەکەیان کردوویانە، بە دەربڕینێکی ڕەشۆکی، باسی نامەردیەکانی خۆیان ناکەن. بەپێچەوانەوە، تێ دەکۆشن خۆیان بە خوازیار و لاینگر و میهرەبان دەگەڵ ئەودا بنوێنن. دوژمنییان بۆ ئەو لە دڵدا بووە، یا باشتر بڵێین لە دڵەوە دوژمنییان دەگەڵدا کردووە. هەتا ئەو ڕستەیەی نەهێنییەکە خۆیا و ئاشکرا دەکات، کەسێتی و دۆستایەتیی ئەو سێ ئاخێوەرە، خەراپ و بەدفەڕ نەخش کراوە، لە پاش دەربڕینی ئەم ڕستەیە، کلیلێك ئەدرێتە دەست خوێنەری بەهۆش و گۆشەوە. بێتو خوێنەر بۆی دەرکەوێ ئاواتی ئەو هەڤاڵە «بابردەڵە»یە، خوێندنەوەی زەینی دیتران بووە، لە خەیاڵاتی خۆیدا، دەتوانێ بۆ چوونی هەبێ کە ئەو کابرا چی لە زەینی دۆستانیدا خوێندووەتەوە کە ئاوەها لێڵ و تاڵ و ڕەش و هیوابڕاو بووە... بەڵێ ئاوایە کە چیرۆکێ دژوار دەبێ و درەنگ خۆی بۆ خوێنەر بەدەستەوە ئەدات. ئەڵبەت چما ڕۆژگار و عەیامێك خوێنەری تازەکاری ئێرانی، دەگەڵ ئەم چەشنە فۆڕم و فرفێڵانەی گێڕانەوە دیوناس بێ و دەیان چیرۆکی لەم چەشنە خوێندبێتەوە، چیرۆکێکی ئاوا هیچ دژوار نییە. خوێنەر فێردەبێ کە ڕواڵەتی گێڕانەوە، شیمانەی هەیە هەموو ڕاستی ڕووداوەکە نەبێ، یان لانیکەم ڕاستەوخۆ لە گۆشەنیگای کەسێکی دیکەوە. لێرەدا منی نووسەر دەبێ لە هەوڵ و تەقالای ئەوە دابم زبان و فرفێڵ و دووڕوویی ئەم سێ

ئاخێوەرە چیێ کەم. شیاوی بڕوا پێکردنە و بەڕاستییە. لە قەڵاکۆندا، بە ڕاستی ئەم سێ گێڕەوەرە ناشزانن خۆزیای هەڤاڵەکەیان چی بووە، یانی لانیکەم ئەمەیان بە راستە. بەڵام ئەمەش ناڵێن هەر کاتێ چوونەتە سەر و سۆراغی دۆستەکەیان، بۆ وێنە بۆ وەرگرتنی پووڵێك، یان بە بۆنەی هاودەردی دەگەڵ ئەودا، لە زەینیاندا چ فیکرێکیان بووە کە ئەو زۆر توند و تووڕە بووەو ئەو گشتە هاوارەی کێشاوە و... با بگەڕێینەوە سەر باسەکەمان. دەمووت کە زبان چێکردن و زبان داهێنان، کاری سەرەکیی نووسەرە، ئەگینا خۆ لە مێژە، ڕووداو بە چەشنگەلێکی دیکە گێڕدراوەتەوە... هەر زبانێك لە دەروون و ناو خۆێدا شیمانەی هەبوونی بێ ئەژمار زبانی دیکەی هەیە. یانی هەمان لایەنێك لە زبان کە سووسۆڕ و زبان ناسانی بنەما خواز، بە ئانقەست ئەو شتەیان دەخستە پشت چاو، هەتا دەست بگەیەننە ڕۆحی هاوبەش و بنەمای هاوبەشی گشت زبانەکانی جیهان بەڵام بۆ نووسەر، لە ڕاستیدا ئەم لایەنەی زبان گرینگ و سەرەکییە. کاری نووسەر دەرکێشان و دۆزینەوە و دەکار کردنی شیمانەکانی زبانییە. بە چیرۆکێك، دووان، سیانی، یان دە چیرۆك ئیدی بەسە کە نووسەر لە وتەی خۆیەوە جیهان باس بکات. نووسەر دەبێ گێڕانەوەی دیترانیش چیێ کات، چ لە گێڕانەوە دا و چ لە ئاخافتن و دیالۆگی کەسایەتییەکاندا.

ع: هەر لێرەشەوەیە کە سەرنج بۆ ئاخافتن دەستنیشان دەبێ.

م: ئاخافتن لە چیرۆکی نوێدا شوێن و پلەوپایەیەکی شیاوی سەرنجی هەیە

ع: گرینگیی ئاخافتن سەبارەت بە ڕووبەڕووی بوونەوەی لە ناکاوی خوێنەر دەگەڵ کەسێتیی چیرۆکدایە.

م: بەڵێ، بە تایبەت ئەو کاتەی نووسەر خۆی ئاخێوەری چیرۆك بێ، لەم کاتەدا، بەقەولی ئێوە خوێنەر لە ناکاودا بە دیالۆگ و ئاخافتن، دەگەڵ

دەنگی کەسێتیدا هەمبەر دەبێتەوە. دەیجا کە بێتو ئاخافتنی کەسێتییەکان باش نەبێ و بە قەوارەی دەمیان چێ نەکرابێ و نەنووسرابێ، چیرۆك لە پڕدا دادەڕمێ. ئەڵبەت، لە سۆنگەی دیالۆگەوە دەکرێ «کەسێتی»ش چێ کرێ. ئەم قسانەم لە زنجیرە وتارێکدا کە سەبارەت بە تەکنیکەکانی چیرۆك نووسیومە، هێناوەتەوە. با لێرەدا کورتی کەینەوە بۆ ئەو خوێنەرانەی نەیان خوێندووەتەوە. با ئەمەش بڵێم: لە زبانی فارسیدا بە هۆی مەودای زۆری نێوان وتە دەگەڵ نووسراوەدا، بایەخی دیالۆگە و وردەکارییەکانی زیاتر دەبێ. بۆ وێنە لە ئینگلیزیدا مەوداکە ئەمەندە نییە. یانی «فاکنەر» بەو نەسر (پەخشان)ە بەرزەوە، دەتوانێ وتەی قولە ڕەشێکی ڕەشۆکی، هەر وەکی چۆن برێ لە وشەکان دەجوێ و دەیانشکێنێ و دەریان دەبڕێ، تۆمار کات و بینووسێتەوە. چونکە گشت وشەکان ناشکێندرێن، بەڵام لە فارسیدا «میرم» لە کوێیە و «می روم» لە کوێ، «میگم» لە کوێ و «می گویم» لە کوێیە؟ دەیجا کاتێ لە چیرۆکێکدا نەسرێکی ڕازاوە و قورس و بەشکۆمان هەیە، هێنانەوەی وشەی سواو و شکاوی ئاخافتن لە وتەی کەسێتیەکاندا، وەکو لاتراسکەبەستنی لێ دێ لە زولاڵیی نەسردا. ڕێگەی چارەسەرکردنێك ئەمەیە کە وشەکان نەشکێنین، بەڵام دیالۆگەکان بە نۆرمی ئاخافتن بنووسین کە دەگەڵ نۆڕمی نووسیندا جیاوازیی هەیە. تا ئەو جێگەش بلوێ لە ئاخافتنانەدا کە بەم چەشنە خوێنەر ئاخافتنی چەشنی نووسینەوە، بە چەشنی ئاخافتن دەیخوێنێتەوە. تەنانەت لەو ئاخافتنانەدا کە سەرکەوتووانە ئەفراندراون، ڕاوێژ و زاراوەی ئاخێوەریش دەتوانین بۆ خوێنەر بگوێزینەوە. چارەسەر کردنێکی دیکەش جگە لە مانەی کە وتم هەیە. لە ڕۆمانی «دڵی دڵداری»دا، لەمەم کەڵك وەرگرتووە. یانی دەستەو داوێن بوونی یاسا و ڕێسا. بەڵام بەڵێنیم بە خۆم دا، بۆ وێنە فرمانی پێوەندیی «است»، بکەمە «هەیان»، وێڕای ئەوەی بەم هۆیەوە کەیەکێ لە شوێنەکانی ڕووداوی ڕۆمان

باکووری ئێرانە، پێچەوانە بوونی جێگەی ئاوەڵناو و ناویشم لە ڕستەدا گونجاند، هەم لە نەسری ڕۆماندا و هەم لە زبانی ئاخافتنە کاندا... وەلحاسڵ، ئەوەندەی بابەتی دایەلۆگ بایەخی هەیە، تەکنیکیش ئەوەندە گرینگ و گرانە.

ع: لە ڕابردوودا پێوەندیی چروپڕی نێوان خوێنەر و نووسەریش نەبوو، نووسەر چیرۆکەکەی دەگێڕاوە و خوێنەریش دەیخوێندەوە، گریان یان پێکەنینێکیشی لە دوا بوو و گشت شتێ تەواو دەبوو، بەڵام لەمڕۆدا هەر لە دەستپێکەوە نووسەر بە خوێنەر دەڵێ: «هۆشیار بە، جێ نەمێنی». لەمڕۆدا بە چەشنێك خوێنەر دەبێتە نووسەر و دەگەڵ نووسەری ڕاستی شانبەشان دەچنە پێشێ.

م: بەڵێ ئەمڕۆ لە چیرۆکی نوێدا، نووسەر تێ دەکۆشێ حوزووری نەبێ. ئەڵبەت بەو مەرجە فۆڕمی چیرۆك وای پێویست بێ، دەیجا نەبوونی حوزووری ڕواڵەتیی نووسەر لە دەقدا دەبێتە هۆی ئەوەی خوێنەر، حوزوورێکی زیاتر لە چیرۆکدا پەیا بکات.

ع: بەوردی بۆچی؟

م: لە بەر ئەوەی نووسەرێك نییە کە کارەکەی گەیاندنی ئاگەداری بۆ خوێنەر بێ. کاتێ من بیری بیست ساڵ لەمەوبەر دەکەمەوە، کاتێ ئەم بیرەوەرییە بۆ ئێوە دەگێڕمەوە، دوو چەشنە گێڕانەوەمان دەبێ، کاتێ خۆم بیر دەکەمەوە، زنجیرە ئاگادارییەکی خۆم دەیزانم بۆ خۆمی دووپات ناکەمەوە. بۆ وێنە. ناڵێم: «میهردادی کوڕی پوورم»، دەڵێم: «میهرداد». بەڵام کاتێ بیرەوەری بۆ ئێوە دەگێڕمەوە، کاتێ ناوی میهرداد دەڵێم، لێبڕاوم دەبێ بڵێم: «میهردادی کوڕی پوورم»، بەمەدەڵێن گەیاندنی ئاگاداری ڕاستەوخۆ. ئێستا چما فۆڕمی چیرۆك جۆرێك یان چەشنێکە کە کەسێتیی چیرۆك هەر بیردەکاتەوە و بۆ کەسی ناگێڕێتەوە، ببڕای ببڕ

نـابـێ ئـاگـاداریـی گـەیـاندنـی ڕاستـەوخـۆی هـەبـێ. لـە زۆربـەی چیـرۆکـە ئێرانییەکاندا، کە بۆ وێنە تاکبێژین، ئاگاداری گەیاندنی ڕاستەوخۆ و گێڕانـەوەیـی دەبـیـنـیـن و ئـەمـەش لاوازیـی چیـرۆکـە. بـۆ وێنـە چیـرۆکـی «سبەینێ»ی سادق هیدایەتی مەزن. بەڵام هەرەوەز و بەشداری کردنی خـوێنـەر، چـڕ نـابێـتـەوە بـەسـەر کـۆکـردنـەوەی ئـاگـاداریـی نـاڕاستـەوخـۆ و دۆزینەوەی پێوەندیی نێوان کەسێتییەکان و نەوتراوەکانی ناو چیرۆك. بە هۆی فەلسەفەی چیرۆکی ئەمڕۆییەوە کە لە دۆخی پۆست مۆدێرنیستیدا قـووڵـتـریش بـووەتـەوە، خـوێنـەر مـەجـبـوورە و دەبـێ بـەشداری بکـات لـە پـێکـهـێنـانـی چیـرۆکدا. قسەکـەی دوور و درێژە. بـە کـورتـی: ڕەهـا بـوونـی ڕاستەقینەی دەرەکی، کە سێبەری خستووەتە سەر چیرۆك، زوڵاڵ نەبوون و لاوازیی زبـان کە لە تایبەتمەندیی زات و جەوهـەری زبـانـەوەیە. یـانی تـایبـەتمـەندیی نـەفسانیی زبـان کـە داهـاتـی جیـاواز بـوونـە. جگـە لـەمـە، کۆمـەڵێ دەلالـەتگـەلی دیکـەش کـە دەبنـە هـۆی ئـەوەی «مـەدلوول» بـەردەوام دوودڵ بێ و تاقانە نەبێ.

ع: ئـەم ڕەوتـە لـە «ڕۆمـانـی نـوێ»ی فـەرەنسیـدا، ڕەفـز دەبـێتـەوە؟ ئـەو کارانەی وا «**ڕۆب گریێ**» و دۆستانی ئەو کردیان؟

م: لە بۆ خودی من ئەو سەردەمە، سەردەمی یەکاڵا بوونەوە بوو، کاتێ کتێبەکەی «ناتالی ساروت» وەرگێڕدراوە.

ع: یانی کتێبی «سەردەمی بەدگومانی»؟

م: بەڵێ، سەردەمی بەدگومانی، ئەمە یەکەم کەڕەت بوو، کتێبێك لە تـیـۆرەکـانـی ڕۆمـانـی نـوێ، بـکـرێتـە فـارسی. وای بـۆ دەچـم پـێشتـر ئەبولحەسەن نەجەفی لە یەکێ لە ژمارەکانی «جونگی ئیسفەهان» دا بەشێ لە ڕۆمانی «پێنووس سڕەوەکان»ی ئالین ڕۆب گریێ وەرگێڕا بوو، دەگەڵ وتار گەلێکی ڕۆمان نووسەکان لە مۆسکۆ...

ع: وێڕای ئەو ئاماژانەی ڕەزا حوسێنی لە «قوتابخانەکانی ئەدەب»دا بۆ ڕۆمانی نوێی کردووە.

م: بەڵێ، یەك دوو وەرگێڕانێکیش لە کارە چیرۆکێکانی دۆراسیش «مارگەرێت» بوو، ئەمانە گشت ئەو شتانە بوون کە ئێمە سەبارەت بە ڕۆمانی نوێ دەمانزانی بڕیار وابوو ئەم کتێبە بخوێنینەوە و لە کۆڕی پێنج شەممۆیانی هۆشەنگ گۆلشیریدا سەبارەت بە ڕۆمانی نوێ قسان بکەین. من دەستم کرد بە خوێندنەوەی کتێبەکە. زۆر لام سەیر و سەمەرە بوو. لە بەر ئەوەی دەمدیت بڕێ لەو شتانەی تێیایدا باس دەکرێ و دەیکاتە تیۆری، لە پێشدا، هەر لە تەمەنی چیرۆك نووسینی خۆمدا بە چەشنێ هەستم پێ کردبوون . بۆ وێنە دەمدیت گوڵشیری لە داستانی «کریستین و کید»دا بە بەشێ لەم قسانە گەیشتووە. لە پاشان تەماشای مێژووی وتارەکەم کە کرد لە کتێبەکەدا. دیتم ئای داد و بێداد! ساڵی ١٩٤٥ز... دیتم ئەم قسانە چەندە کۆن و قەدیمین و تازە ئێمە بەوانە دەگەین یا دەیانبیستین. لە پاشان لە کۆڕدا قسەکرا، دیتم دۆستان ئەویندارى و گیرۆدەییەکی تایبەتیان بەم قسانە تێدا بەدی هاتووە، باسی بابەتەکەم کرد: کاکە! ئەمانە قسەی ٥٠ ساڵ لەمەوبەرن. ئەڵبەت گوزارەی ڕۆمانی نوێ دڵڕفێن و جوان بوون و هەن، هەمیشە بەزەینمدا دەهات کە لاوازییەك لەنێو ئەمانەدا هەیە. لەپاشان بۆم دەرکەوت لاوازی لەوەدایە کە ڕۆمانی نوێ لە هەوڵی ئەوەدایە ببێتە قوتابخانەیەك و بەوردی هەر ئەمەش، خۆی ڕەفز دەکاتەوە. چونکە لە ڕاستیدا لە ناو خۆیدا ڕەفزی خۆشی تێدایە. چما ورد بینەوە، تەماشا دەکەین ڕۆب گرێی جاروبار دژاودژ و دژواز قسان دەکات، یان ئەو کەسانەی کە وەکو سەر بە ڕۆمانی نوێ نێودار بوون، وتەی هەر کام لەگەڵ ئەوانی دی جیاوازیی هەیە. بەم پێیە نەیانتوانی ببنە قوتابخانەیەك و تاقە هەر زنجیرە گوزارەیەکی باش و شۆڕشگێرانەیان لە پێوەندی دەگەڵ چیرۆکدا هێناویە ئاراوە، کە بە

کەڵکیش بوون. خاڵی دوایی ئەمەیە: ڕۆب گرێی جەخت دەکات کە دەبێ زبان لەحاڵەتە ئینسانییەکان و وەسفە ئینسانییەکان بۆش کەینەوە. یانی لە گۆشەنیگای ئینسانەوە تەماشای جیهان نەکەین و ئاوەڵناوە ئینسانییەکان بە جیهانەوە نەلکێنین. ڕەنگە لە حەولی ئەوەدایە چەشنێ زبانی زانستی یا فیزیایی بدۆزێتەوە. بە چەشنێکی سروشتی زبانی سینەما حاڵەتێکی ئاوای هەیە، زبانی ماتماتیکیش کە لە چوواندن و شوبهاندنە ئینسانییەکان بەتاڵە. بەڵام بەوردی هەڵەکە ڕاست لێرەدایە. زبانی سینەمایی لە جێگەی خۆیدا بایەخدارە و نووسەر لە هەرکوێدا بە پێویستی بزانێ، دەتوانێ وا بنوێنێ کە ئاوا لە فڕ و فێڵی سینەمایی کەڵك وەردەگرێ، بەڵام جەوهەری سینەما دەگەڵ جەوهەری چیرۆك یان جەوهەری زباندا جیاوازییان هەیە. گریمان توانیمان چیرۆکێ، ڕووداوێ یان کارێکمان لەسۆنگەی زبانەوە، بە بێ هیچ حاڵەتێکی ئینسانی دەربڕی و گێڕانەوە، چ هونەرێکمان کردووە، ئینسان لە تەقالای ئەوەدایە بە هۆی زبانی خۆییەوە جیهان بگێڕیتەوە. یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی چیرۆك نووسین ئەمەیە کە منی چیرۆکنووس ئەو جیهانەی کە دەیدینم، بە وشە چێی کەم و لە گۆشەنیگای خۆمەوە بیڵێمەوە. ئەم گەردوونە و ئەو کۆ ئەستێرە و وردە ئەستێرەیەی دەوراندەوری خۆر و سەر باقیی شتەکان بەبێ ئەوەی من هەبوونم هەبێ، هەن. من لەم نێوانەدا، دەتوانم چی بکەم؟ من دەتوانم بە زبانێك کە منی مرۆڤ پێکم هێناوە و لە نێوان ئێمەی ئیساندا داندراوە، دەری برم و بیگێڕمەوە. چما کارێکی ئاوا نەکەم و هەر هەوڵ بدەم بگەمە وەسفێکی زانستی لە درەخت یا ئەستێرەی ناهید لە ئاسماندا، ئەمە خۆ نابێتە ئەدەب. لەبەر ئەوەی گەردوون، درەخت، ژن، کوڕە منالێك، خەرتەلێك، سەیرە و قەندان و زەمان، وتن و ڕاوێژ و دەربڕین ، زبانی ئینسانییان کەمە. کاتێ دەڵێم چاوی ئەو لە «نێرگز» دەچێ، جیهان هەم چاوی هەیە و هەم نەرگیزی هەیە. بەبێ ئەوەی پێوەندی

پێکەوە هەبێ وێڕای پێکهێنانی پێوەندی لە نێوان ئەم دووانەدا، وێڕای پێوەندی پێکهێنان لە نێوان زبانی هەسارە و چاوی پەڵەنگی ڕەشدا، ئەدەب هاتووەتە هەبوونەوە و لە پەراوێزی ئەم کارانەشدا، جەوهەرەکەی لە گەڕ دایە. لە ڕاستیدا بڕیار وایە ڕاوێژی زبانی ماتماتیك لە سەر جیهان، جیاوازیی هەبێ دەگەڵ ڕاوێژی زبانی ئەدەب و زبانی ڕۆژانە.

ع: یانی ئەوان چیرۆکێکیان دەوێ کە وەکو فیلم گشت شتێك نیشان بدات؟

م: ڕێکوڕاست وایە. ڕۆب گرێی تێ دەکۆشێ هەتا لەسۆنگەی زبانەوە، دەربڕینی وێنە ئاسا پێك بێنێ، بەڵام ئاگای لەوە نییە کە ئەم کارە کامێرا و فیلم دەیکەن، دەیجا چ هەوجێیەك بە نووسەرە. بەڵام لەم دواییانەدا لە وتوویژێکداکە دەگەڵ ڕۆب گرێی کرابوو. پرسیاریان لێکردبوو، ئێوە تیۆرگەلێك دەڵێن، کە چی کاتێ چیرۆکەکەتان دەخوێنینەوە، خۆتان ئەو تیۆرانە دەکارناکەن. بۆ وێنە چیرۆکت لە ژانری «پۆلیسی»دا نووسیوە. وەڵامی دابووەوە: «بەڵێ، من کاتێ سەرقاڵی نووسینی چیرۆکم، ئیدی سەرقاڵی چیرۆك نووسینم.»

ئیدی کاری بەوە نییە خۆی چی وتووە و چ یاسایەکی بۆ چیرۆکنووسین داناوە. ئەوەی چیرۆك بەوی دەڵێ بیکە، دەیکات، بێ مەبەستی ئەو تیۆرەی کە بۆ خۆی دای ناوە. جا لێرەدا بەد بۆ حاڵ و باڵی لایەنگرانی قیرسیچمە و پڕ کەفوکوڵی تیۆری و بیرۆکەکانی ئەو، لە شوێنگەلێکی وەکو ئێراندا.

ع: وەکو دوایین قسەکانمان، با بڕۆینەوە سۆراغی چیرۆکەکانتان. لەو خەم و خۆشییانەی دەگەڵ ئەواندا بووتە ماندوو نیت؟ لە نووسین پەژایوان نیت؟ چ کار و ئیشێکت بەدەستەوەیە؟

م: کاری بنچینەیی و گرینگ هەر ئەم چیرۆکانەن، ئەگینا ئەم قسە دوور و درێژانە، درەنگ یا زوو کۆن دەبن. سەبارەت بە چیرۆکەکان ڕەنگە وتنی

ئەم قسەیە خراپ نەبێ، لە پێش چاپ بوونی کتێبێکدا – وەکو هەمووان – برێ ڕووناکی و خۆزیام هەیە. لە پاشان، لەگەڵکوو کتێبەکەمم لە سەر مێز یا لەناو جامی کتێب فرۆشیدا دیت، دڵتەنگییەکە. وەکو لەکیس چوون و لەدەست چوون. جگە لەمە، ڕۆژێك لە ڕۆژان کە لە هەمیشە زیاتر خوێن زابووە دڵمەوە، لە کردەی تاقمێ هونەرمەند، کە زۆر دژوازە دەگەڵ ئەوەیدا وا فێری بوون، بە چەشنێك و بۆ وێنە دەشنووسن.، بەزەینمدا هات: ئای داد و بێداد بێدەنگ بوون چ «مەزنایەتی» یەکی گەورەیە. وەکو «هەملێت» سەر بنێیە سەر گاشە بەردێك و بڵێی : «ئیدی خامۆش بوون و بێدەنگمان»...
بەڵێ، ئەمە هیوا بڕاوی و ناهومێدییەکە. دەڵیم کاتێ ئەم هەموو ئەدەبە، نەیتوانیوە بەری تەقینی تیر و گوللەیەك بگرێ، یان بەربگرێ لە بەر بوونەوەی بۆمبایەك، یان ئەوین لە چارەنووسی حەتمی و ماندووبوونی لەش و فەرامۆشی ڕزگار کات، کاتێ ئەدەب نەیتوانیوە هەر ئەم ئێمە مانانەی کە سەر و کارمان دەگەڵیدا هەیە مەجبوورکات «ئینسان بپارێزین»، دنە و هانمان بدات بۆ «پاراستنی ئینسانی» – کە برێ کات، ناحەزترین و بە ئەزرەبە و جەزرەبەترین خوێرییەتیی زۆر ئاگادارانە، کەسانێ دەیکەن کە داواکاری هونەرمەندییان هەیە – ئەی بە چ واتایەك؟ یانی چی؟ مەبەستم ئامۆژگاری و فێرکردنی حیکمەت نییە، یان ئەو شتەی مەبەستی لایەنگرانی ئەدەبی بەرپرسە. مەبەستم جوانی و هەستی جوانییە. چما ئەدەب یا هونەر، بەگشتی ڕۆح و دەروون نەرم و نیان ناکەنەوە؟ هێز و توانای لێحاڵیبوون کە دوژمن و ئەو کەسەی هەمبەرت بووەتەوە، نادەنە ئینسان؟ چما بە جوانیی ڕوخسار و قەوارە، یانی جوانیی داهێنان، حاڵیبوون لە جوانی، پێزانین و قەدر و قیمەت ناسینی جوانی و هەستی جوانی ناگوێزنەوە بۆ ئینسان؟ ئەی بۆچی لە کردەدا وانییە؟ ئەویش بەم گشتە ئەدەبە جوانەوە! چۆن دەکرێ کەسێك کە بیست، سی ساڵ سەروکاری دەگەڵ ئەدەبدا بووە و تاڕادەیەکی مام ناوەندی

ئەدەبیش دەخولقێنێ، خوێریترین بێ ئەمەك و سپڵە و پێنەزان و باشە كوژ بێ؟ چۆن دەكرێ قەڵەم فرۆشی بكا، لەحاڵێكدا تالستۆی خوێندووەتەوە، هـیـدایـەت و شازادە بـیـچـكۆلـە و حـافـز و فـرووغ و ئـەلـیـۆت و پـازی خوێندووەتەوە...

كەسێتیی داود لە ڕۆمانی «دڵی دڵداری» خۆمدا، لە كاتی ئاویلكە و سەرەمـەرگدا بـۆی دەردەكـەوێ «شەڕ» مـۆدێرن بـووەتـەوە، بـەڵام «خێر» هـەروەهـا تـەمـەڵ و سەلـەفـی مـاوەتـەوە. شەڕ كەڵك وەرگرتن لـە هـەمـوو كەرەسەیەكی مۆدێرن و لە ڕاستیدا ئاڵوگۆڕی مردێرنی ئی خۆی، بەڵام خـێرا، هـەروا ساویـلـكـە و دڵساف، بـەبـێ پـێچ و پـەنـا و ئـاڵـۆزكـاوی و گۆڕانكاری، هاتووەتە پێشێ، هەر لە بەر ئەمەشە خەریكە لە جیهاندا تێك دەشكێ. یان سەركەوتووییەكانی كەمن. ئەم فیكرانەم هەیە و لە پاشان ئەمەش: «بۆچی دەنووسم؟»! من خۆ لەبەر هەژاری یا لە بەر گرێی خۆ بە كەمزانین و دەستەوەستانی ڕووم نەكردووەتە ئەدەب. چما ڕووم نەكردە بابەتە ئەدەب، ساماندار بوون لە بۆم سانا بوو. نقوومبوون لە ناو خۆشی و بەختەوەریدا لە بەر دەستمدا بوو. ئەی بۆ چی ئێستا كەوتوومەتە ئەم فیكرەوە: خەریكە چیم بە سەردێ، چ بەڵایەكیان بەسەر من و ئێمەمانان هێناوە كە ئێستا گەیومەتە ئەم بڕوایە: «مەزنترین مەزنایەتی بۆ نووسەر، هێزی بێدەنگ مانەوەیە.» نازانم دەرگای دەردەدڵ كراوە، لێی دەڕژێتە دەرێ كە گشت ئەم قسە و باسانە و ئەم چەنە درێژی و درێژ دادڕییە و ئەم هەموو وتن و وتنانە بشواتەوە، بیشۆرێتەوە.

كارێكی خەراپیش نییە، چما تەواوی قسەكان حەوا دەی و تاقە هەر ئەم چەند ڕستەیەی دواوە بهێنیەوە، بینووسییەوە. قەولی ئەم ئاخافتنەم دابوویەی، ئێستا ئیدی ملكی خۆتە دۆستی ئازیز. حەواشت دا، حەوای دە... وشە... وشە... وشە... سەرسامبوونی هەیە ئەم گشتە وشەیە، كەچی هەر بەمانەش ئەم هەموو ئەدەبە جوانە و ئەم هەموو درۆ و دووڕووییە

ساختە و پاختە کراوە. هێشتا کوانێ هەتا گەیشتن بە مەزنایەتیی خامۆشبوون! گشت ئەمانەم وت. بەڵام دەزانم لە قووڵاییی دڵدا دەزانم و متمانەم هەیە: هەرچی بێ و نەبێ، چما کەڕەتێکی دیکەش بێمەوە سەر دونیا، هەمدیس هەر ئەم ڕێبازی ئەدەبە هەڵدەبژێرمەوە. نەهێنی ئەمەیە، پارادۆکس و دژوازیی نەهێنیی ئەم مەجبوور بوونە، نەهێنیی ئەم جوانییە تاڵە. چما دڕاندتن و تووڕیشت هەڵدان.

سوپاس

تێبینی و پەڕاوێزەکان:

ئا: وەرگێڕانی ئەم دوو لێدوان و ئاخافتنە لە ڕووی کتێبی «نەوەی سێهەم» کۆی دە وتوویژی یووسف عەلیخانی لەگەڵ دە نووسەری فارسی ئێرانیدا کە چاپی یەکەمی ساڵی ٨٠ی،٢٠٠١ی زاینی و وەشانخانەی «مرکز»ی تارانە، بە ئەنجام گەیشتووە.

ب:

١. سادق هیدایەت و محەمەد عەلی جەماڵ زادە دوو نووسەری دەستپێکەری نووسینی کورتە چیرۆکی ئێرانی و فارسین و ناسیاوتر لەوەن ئاماژە بە ساڵی هاتنە دنیا و مردن و بەرهەمەکانیان بکەین.

٢. شۆڕشی مەشرووتە= بزاڤێکی سیاسی ساڵی ١٢٨٤ی کۆچی «١٩٠٥»ی زاینی دژ بە بنەماڵەی قەجەر و دیکتاتۆریەتی قەجەر و بۆ بەدەستهێنانی نیزام و نەریتی پەڕلەمان لە ئێران دا.

٣. کێشەی «ئەنگوور و عەنیب و گریپ= ئاماژە بە شێعرێکی مەولەویی فارسی= جەلالە دینی ڕۆمییە، کە لەودا سێ کەس لە سێ نەتەوە و ڕەگەزی جیاواز لە سەر ئەوەی «ترێ» ناوی چییە شەڕیانەو...

٤. «صفویە و قەجەر» دووبنەماڵەی پاشایەتی ڕابردووی ئێران.

٥. n واتایی دەقی یان n واتا دار بوونی دەق= تیۆری پاش نوێخوازی کە لەودا دەوترێ دەق هەر تاکە مانایەکی نییە و بگرە هەر دەقێك چەندان واتای هەیە. جیاوازی هەیە دەگەڵ «بێواتاییی دەق»دا

٦. بارام سادقی= چیرۆك نووسێکی زۆرباش و گەورەی ئێرانی کە دوو بەرهەمی هەیە. «مەلە کووت»، کە نۆڤلێتێکی مۆدێرنی درێژە ٢- «مەتەرێز و قومقومە خاڵییەکان». بارام سادقی زۆر زوو کۆچی دوایی کرد لە کۆ چیرۆکی «مەتەرێز و...»ی ئەو، وەکو باشترین کۆ چیرۆکی ئێرانی باس دەکرێ.

٧. «دڵی دڵداری»م بە واتای «دل دلدادەگیها» ڕۆمانی بەناو بانگ و ٢ بەرگی مۆندەنی پووردا داناوە.

٨. «شوهوود»: ڕێبازی سەر بە قوتابخانەی «اشراق»ی شێخ «شەهابەددین سوهرەوەردی» عاریف و فەیلەسووفی کوردی ئێرانی، پێڕەوی قوتابخانەی نوێ ئەفلاتوونی دەکەن لە هەمبەر ڕێبازی «مەشائییان» کە ئەمانەن سەر بە قوتابخانەی ئەرەستوون

٩. هەشت کتێب= کۆی هەشت دیوانە شیعری سۆهراب سپێری، شاعیری فارس کە لەم تاقەکتێبەدا کۆ کراون و چاپ بوون.

١٠- «فارسی بپارێزین»، پرۆگرامێکی ڕادیۆیی و تەلەفزیۆنی کەمبایەخ کە لەسەر ڕێزمانی فارسی دەدوێ.

١١. بەیهەقی= محەمەد کوڕی حوسێن لە شارۆچکەی «بەیهەق»ی پارێزگای خوراسان لە ڕۆژهەڵاتی ئێراندا لە دایك بووە. کاتب و نووسەری دامو دەزگای مەحموود و مەسعوودی «غەزنەوی» بووە. خاوەنی کتێبی مێژوویی «مێژووی بەیهەقی»یە. زبان و نەسری ئەم کتێبە هێندە بەرزە کە ئەحمەدی شەملوو و مەحموود دەوڵەت ئابادی سەدان جار پێیان لێ ناوە کە لە بەرهەمەکانیاندا لە ژێر کاریگەریی زبانی ئەم کتێبەدان.

١٢. دۆگم= ئیشك، وشك. دوگمەتیزم= فکری ئیشك، دید و فکری سنووردار و بەرتەسك و بەرچاو تەنگانە.

١٣. لیوێرپووڵ- ناوی شارێك و کلووپێکی فووتباڵی ئەم شارەیە، لە بریتانیادا. لایەنگرانی ئەم کلووپە فووتباڵە زۆر خێڵەکی و سەبارەت بە کلووپەکەیان دەمار گرژ و قیرسیچمەن.

١٤. «سوور» و «شین» دوو کلووپی فووتباڵی شاری تاران لە ئێراندا کە جلوبەرگەکەیان سوور و شین یەو لایەنگرانی ئەم دوو کلووپە، زۆر قیرسیچمەن و بەردەوام لەگەڵ یەکدا شەڕ و کێشەیانە.

# وتوویژ لەگەڵ «مەنسوور کووشان»
# چیرۆکنووسی ئێرانی

**پێشەکی:**

بایەخ و گرینگیی ئەم وتوویژە لەوەدایە کە یەکێ لە چیرۆکنووسانی باشی ئەمڕۆی ئێران، زۆر بوێرانە و بێباکانە بێ گرێوگۆڵ بە کورتی و ئازایانە لە سەر ڕەوتی چیرۆکنووسیی ئەم سەد ساڵەی ئێران قسان دەکات. مەنسوور کووشان، سەرنورسەری کۆواری «تکاپو= هەڵسووڕان و تەقالا» بوو کە لەلایەن میرییەوە داخرا.

کووشان، ساڵی ١٣٢٧ هەتاوی «١٩٤٨»ی زاینی لە شاری ئیسفەهان هاتووەتە سەر دونیا، ئێستا لە دەرەوەی ئێران لە «ئەورووپا» دەژی و نێزیك دە کتێبی بڵاو کردووەتەرە.

لە کتێبەکانی مەنسوور کووشان:

١– موحاق ڕۆمان.

٢– خەوی بەیانان و دوور خراوەکان «کۆ چیرۆك»

٣– مەترسییەکانی ژیان، کۆ چیرۆك.

٤– مەترسییەکانی مەرگ، «کۆ چیرۆك»

٥– نەهێنیی ژووری بەهار خاب «ڕۆمان».

٦– زانییە «کۆ چیرۆك».

٧– نەریتەکانی سەر زەوی «ڕۆمان» و...

ئەم وتووێژە لە لایەن یوسف عەلیخانی (تێکۆشەرێکی بەستێنی چیرۆك و ئەدەب)، دەگەڵ کووشاندا کراوە و لەکتێبی «نەوەی سێهەم»ی چاپی وەشانخانەی «مرکز» لە تاران لە ساڵی ٨٠ هەتاویدا، بڵاو بووەتەوە. لەم دەقەدا، «ع» کورتەی عەلیخانی و «ك» لە بری کووشان دەنووسرێ.

«حوسێن شێربەگی»

ع: کەمتر باسی نووسەرانی ئێرانی کراوە، پێم خۆشە لەم وتووێژە دەگەڵ ئێوەدا، باسی ئەوە بکەین.

ك: لەگەڵتام.

ع: لە ساناترین ڕوانگەوە دەتوانین ئەدەبیاتی داستانیی ئێران، بەسەر سێ نەوەدا پۆلێن بکەین. نەوەی یەکەم لە «مەحمەمەد عەلی جەماڵزادە» وە دەست پێ دەکا، نەوەی دووهەم بە «برایمی گولستان»ە و بەرەی سێش کە هەرە چیرۆکنووسە تێکۆشەر و هەڵسووڕاوەکانن – هەتا ئەمڕۆ – خۆیان دەبنە دوو بەش:

١– لاوترەکان کە تازە دەناسرێن.

٢– ئەو نەوەی «سێ»یەی کە لە سەرەتای شۆڕشی ئیسلامییەوە، بەردەوام کاریان کردووە.

ك: بەڵێ، منیش لەو یادداشتانەدا وا لە کۆواری «گەردوون»دا کە

دەمـنـووسی، وام دابـەش کـردووە. بـەوەی سێ، دوو تـاقـمـن؛ ئـەو نـەوەی سێیەی کە ئەزموونەکانیان هی بەر لە شۆڕشی ئێسلامییە و کارامەیی و گەشەکردنیان لە پێش شۆڕش لە قەوارە دراوە.

٣- ئەو تاقمەی کە هەم ئەزموون و هەم گەشەکردن و کارامەییەکەی لە پاش شۆڕشدا بووە. ئەڵبەت لە هەموو نەوەکاندا دەتوانن چەند لك و پۆپی جیاواز لە بەر چاو بگرن.

ع: بەڵێ، دەتوانین لەم ڕوانگەیەشەوە سەیری بکەین، بەڵام هەر دەبێ ئەم ڕەوتە لە شوێنێکەوە دەست پێ بکا.

ك: بـەڵـێ، تـاقـمـێکی دەستپێکـەرمـان هـەیـە کـە بـە «تـاقـمـی ئـەڕبـەعـە» نێودارن و بناغە دانەر و بنچینەی چیرۆکی مۆدێرنی ئێمرۆیی ئێران یان باشتر بڵێین (چیرۆکی ئەورووپی ئاسا) لە ئێراندان. ئەوانە یارمەتییان کرد چیرۆك بناسرێ، لە بەر ئەوەی ئێمە لە پێش ئەواندا، بە ڕواڵەت زانستێکمان لە فەزای ئەدەبی داستانی نەبوو، ئەڵبەت لە پێش ئەمانەدا چەند کەسێ ڕۆمانیان دەنووسی، بەڵام من ئەو کەسانەی وا لەسەردەمی «مەشرووتە= بزاڤی پەڕلەمانخوازی لە ئێراندا» بوون و دەیان نووسی باسیان ناکەم، ئەویش بە هۆی هەلومەرج و گۆڕانکارییەك وا مەشڕووتە پێکی هێنابوو.

ع: بـە وتـەیـەك نـەوەی یـەکـەم دەستـپـێـکـەکـەی جـەمـاڵـزادەیـە و «بـزورگ عەلەوی، سادق هیدایەت و سادق چووبەك» درێژەی پێ دەدەن.

ك: گەراکانی ناوەندیی نەوەی یەکەم ئەمانەن.

ع: دەیجا لە «جەماڵزادە»وە دەست پێ دەکەین

ك: سەبـارەت بـە «جـەمـاڵـزادە دەتـوانـیـن بـڵـێین: ئـەو کـتـێـبـی «فـارسـی شەکرە»ی لە برگەی زەمەنیی خۆیدا نووسی و بە هۆی پاڵپشتی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکی کە هەیەتی، زۆر دڵڕفێن و شیرینە. لە ڕاستیدا بەڕای

من تەمەنی چیرۆکنووسینی جەماڵزادە ناگاتە دەساڵ، چەند ساڵێك لە دایك دەبێ و زۆر زوو دەمرێ. ئەو بەرهەمانەش كە لە پاشی بەجێ دەمێنێ، بەرهەمگەلێ نین كە ببنە سەكۆی بازدان و فڕینی نووسەرانی نەوەی پاش خۆی، بەڵام ناشتوانین بایەخی جەماڵزادە ڕەچاو نەكەین.

ع: هەر بەو هۆیەوە كە پێشەنگ و دەستپێكەرە؟

ك: لە بەر ئەوەی لەو بڕگەی زەمەنییەدا، هەر كەس هەنگاوێكی هەڵێناوەتەوە، خاوەن بایەخە و دەبێ لەجێی خۆیدا ڕێزی لێ بگیرێ. بەڵام ئەو شتەی كە، لە جەماڵزادەوە وەك چیرۆكنووس و مامۆستای پێشەنگی چیرۆكی ئێمە، قسە و باس بكرێ، بە ڕای من وانییە و ئەوان پێشەنگ نین.

ع: ئەی بەس، بەڕای ئێوە پێشەنگ و مامۆستامان كێیە؟

ك: پێشەنگ تاكوتەرا سادق هیدایەتە. ئێمە ئیدی پێشەنگی چیرۆكنووسمان جگە لەو نییە، یانی ئەوكەسەی بتوانێ نموونە و پرێشكەی هەڵگرساندنی ئێمە بێ، ئەو كەسەی ئێمە بەرەو ئەو دەچین، سادق هیدایەتە، ئەویش بە هۆی ناوەڕۆك و قەوارە و فۆڕمی بەرهەمەكانییەوە. هیدایەت ئەو خاڵە گرنگەیە كە من دەمهەوێ بیگەمێ.

ع: ئەڵبەت ئەمە ویستی هەموو نووسەرانمانە.

ك: ئەو كارەی كە ئەو لە سەردەمی خۆی و زەمەنی خۆی و لە بڕگەی زەمەنی و مێژوویی خۆیدا كردوویە، ئاواتی هەموومانە. ئەو بەرهەمێكی خوڵقاندووە. كە لە نەوە جیاوازەكاندا زیندووە و بەرە و بەرهەمی هەیە.

ع: لە پاش سادق هیدایەت كێیە؟

ك: لە پاش ئەو «بزورگ عەلەوی»یە. با وەكو عەلەوی، چیرۆكی سیاسی نووسی، بەڵام خۆی بە قەرزاربارى سیاسەت نەدەزانی. عەلەوی خاوەنی بایەخێكی تایبەتە، یانی هەر وەكو لە چیرۆكی «كابرای گێلانی= گیلەمەرد»دا وەڵامدەرەوەی هەلومەرجی كۆمەڵایەتی و سیاسیی خۆیەتی،

هەم دەگاتە مەبەستی سیاسیی نووسەرایەتیی خۆی و هەم لە چیرۆك دوور ناکەوێتەوە و سەبارەت بە چیرۆك بە ئەمەك دەمێنێتەوە.. عەلەوی نەبووە قەرزا باری کێشە ڕامیارییەکان و بایەخی چلۆنایەتییەکان و کەسایەتیی چیرۆکی نەفرۆشت و نەبووە دۆراوی دەستی کێشە رامیارییەکان و لەم بابەتەوە پلە و پایەیەکی زۆر گرینگ و بایەخداری هەیە، بە تایبەت لە ڕۆمانی «چاوەکانی»دا کە ڕۆمانێکی زۆر سەرکەوتووە لە سەردەمی خۆیدا، لە چەشنی سیاسی و نموودەکانی کۆمەڵایەتیدا.

ع: یانی بووەتە نموونە بۆ دیتران؟

ك: بەڵێ، عەلەوی لە قەوارەی سیاسیی خۆیدا، هەتا دوو سێ دەیە –بیست سیساڵ– دەیتوانی نموونە بێ. هەروەکو هیدایەت هێشتا نموونەیە، عەلەوی دەیتوانی هەتا دەیەی پەنجا (ساڵی ١٣٥٠= ١٩٧١ز) نموونە بێ لە بەر ئەوەی هەم نووسەرانێك بوون کە هێشتا بەو شێوازەیان دەنووسی و هەم پێویستیی بارودۆخی کۆمەڵگا بوو. چما ئەزموونیان نەبوو باشترین کار خوێندنەوەی کتێبەکانی عەلەوی بوو کە تانوپۆ و گرێچنی ناوچەی ئێمەی هەیە و لە چەشنی چیرۆکی ئەوڕۆیی نووسراون.

ع: ئەو شتەی ئەمڕۆ لە یاددا نەماوە و فەرامۆش بووە.

ك: بەڵێ، ئەمە ئەوشتەیە کە دەبێ هەرگیز فەرامۆشی نەکەین. زۆربەی نووسەرانی نەوەی یەکەم، فەرهەنگ و زبان و تەنانەت فۆلکلۆریشیان پاراستووە، ئەڵبەت لە تەکنیکی ئەوڕووپی کەڵکیان وەرگرتووە.

ع: هەر ئەم بابەتەش بووەتە هۆی دەوڵەمەندبوونی ئەو بەرهەمانە.

ك: بەڵێ، سروشتییە، لە بەر ئەوەی لە کەلتووری خۆیان کەڵکیان وەرگرتووە. لە بەر تازەبوونی تەکنیکی ئەورووپی، نووسەرانی ئێمە قوتابیی ئەوان بوون، تەکنیك لاوازە، بەڵام ناوەڕۆك یارمەتیی بەرهەمی

داوە. تەنانەت چیرۆکەکانی هیدایەتیش هەموویان ئەمە قەوارەیانە. سامانداربوونی کەلتووریی بەرهەم لەمێژووی ئێمەدا، لە دابونەریت و ڕێورەسمی ئێمەدا، دەبیندرێ. هیدایەت، جگە لە «کوندەکوێرە»، لە چیرۆکەکانی دیکەیدا تەکنیکی لاوازە. «عەلەوی»ش هەروا. چیرۆکی «کابرای گێلانی= گیلەمەرد»، هەموو نیشانەی کابرایەکی گێلانیی پێوەیە، کەشوهەوا و بارودۆخی گێلانی پێوەیە، زبانی کابرایەکی گێلانی پێوەیە و هیچ لاساییکردنەوەیەکی ئەورووپی نییە، بەڵام بینا و پێکهاتەی چیرۆك – کە لە هەمان کاتدا چیرۆکێکی سەرکەوتووشە – لە ئەورووپا وەرگیراوە، کەچی لە نەوەی دووهەمدا ئەم شتە پێچەوانەیە.

ع: چۆن؟

ك: ئێمە لە نەوەی دووهەمدا، دەگەڵ تەکنیك دیوناس بووین و سازاوین، تەکنیکی چیرۆك فێر بووین و تێیدا سەرکەوتووین، بەڵام بەداخەوە کارەساتی دڵتەزین هەرلێرەوە دەست پێ دەکا؛ چونکە ناوەڕۆك ئی ئەورووپایە. ناوەڕۆکی ئێمە ئیی هۆردووی سۆشالیستیی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپایە. ناوەڕۆکی ئی سۆڤیەت و کۆمارەکانی سەربەوە. خۆ ئێمە کرێکاری سەنعاتکارمان نەبووە. بەڵام چیرۆکی ئەو نەوەی دووهەمە، پڕپڕ لە کرێکاری سەنعاتکارە. نازانم لە کوێرا هێنابوویانن!!

ع: ڕەنگ بێ لە بەرهەمە ڕووسییەکانی وەرگیرابوون؟

ك: بەڵێ، سەرمەشقی چیرۆکی ئێمە بۆ وێنە فلان نووسەری ڕووس یان سەر بە پارتە کومۆنیستەکان یان بیروڕا مارکسییەکانن و بەم چەشنە ئەو زەبرە سەرسام هێنەرە لەئەندام و جەستەی چیرۆکی ئێمە دەکەوێ و هەتاکو ماوەیەکی زۆر ئەم جووڵانەوە لاڕێیانەیە درێژەی دەبێ و چیرۆکی ئێمە گەشەی پێویستی خۆی ناکات هەتا دەیەی ٤٠ی هەتاوی، واتە (٦٠)ی زاینی کە کۆمەڵگای ڕووناکبیر برێ وەخۆ دێتەوە و ئەم ڕووداوە

دەقـەومـێ کـە بـەرەبـەرە چـیرۆکی ئێمـە تـێ دەکۆشێ لـە ژێر ئـەم چـەترە داسەپاوە و ئەم کەشوهەوا سیاسییە بێتە دەرێ و بەرەو سەربەخۆیی بڕوات.

ع: پێتـان بـاشە لـە سەر نووسەرەکان بە جیاجیا قسان بکەین؟

ك: بـەڵێ، بـاسی جەماڵزادەمـان کرد، هیدایـەتیش حەوجێی بە قسە و بـاسەی من نییە و هـەمووان لـەسەر ئـەو یـەك دەنگن، جگە لـەو تـاقمـە کـەمـەی نـاو کۆمـەڵگا کە دەیـانهـەوێ داغ و مۆری تـاریك بیرکردنـەوە و ڕەشبینینی پێوە بلکێنن و دەیـانهـەوێ هـەڵکڕاندنێکی سیاسی بکەن، کەچی هیدایـەت لە هـیـچ قسەوبـاسێکـی سیـاسیـدا نـاگونـجـێ، دیـتران یـەکدەنگن. بـەڕاستـی هیدایەت لە ژوور هەموانـەوە ڕێ کەتووە و ئێمە خەریکین بەرهـەمگەلێك شیکاری دەکەین کە بەرهـەمگەلێکی جیاوازن، لـەم هـەرا و هوریایـانە. تـەنیا ڕەخنـەیەك کە لـەمڕۆدا دەکرێ بیگرین و پێی بڵێین ئیراد و ڕەخنـە، هـەمـان لاوازیی تـەکنیکە کە هـەر واش لاواز مـاوەتـەوە. لـە بـەر ئـەوەی هیدایـەت لە ژوورەوە دانیشتووە و تـەمـاشای هـەمووان دەکات. چما ئێمە ڕەخنـەیەك لە هـیـدایـەت بـگرین کـە لـە بـڕگـەی زەمـەنیـی خـۆیدا ئـیرادیش نـەبـووە، ئـەو ڕەخنەیە ئەمـەیە: ئەو گۆشەنیگایەی هیدایەت هەڵیبژاردووە، لە ژووڕایە، چ ئـەم کـەسێتـیـیـە، ئـەم ئـاخـێوەرە (بـگـێڕەوە) هـەرکـەس بـێ لـە سەرەوەیـە. ئـیـرادەکـە هـەر ئـەمـەیـە. لـە دۆخێکدا کـاتـێ ئـاخێوەر ئـی نـاو کۆمـەڵـگا و جـەمـاوەرە، ئیدی نـاتـوانـێ لـە ژووڕا تـەمـاشا بکـات. ئـیدی دابـونـەریتـی بنەماڵەی هیدایەت تەنیا لـەمەڕ هیدایـەتدا کاریگەریی هـەبووە و کەسێتیی ئـەوی هـێنـاوەتـە ژێر دەسەڵاتـی خـۆیـەوە، ئـالـێرەدایـە. یـانـی ئـەو خـووخـدە بەگزادانەیەی کە لە ژووڕا بە دەعیە و ئیفادەوە دەڕوانێتە دەوروبەر و بـەچـەشنێکی نـاوشیـار و ئۆتـۆمـاتیك لـە چیرۆکـەکـانیشدا دەبینرێ. هیچ کاتێ لە کورتە چیرۆکدا گێرەوکێشەی نییە. ئاخێوەر هەرگیز تێوە ناچێ، زۆرکەم وایە تێوەچێ. هیدایەت هەمیشە خەمخۆری و هاودەرد لەگەڵ

کەسێتییەکانی دەکا، یان شادی و خۆشحاڵییان بۆ دەکا و هەرکام لە چیرۆکەکانی بدەینە بەر زەین، هەر ئاوایە تەنانەت لە یەك دوو دانە لە چیرۆکەکانیدا کە یەکەم کەس دەیگێڕێتەوە. دەبیندرێ، ئەڵبەت لەواندا کەمتر وایە وەکو «سێ دڵۆپە خوێن» و «زیندە بە گۆڕ»، بەڵام نێوان و مەودایەك لە بەینی ئاخێوەر و کەسێتییەکاندا هەیە کە بە واتایەك یەخسیری گێرە و کێشە نابێ.

ع: بەڵام لە «کوندە کوێرە»دا ئەم گێرە و کێشەیە هەیە.

ك: «کوندە کوێرە» جیاواز و تاقانەیە. لە حاڵێکدا «حاجی ئاغا»، ڕۆمان نییە،«ڕاپۆرتە چیرۆك»ێکە و هیدایەت بۆ خۆیشی دەیڵێ و هۆکارەکەشی دەستنیشان کردووە. هەر نووسەرێك لە برگەییەکی زەمەندا لەم کارانە دەکات. سەبارەت بە کورتە چیرۆکەکانی هیدایەت، زۆر وتراوە و دووپات بوونەوەی قسەکانی من شتێك بەوانە زیاد ناکات، بەڵام کۆ چیرۆکی «سێ دڵۆپە خوێن»، چەند چیرۆکی باش و هەڵکەوتەی تێدایە.

ع: «بزورگ عەلەوی»ش لە چیرۆك گەلی «چاوەکانی» و «کابرای گێلانی»دا، باش درەوشاوەتەوە.

ك: بەڵێ، تەنانەت «سادق چووبەك»یش. من وای بۆ دەچم چووبەك، جێگایەکی زۆر تایبەتی لە ئەدەبیاتی داستانیی ئێراندا هەیە. جێگایەکی وەها کە هیچ کەس لە پاش ئەو پڕی نەکردووەتەوە. چووبەك ڕاستەوخۆترین نووسەری ئێمە سەبارەت بە ڕووداوەکانی ڕۆژگاری خۆیەتی. هیچ کەسێ لەو سەرکەوتووتر و دڵخوازانەتری نەتوانیوە بنووسێ. ئەو وێڕای لە بەرچاو گرتنی ئەزموونەکان و پێشینەی خۆی و برگەی زەمەنیی خۆی زۆرباش چووەتە پێشێ و زۆر سەرکەوتووە.

ع: بۆ وێنە لە کتێبی «بەردی سێبووری»دا.

ك: بەڵێ، ئەو لە «بەردی سێبووری»دا، تەکنیکی نوێ دەکار دەکا و

ئاخێوەرەکان یەك بەیەك قسان دەکەن. ئەم تەکنیکە بۆ ساڵانێکی زۆر لە ئێراندا نەناسرا بوو. یەکەم کەس خۆی بوو و لە پاش ئەویش یەکەم کەس وا ئەم تەکنیکەی تاقی کردەوە، ڕەزا بەراهەنییە.

ع: بەراهەنی لە کتێبی «نەهێنییەکانی وڵاتی من»دا دەنووسێ، لەوە پێش چووبەك لە تەواوەتی ڕۆمانی «بەردی سێبووری»دا، ئەم تەکنیکەی لە قەوارەی تاکبێژیدا دەکار کردووە و لە کورتە چیرۆکەکانیشیدا. وەکو ئەو چیرۆکە نێودارەی «یاوی گەردەلوول» یان «نەفتی» یا خودی چیرۆکی «ئەو عەنتەرەی وا لۆتییەکەی مردبوو»، کە لە چەشنی خۆیدا زۆر دڵڕفێن بوو و هێشتاش جێگرێکی بۆ نەدۆزراوەتەوە.

ڕەنگە هەڵومەرجی زەمەن پێویستی نەبێ، بەڵام هەر چۆنێك بێ، من وای بۆ دەچم هەموو دابودەستوور و قەوارەی ئەدەبی داستانی کە لە ئەورووپاوە هاتبوو، دەیپاراست و لەم دۆخەدا ڕاستەوخۆ دەگەڵ خوێنەری خۆی دەڕۆییە بەرەوە، وای بۆ دەچم زۆربەی چیرۆکەکانی چووبەك خوێنەر، دەگەڵ خۆیاندا سەرقاڵ دەکەن، لە بەر ئەوەی بزاڤەکەی زۆر وەکی ژین و ژیان وایە. ئەو ئەدەبەی بیهەوێ زۆر لە نێزیك ژین و ژیانەوە بجووڵێتەوە، لە ڕاستیدا لە مەترسیدایەو لە هەر کاتێکدا بۆی دەچێ ببێتە ڕاپۆرتێك، لە حاڵێکدا «چووبەك» لە زۆربەی بەرهەمەکانیدا لەمەتێ پەڕیوە. یان گریمان لە چیرۆکی بڵندی «تەنگسیر»دا، ئەو کەسێتییەی ئێمە لە کەلتووری خۆماندا هەمانە، زۆر لە نێزیك ئوستوورەوە دەجووڵێتەوە، ئێمە لە چیرۆکی مۆدێرندا ئەوەمان نییە، چیرۆکی مۆدێرن، بە واتای تەواوی چیرۆکی ئەم پەنجا، شەست ساڵەی خۆمان مەبەستمە. مەبەستم ئەوەیە لەمڕۆدا نیمانە کەسێك بێت و خوخدە و درەشانەوەیەکی وا بدات، کەسێتییەکی چیرۆکێکی خۆی، کە لە فیکر و زەینی خوێنەراندا بمێنێتەوە. من وای بۆ دەچم، چما برێك هیممەتی کردایە و ئەم تێفکرین و ڕوانگەیەی

نووسەری ئەمڕۆیی کە زۆر بە خۆیدا دێتەوە هەتا بەرهەمێك بڵاوکاتەوە. چما ئەمەی بسەلماندایە یان وزەی بایە، حەتمەن پاڵەوانی «تەنگسیر» دەبووە کەسێتییەکی ئوستوورەیی بۆ داهاتوو. بەڵام نەبووەتە ئەو بەرهەمە، کەچی خاوەنی پڕیشکەکانی ئەوشتەیە یانی چما ئێوە لە کۆمەڵگایەکی فەرهەنگیدا باسی «تەنگسیر» بکەن، کەسێتییەکی تایبەت بۆ ئێوەی دەردەکەوێ. ئێستا دەڵێن ئەمەی لە ڕووداوی «بوێرانی تەنگستان» هەڵگرتووەتەوە، ئەمە گرینگ نییە. من وای بۆ دەچم «تەنگسیر»، جێگەی دووبارە نووسینەوەی بۆ نووسەرێکی دیکە هەیە. نووسەرێکی وا کە ئەو فەرهەنگە زانستی کات و بیهێنێتە سەر کاغەز.

ع: ئەی لە پاش جەماڵزادە هیدایەت و عەلەوی و چووبەك چی؟

ك: دەگاتە «جەلال ئال ئەحمەد» باوەکوو بە واتایەك، بەڵکەم جەلال چیرۆکنووس نەبێ، بەڵام بە پێی ڕاڤەی چیرۆکی ئەمڕۆ کە دەڵێ:

«چیرۆك ئۆتووبیو گرافییەکە»، ئال ئەحمەد، خۆی ژیاننامە نووسێکی ژیانی خۆیەتی. تەواوەتی بەرهەمەکانی هەروان. بەڵام بێتو بڵێم چیرۆکی نەناسیوە، نا، وانییە، ئەو چەشنەی پێ بایەخدار نەبووە و مەبەستە ڕامیارییەکانی زیاتر لە مەبەستە ئەدەبیەکانی بوون. بێ ئیختیار ڕاپۆرت دەنووسێ و تەواوی ئەو بەرهەمانەی چاپی کردوون، «ڕاپۆرتە ڕۆمان»ن، لە خۆڕا نەموتوە، تاقەیەك دوو چیرۆك دەتوانین لە کارەکانیدا بدۆزینەوە، وەکو «جەژنی پیرۆز» کە بووەتە چیرۆك، ئەویش لە قەوارەیەکی بێ فێڵ و فەرەج و زۆر هێڵی و ئاسۆییدا! ئەگینا، لە ڕاستیدا بە تەعبیرێك هەر لە نێو چیرۆکنووساندا جێگەی نییە. مەگەر بەنێوی ئاماژە و کەڵك و بەهرەیەك کە خۆی ویستوویە وەری گرێ، دڵڕەفین بوون و ڕێزێکی کە بۆیم هەیە، هەر ئەمەیە. خۆیشی هیچ داواکارییەکی سەبارەت بە چیرۆکنووس بوون لە هیچ کۆیدانەبووە. داواکاریی وای

نەکردووە. وای بۆ دەچم، ئارمانیشی هەر ئەمە بووە کە بە نووسراوەکانی دیکەی دەیکرد، ئەو ڕەخنە و ڕاڤەیانەش وا نووسیویەتی، ڕەخنە و ڕاڤە نین، یانی ئێوە ڕەخنە و ڕاڤەیەکی ئال ئەحمەدتان نییە، شیکاری، لێکدانەوە یان ڕاڤەی دەق بێ. دەست دەکا بە ڕەخنە، لە سەد ڕێگەوە دێ و دەڕوا. بۆ وێنە گیروگرفتی شێوەکاری دەکاتە بیانوو، خەریکە فلان کەسێتیی کۆمەڵایەتی، یان مێژوویی، کەسێتییەکی بەستێنی ئەدەب و هونەر یان فلان کەسێتیی فەرهەنگی دەکوتێ، یان ڕێنوێنی دەکا و ڕوانگە و بۆچوونی دەداتێ. لە ڕاستیدا هەر کاری ئەوە نییە کەبێ و شیکاری و لێکدانەوە بکات هەتاکو من ئەمرۆ لە یانەی ڕەخنەدا بتوانم وەکو سیستەمێك کاری ئال ئەحمەد بکەمە نموونە. لە حاڵێکدا بە نێوی کاری ڕامیاری یان کۆمەلاتیدا کە چۆن ئێوە بۆ دەربڕینی قسەی خۆتان دەتوانن لە هەموو شتێ کەڵك وەرگرن، چ لە شێوەکاری، یا شانۆ، چیرۆك یان شیعر، چ لە هەرشتێکی دیکە بۆ سەلماندنی قسەی خوی و مەبەستی خۆی کەڵك وەردەگرێ و ئەوشتە لە قەوارەی خوی دەباتەدەرێ. هەروەکو دەبینین کە «سەفەرنامە» دەنووسێ، زۆربەی سەفەرنامەکانی لە ڕۆمانەکانی دڵڕفێنترن، ئاخر خۆ وانابێ ئەو کەسێتییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی زۆر هەڵکەوتە بوو. من تاقەجارێکیان دیتم، لە ئیسفەهاندا بۆ ماوەیەکی زۆرکەم. بەبرشت بوو و لە چاخ و خولی خۆیدا زۆر سەرکەوتووبوو. من زۆریش بە داخەوەم کە دوواتر لە بۆ چوون و تێفکرینی ئەو زۆربە خراپ کەڵك وەرگیرا و دژ بە زۆر کەس لەو بۆچوون و تێفکرینە کەڵکیان وەرگرت. دەی ئەی لە پاش ئەمانە؟

ع: ئەڵبەت لێرەدا نەوەی یەکەم تەواو دەبن.

ك: بەڵێ وایە. «ئەڵبەت لە نەوەی یەکەمی چیرۆکنووسانی ئێرانیدا، جگە لەمانە لقێکی دیکەش هەبوون کە بەشێوازی زۆر ڕۆمانسی و سانتی مانتاڵ دەیاننووسی. وەکو محەمەد حیجازی – عەلی دەشتی، حوسێن

قوڵی موستەعان، محەمەد مەسعوود، م – دەروێش، حوسێن مەسروورو...
وەرگێڕ»

ع: لێرەوە نەوەی دووهەم دەست پێ دەکات کە بریتین لە «بەهرام سادقی – غوڵام حوسێن ساعیدی، نادر ئیبراهیمی، سیمین دانیشوەر، برایم گولستان– تەقی مودەڕسی و دیتران. «لقی ڕۆمانسی و سانتی مانتاڵی ئەم نەوەیە دەبنە جەواد فازڵ – ڕەسووڵ ئەڕوەنەقیی کرمانی، ڕ– ئیعتمادی ، س – سالووڕ، کەماڵ ڕەجا، سەدرەدرین ئیلاهی و...
وەرگێڕ»

ع: دەیجا لە «برایم گولستان»ەوە دەست پێ دەکەین

ك: هێزی کێشان و دڵرفێنی گولستان لەوەدایە کە یەکەم نووسەری ئێرانییە وا بایەخ بە وشە ئەدات. بایەخ بۆ وشە دادەنێ و توخمی سەرەکیی چیرۆکیی پێ زبانە و زۆر باشیش دەزانێ کە چیرۆك قەرزاباری زبانە، ئەدەب قەرزداری زبانە و لە ئاکامدا نووسەر قەرزباری هەموو ئەمانەیە. دەبێ زۆرترین حەول و تێکۆشان و هەڵسووڕانی هەبێ بۆ زبان. یانی ئێمە کارێکمان جگە لەمە نییە کە زبانی فەرهەنگی خۆمان پەروەردە بکەین. ئاکام ئەمەیە و کارێکی دیکە ناکردرێ. برایم گولستان لە یەکەم کەسانێکە وا لە ئەدەبی چیرۆکی ئێمەدا ئەم کارەی کرد، لە شیعرا زۆرکەس ئەم کارەیان کردووە، بەڵام لە «نەسر و پەخشان»دا، زۆرکەم ئەم کارەیان کردبێ. ″گوڵستان″ یەکەم کەسە کە بۆ گەشەدار بوونی زبانی چیرۆك، ئەم کارەی کرد. ئێمە قەرزاباری زبانی خۆمانین و بێتو کرێکار بین، کرێکاری زبانین و دەبێ حەولی بۆ بدەین تا دەتوانین زۆرتر پرشنگدار و بەگەشەو نەشەی کەین و لە دەکارکردنی زبانەکەماندا بەرپرس و بەهەست و سۆز بین. هەر لێرەدا با بڵێم ئال ئەحمەدیش نەك لە چیرۆکەکانیدا، لە سەفەرنامەکانیدا، دەورێکی گرینگی لە نەسر و زباندا هەیە، یانی، بەڵکەم یەکەم کەسێکە کە نەسری مردووی ئێرانی لە

سەفەرنامە نووسین و بیرەوەری نووسین و ژیاننامە نووسین، یا هەرشتێکی دیکە، نەسری نووسینەوەیی ئێرانی دینامیك و گیاندار کرد، زیندووی کردەوە، یانی وەها خێرا و بەپەلەپەل دەڕواتە پێشێ کە ئێوە دەیخوێننەوە و هەر دەتانهەوێ بڕۆنە پێشەوە، بڕۆن، بڕۆن خێرا بۆ پێشەوە، پێشتر و پێشتر. هەڵدەقوڵی، یانی زیندووە، یانی هەڵچوون و داچوونی مۆخی نووسەرەکەیەتی، بە داخەوە ئەم تایبەتمەندییە لە چیرۆکەکانیدا نییە، هەر لە یادداشتەکانیدایە. بۆ وێنە لە ڕاپۆرتی: «یەزد، شاری باگرەکان»دا ئەم نەسرە، باشترین جیلوەی خۆی لەوێدا نیشان ئەدا. لە چیرۆکدا یەکەم کەسێك وا هەمانە، گولستانە. گولستان ئەم تایبەتمەندییەی هەتا ئەو جێگەی توانیویە پاراستووە و حەولی داوە چیرۆکەکەی شانبەشانی ئەدەبی ئەمریکی بەرێتە پێشێ. لە بەر ئەوەی بۆ خۆشی وەرگێڕی بەرهەمی ئەدەبی ئەمریکی وەکو چیرۆکەکانی هەمینگوای و ویلیەم فاکنەرە. لە لایەکی دیکەوە فەرهەنگی هاوبەشی باشووری باش و هەست و فام کردووە. تەماشای دەکەین دەبینین چەندە لەمەیدان و کەشوهەوای باشوور نیزیکە. دیارترین نموونەی کارەکانیشی هەمان چیرۆکی «هەڵچوون و مژ»ە. چیرۆکەکانی دیکەی ناتوانن پلە و پایەیەکی ئەوەندە تایبەتیان لە چیرۆکی درێژدا هەبێ. ئەمرۆ ئێمە چما بمانهەوێ چیرۆکی درێژ هەڵبژێرین، دەبێ «هەڵچوون و مژ»، هەڵبژێرین، بەڵام لە کورتە چیرۆکدا کەسانێکی دیکە هەن، وەکو هیدایەت کە لە فۆرم و ناوەڕۆکدا، نەك لە زباندا، گولستان وە دوا دەدەن.

ع: ئایا دەتوانین تەقی مودەڕسی بە درێژە پێدەری ڕێگای گولستان بناسین؟

ك: بەڵێ، لەپاش گولستان، چیرۆکی «یەکڵیا و تەنیایی ئەو»، بەرهەمی تەقی مودەڕسی پلەو پایەی هەیە. «یەکڵیا و تەنیایی ئەو»، بەڕای من کاریگەریی زۆری لەسەر نەوەی من و تەنانەت نەوەی خودی مودەڕسی

هەبوو. ئەم بەرهەمە بەو ڕاڤەیەوە کە لەمڕۆدا لە سەر ڕۆمانمان هەیە، لەگەڵ ڕۆمان نایخوێنێتەوە و باشتر وایە پێی بڵێین چیرۆکی درێژ. «تەقی مودەڕڕسی»، بەم کارەوە، کارێك دەکات کە هێشتا لە ئەدەبی ئێمەدا تاك و تەنیایە و هیچ کەسێکی دیکەش ئیدی وەکوو ئەوەی نەنووسی. ئەو یەکەم کەسێکە کە لە فەرهەنگی خۆمان تێ پەڕی و بەرەو فەرهەنگی نووسراوەی جیهان – وەکو کتێبی پیرۆزی «تەوراتو ئینجیل»، چووە پێشێ و یەکەم کەسە کە ئوستوورەی هێنایە ئەدەبی چیرۆکی ئێمەوە و زۆرەبانی لەگەڵدا گرت و سەربەرز و سەکەوتووش بوو. کەشوهەوا و مەیانێکی بۆ ئێمە پێك هێنا کە زۆر دڵڕفێنە و لە یاددا دەمێنێتەوە و هەروا تاقە. بە پێچەوانەوە کتێبی دووهەمی «شەریف گیان، «شەریف جان» کە هەر لە و سەردەمەدا نووسراوە، هەروەها لە پاش شۆڕشیش «ئادابی زیارەت» و «ئینسانە بزر بووەکان»ی کە بڵاو بوونەوەتە، باوەکوو بایەخی خۆیان هەیە، بەڵام چیرۆکی «یەکڵیاو تەنیاییی ئەو» هەم زبان و هەم کەسێتییەکانی لە وێناکردنی تەنیایی جیهان، تەنیاییی نەوەی خۆی لەو دەساڵەدا، زۆر سەرکەوتووە. ئەویش لەو بارودۆخە زۆر سیاسییەدا کە هەموو نووسەران بەهەر هۆیەکەوە لە ژێر کاریگەریدا بوون و نەیاندەتوانی لە نووسینی ڕاستەوخۆی سیاسی ڕابکەن. لەوەدا ئەو زۆرسەرکەوتوو و دڵڕفێن بوو. لە پاشانە چیرۆکی «ئادابی زیارەت» بڵاو بووەوە، ئێمە دیتمان دەڵێی شەربەتی خەویان داوە بە مودەڕسی و لە خەویان خستووەو پاش چل ساڵان لە خەویان هەڵساندووە و لەو دەورەیەدا کە «یەکڵیا و ...»ی دەنووسی و لەم ڕوانگەوە چونکە مێژووی خۆی پشتی نەگرتبوو، لاواز بوو. ئەڵبەت خودی ڕۆمانەکە جوانی و دڵرفێنیی تایبەت بە خۆی هەبوو، بەڵام ئەم لاوازییە گشتییەشی بوو کە سەکۆی نووسەریی خۆی لە بارۆدۆخی زەمەن و کۆمەڵایەتی نووسەرەکەدا نەبوو. من وای بۆ دەچم مودەڕسی کە چل یان سی وپێنج ساڵ لە ئەمریکا بووە، ئیستا کاتێ فەرهەنگی ئێران

دەنووسێ هەر وەك چل ساڵ لەمەوبەر دەنووسێ. ئەو لە بەر ئەوەی ئەم ڕووداوە نەقەومێ، ڕۆیشتووەتە دەورەی خۆیەوە هەمان تەمەنی بیست ساڵانی زیندوو کردووەتەوە و نووسیویەتی، یان تێ کۆشابوو بینووسێ. تەبعەن چونکە بە تاکتیکی دەرەکی ئەمە ئاگونجێ، بەوتەیەك دەبێتە نووسینەوەی تۆریستی «سەیاح و گەڕیدە ئاسایانە». بەم وێنانەوە نیشانەی تۆریستی پێوە دەلکێ و هەروەها لە بارودۆخ و هەلومەرجی زەمەنی خۆیەوە دوور بوو. لە پاش تەقی مودەڕڕسی ئەڵبەت «بەهمەن شوعلەوەر»ە کە یەکەم چیرۆکی درێژی «تێکشکانی زەمەن»ی لە ئێراندا نووسیوە، ئەڵبەت لەم یەك بەرهەمە زیاتر نانووسێ، ئەو وەرگێڕی نێوداری «تووڕەیی و هات و هاواری»ی فاکنەر بە زمانی فارسییە.

ع: ئەڵبەت «بەهمەن شوعلەوەر» وەرگێڕی ″وڵاتی وێران″ی ″ئەلێوت″یشە،

ك: بەڵێ. لە پێش زەمەنی خۆیشدا، ڕۆمانێك دەنووسێ بە نێوی «سەفەری شەو»، کە هاوسەنگی ئەدەبی ئەورووپا و ڕۆژئاوایە.

ع: کە بەداخەوە «سەفەری شەو»، پێشوازیی لێ ناکرێ.

ك: بەڵێ، بەڵام هەر بەم تاقە بەرهەمەوە، تایبەتمەندیی خۆی هەیە. چونکە شتێکی وەکو ئەویان هێشتا لەو سەردەمەدا نەنووسیبوو. «سەفەری شەو»، چیرۆکی چەند دۆستێکە کە لە شارێکی گەورە و پڕ ئاژاوەدا دەست دەکەن بە خواردنەوە و لەم مەیخانەوەوە ڕۆیشتن بۆ ئەو مەیخانە و هەر ئەم شت و ئەو شت و بیرەوەرییان وەیاد دێتەوە، ئەم دەورەیە دەبڕن. ″تێکشکانی زەمەن″ لەم چیرۆکەدا، نێزیك لە پرۆسەی شەپۆلانی زەینە. یانی لە پێش زۆر بەرهەمی وەکو «مەلەکووت»ی بارام سادقی دا نووسیویەتی.

ع: «بارام سادقی»ش وەکو لە کورتە چیرۆکەکانیدا سەرکەوتووە، لە

«مەلەکووت»دا سەرکەوتوونییە، بۆچی؟

ك: هەر چی بێ، ڕۆمانی «مەلەکووت»؛ چونکە یەکەم تاقیکاری و ئەزموونی سادقی بوو و بە ڕواڵەت لەم بەستێنەدا ئاگاداری و زانستی نەبوو لە چەشنێکی ئەدەبدا کاری کرد بوو کە دەگەڵ شێوازی تەنزی خۆی نەیدەخوێندەوە، سەرکەوتوو نەبوو. بە بڕوای من، بارام سادقی ئەو بایەخەی لە ئەدەبی چیرۆکی ئێراندا هەیە کە چیخۆف لە ئەدەبی سەردەمی خۆیدا لە ڕووسیا هەیەتی. یانی چما چیخۆف خاوەنی تایبەتمەندیگەلێ لە ئەدەبی سەردەمی خۆیدایە، سادقییش ئەو تایبەتمەندییانەی هەیە. ئەم نموونەیە بۆیە دێنمەوە هەتا زۆر دوور ودرێژ قسان نەکەم. سادقی ئەو کەسانەی دەیانهێنێتەوە، ئەو ڕووداوانە، ئەو تەنزەی لە پشت یەك بەیەکی ئەمانەدایە، ئەو شێواز و تەکنیکەی کە دەیهێنێتەوە، هەموو شتێ هاوسەنگ دەباتە پێشێ، هەموو شتێ تایبەتە. بە بڕوای من تا ئەم برگەیە واتە ساڵانی ١٣٥٠ (١٩٧١) تاقە چیرۆکنووسێکی ئێمە تەمەنی درێژی هەیە و ئەویش بارام سادقییە کە دەتوانی لە ماوە زەمانییەکی درێژدا بگەڕێیەوە سەری و بۆ وێنە فلانە چیرۆکی وەکی نموونە بخوێنیەوە. وەکو چیرۆکی «تەواو بەداخەوە» یا چیرۆکی «ئاو پاشەکانی حەمام».

ع: چیرۆکەکانی «غوڵام حسێن ساعیدی» چۆنن؟

ك: بە بڕوای من با وەکو لەمڕۆدا وەکو چیرۆکنووسێك باسی «غوڵام حسێن ساعیدی» دەکەن بەڵام ئەو ئەوەندەی شانۆنامەنووسێکی هەڵکەوتە بوو، چیرۆکنووسێکی ئەوەندە هەڵکەوتە نەبوو. ساعیدی لەو کەشوهەواو مەیدانە سیاسییەدا تێکشکاو پڕژ و بڵاوبووە و زەینییەتی خۆی لە کیس دا، بە وتەی شاملوو: «ساعیدی لە ژێر گوشاری ساواکدا (ساواك، ڕێکخراوەی ئەمنی ڕەژیمی شا)، ڕۆحی ورد و خاش بوو و ئەو

ڕۆحەی وا بۆ نووسەرێك پێویستە، نەی ما.» ساعیدی شێوازی ڕیالیزمی جادوویی لە پێش «گابرییەل گارسیامارکیز» دا دەکار هێنا. کتێبی «ئەهلی هەوا. تازیەدارانی بەیەل - یا ڕۆمانی خۆف و لەرزین»ی ئەو، جێگەی زۆر باس و مشتومڕی هەیە. لە مەیدانی شانۆنامە نووسیندا، بەرهەمەکانی هاوسەنگیی کارەکانی بێرتولد برێشت و یونیسکۆ و ئادا مۆف و لە چەشنی شانۆی «ئابزۆرد» دایە و هیچی لەوان کەمتر نییە. بەداخەوە شانۆکانی ئەو قووڵ نەبوون و سەر بە تویژ و چینە کۆمەڵایەتییەکان بوون، لە چیرۆکیشدا هەر بەم چەشنەیە. وێڕای ئەوەی بەردەوام یادی شاملووی مەزن حازرە کە دەیووت: «ساعیدی کە تورك بوو و بە مەجبووری تورکی فیکر دەکردەوە و بە فارسی دەینووسی، برێك زبان و نەسرەکەی لاواز بووە و زەبری وێ کەوتووە کە بە بڕوای من لاوازیش نییە.»، ئەمە لاوازی و موشکیلەی بڵاوکەرەوەکان و کەشوهەوای فەرهەنگیی ئێمەیە کە بەرهەم بە بێ پیاچوونەوەی زانستانە بڵاو دەبێتەوە و زۆربەی نووسەرانی ئێمە ئیزنی ویرایشی بەرهەمەکانیان نادەن، لە بەر ئەوەی زۆرکات کەسێکی شیاوی ئەم کارە لەگۆڕێدا نییە کە ویرایش بکات و سەلیقەی خۆی زاڵ نەکا.

ع: عەلی محەمەد ئەفغانی چۆنە؟

ك: عەلی محەمەد ئەفغانی، بە چەشنێکی دەگمەن، بە بەرهەمێکی وەکو «مێردی ئاهووخانم»ەوە، خۆی لە جەرگەی نووسەرانی کەم بایەخ و پاوەرەقی نووسەوە لەناکاودا دەهاوێتە ئەمبەرەوە و بەم بەرهەمە هەڵکەوتەیەوە خۆی لە پۆلی گەورەکاندا جێ کردووەتەوە. ئەڵبەت خوی وەکو نووسەرێك هیچ هەڵکەوتە نییە، لەبەر ئەوەی بار و بەرهەمی نووسەری ڕەسەنی نییە، ئەم تاقەکارەی لەناو سەد کاری دیکەیدا، بایەخێکی تایبەتی هەیە. عەلی محەمەد ئەفغانی، لە ڕێزەی نووسەرانی ڕەسەندا نییە، هەر وەکو حیجازی و موستەعان و... نین.

ع: بیستوومە سەبارەت بە «نادر ئیبراهیمی»ش، ئەم ڕایەت هەیە.

ك: نادر ئێبراهیمی نووسەرێکی زۆر ماندوویی نەناسە و من تا هەنووکەش بەرهەمێکی ئەوم بە پەسنی و تەواو نەدیتووە، هەر بەرهەمێك شتێ دەدا بە من، بەڵام بەرهەمی نادر ئیبراهیمی، هیچی بە من نەداوە، ئەوەی بووە لە گۆشەنیکا و بۆچوونی خودی ئێبراهیمییەوە بووە. هیوادارم ئەو ڕایەی سەبارەت بەوان دەیڵێم، نەڵێن سووکایەتیی پێ کردووە، بەڵام لە برێ بنەماڵەدا منالی وا هەیە نازانین چی لێ بکەین، بەهەرحاڵ منالی ماڵێیە، خۆشیشت ناوێ، هیچ کارێکی باش ناکات جیهانی چیرۆکنووسی ئێمەش سەرەندەر نەکردنێکی ئاوای سەبارەت بەمانە هەیە، ناکرێ لەگەڵیاندا مامەڵەبکەی، چ وەکو شانۆنامە نووسی هەژڵ «جیددی»، چیرۆکنووسی هەژڵ، یان فیلمساز و سیناریۆنووسی هەژڵ. نازانم بەڵام هونەرمەندی هەژڵ زۆرکەمە. ئیبراهیمی هەتا ئەو جێگەی من بزانم بەرهەم گەلێکی زۆریشی هەیە.

ع: بەڵی، نێزیك سەد کتێبی بە چاپ گەیاندووە.

ك: بەڵی، بەڕای من جیاوازیی نێوان نادر ئێبراهیمی و عەلی محەمەد ئەفغانی لەگەڵ جەماڵ میر سادقیدا زۆرە. من بەچەند هۆوە "ئەفغانی"م لە چاو ئەم دووانە پێ باشترە. چونکە ئەفغانی خەریکە کەشکی خۆی دەسوێتەوە و ماستی خۆی دەخوا و کاریشی بەکەس نییە و کۆمەڵگاش لە داهاتوودا ناتوانێ تاوانێك بهاوێتە ئەستۆی ئەوەوە. بەڵام هەتا ئەو جێگەی من ئاگادارم، نادر ئێبراهیمی لەم لاو ئەولا وانە دەڵێتەوە، یان جەماڵ میر سادقی کە خاوەن تیتر و عینوانە و پێشینەی زۆری هەیە و چونکە سەر بە پارتی سیاسییش بووە و خاوەن بیر و ڕایەکی ڕامیاری شیاوی ڕێزە، تیتریشی هەیە و ئەواخەریکە جەماوەریش ڕێنوێنی و ڕێبەری دەکا، بەڵام بەرەو ڕابردوو، نەك بۆ داهاتوو. بە بڕوای من هەر

هـەنـگـاوێـکـی مـیـر سادقـی لـەم بـەستێنـەدا خـەیـانـەتێکە بـە کۆمـەڵگـای فەرهـەنگی و بـەتـایـبـەت بە کۆمـەڵگای چیرۆکنووسیی ئـەمڕۆ. لە بـەر ئەوەی لاوانی تینووی زانستی چیرۆکنووسین بەرەو دواوە و دواکەوتوویی پاڵ پێوە دەنێ. لە بری ئەوەی بەرەو پێشەوە پاڵیان پێوەنێ، بەرەو دواوەیان دەکێشێنـێتـەوە. ئـێمـە لـە زەمـەنـی ئـەدەبـی پـۆست مـۆدێڕندایـن و ئـەدەبـی مۆدێڕن، خەریکە دەورەی بەسەر دەچێ و ئەو چی دەکا...

ع: بەلام سمیین دانیشوەر نووسەرێکی لایەق و شیاوە؟

ك: بەختەوەرانە ئیدی لەمڕۆدا خاتوو سیمین دانیشوەر، لە ژێر سێبەر و چەتری مێردە خواڵێخۆشبووەکەی «جەلال ئال ئەحمەد»، ڕزگاری بووەو مـن لـە سـەردەمـی لاوەتـیـی ئـەوانـدا هـەمـیـشە لـە سێبـەری نـاوی جـەلالدا دەمناسی، بەڵام هەمووی ئێمە، ئاوا بووین هەتا پێش شۆڕش و تەنانەت لە دەوروبەری شۆڕشیشدا، مردنی جەلال ئال ئەحمەد، قسە و باس لە سەر کـارەکـانـیـان زۆر بـوو. ئـەمـڕۆ نـاسێنـەری سیـمـیـن دانیشوەر، ڕۆمـانـی «سووەشون»ە وەکو «یەکلیاو تەنیاییی ئەو»، «بەردی سەبووری« وەکو «کوندەکوێرە» و وەکی هـەر بـەرهـەمێکی دەروشاوەی تر.

ع: دانیشوەر لە کورتە چیرۆکەکانیدا چۆنە؟

ك: بە بڕوای من سیمین لە کورتە چیرۆکەکانیا سەرکەوتوونییە، خگە لە چیرۆکێك لە کۆچیرۆکی ″سلاو لە کێ بکەم؟″ کورتە چیرۆکەکانی دیکەی ئەوم بەدڵ نین.

ع: ڕۆمـانـی «دوورگەی سەرگەردانی»ی دانیشوەر، چۆن بەرهـەمێکە؟

ك: قسەوباس سەبارەت بەمە زۆرە، خۆتان دەڵێن ئەمە بەرگی یەکەمە، دەیجا سەبارەت بەم یەك بەرگە دادوەری ناکرێ، بەڵام وێڕای ئەوەی ئەمە بـــیست سی ساڵ لـــە پـــاش سووەشوون نـــووسراوە، دووسەد ساڵ لـــە «سووەشوون» لـە دواتـر و کـۆنـتـرە. لـەم بـوارەوە، هـەم لـە بـاری زبـان و

نـەسرەوە و هـەم لـە بـاری کـەسێتـیـیـەکـانـەوە، جـێگـەی قسە و بـاسـە. لـە «دوورگەی سەرگەردانی»دا، دایەلۆگ و گوتار هەیە، بەڵام بە بێ بزاق و بێ دینامیك، بە بێ پێویستی. بێ ئەوەی دایەلۆگ چیرۆك و ڕووداوەکەی بەرێتە پێشەوە. لەم ڕۆمانەدا کەسێتییەکان دێن و قسەی خۆیان دەکەن، هەر لە بەر ئەوەی دەیانهەوێ ئەو قسانەبکەن «بەمن و تۆچی؟»! بەمنی خوێنەر چی؟ لە ڕاستیدا چی داوە بە من؟ تۆ دەقێ بنووسە کە سەبارەت بە خۆتان و دۆستانی جەلال ئال ئەحمەد بێ، زۆریش کێشی دڵڕفێنی دەبێ، زۆریش تیراژی زۆر دەبێ قسەو باسیشی لە سەر دەبێ، بەڵام کاتێ باس لە سەر ڕۆمانە، دەبێ کاریگەری و کارکردنی هەبێ، ڕووداوی هەبێ، دەبێ هەڵچوون و داچوون و دینامیکی هەبێ، دەبێ توخمی کەسێتی لە زەمەندا بێ، بە نێوی پەڕاوێز و درێژدادڕی، ڕۆمان و لاپەڕە ڕەش کردنەوە یان بیر و بڕوای حوسێن و حەسەن وتن بەرهەمێکی واسەرکەوتوونابێ.

ع: یـانـی سەرکـەوتـوویـی «غـەریـبـە و کـوڕە خـۆڵاتـی»ی ئـەحـمـەد مەحموودی نابێ/

ك: بەڵێ، زۆر بە هێز و دڵڕفێن بوو، بەڵام لە «دیدار»دا بە بێ توخمی چیرۆکی بوو. سەبارەت بەو چیرۆکانەی لەو دەورەیەدا ئەحمەد مەحموود نـووسیـویـە، وەکـو سادق چـووبـەك کـە لـە ژانـرِی نـاتـۆڕالـیـزمـی «سروشتخوازی»ی خۆیدا بەرهەمی «مانەوە»یە، شیاوی خوێندنەوەیە و دەینووسی، ڕاستەوخۆ ئەدەبی لەخوێنەر نێزیك کردەوە، شانبەشانی ژین و ژیـان جـووڵایـەوە، ئـەحـمـەد مـەحـموودیش لـە ژانـرِی «ڕیـالـیـزمـی سۆشیـالـیستـی»دا زۆر زۆر سەرکـەوتـووە و ئـەم بـەرهـەمـە، بـەرهـەمێکە دەمێنێتەوە، بەڵام بەداخەوە، هەڵی نەدا و ناسێنەری ئەحمەد مەحموود «دراوسێکان»ە.

ع: «مەحموود دەوڵەت ئابادی» چۆنە؟

ك: من له سەرەتادا «دەوڵەت ئابادی»م بە شانۆوە ناسی. چونكە من زۆرتر كاری شانۆم دەكرد دەسا بەرهەمە شانۆییەكانی ئەوم بەوردی دەخوێندەوە، زۆر لاواز بوون و ئێستاش لاوازن. شانۆكانی خاوەنی كەسێتیی شانۆیی نەبوون،یانی بە ئاخافتن و دیالۆگ نەدەچوونە پێشەوە. كاتێ «A» قسان دەكا، دەبێ «تێز» بێ، «B» كە قسان دەكات دەبێ «دژە تیز» و وەڵامی ئەو بێ «C» كە قسان دەكا، لە دۆخێكدا «سێن تێز»ی ئەو قسانەیە، خۆی دەبێ «تێز»ێك بێ بۆ درێژەی قسەكان، یانی ئەم شتەی دەیڵێم لە شانۆنامەكانی چیخۆفدا بەرچاوە. ئەمەش وەكی بەردی ئاش وایە دەسوورێ و داڵ بە داڵ ئێوە چارەناچار دەچنە سەرێ و پرۆسەی گەڕیانی ئاو پێك دێ. بە چەشنێكی سروشتی هەموو شانۆنامەكان، لەم قەوارەیەدان. وەكی شانۆنامەی «چاوەڕوانیی گۆدۆ»ی بیكێت، یان شانۆنامەی «هەملێت»ی شەكسپیر.

ع: بەڵام مەبەستی من چیرۆك و ڕۆمانەكانی دەوڵەت ئابادی بوو.

ك: بەڵێ، یەكەم بەرهەمێك كە لەم بەستێنەدا لەوم خوێندەوە، زۆرم پێ بە هێزو دڵرفێن بوو.

ع: كام بەرهەمی ئەو؟

ك: «ئەو سانەی باوە سوبحان» چیرۆكی برێ درێژ و لە بەردڵان. زبان و بارودۆخێكی ڕازاوەی هەبوو، لە پاشان ئیدی بەرهەمی ئەوانم نەدی، هەتا لەناكاودا بە قەوڵی شاملوو، ئەو بەرهەمە ئێرەیی هێنەرەی ئەو یانی «كەلێیدەر» بڵاو بووەوە.

ع: كەلێیدەر؟

ك: بەڵێ، كەلێیدەر بڵاو بووەوە و بەداخەوە من زیاتر لە دوو كتێبیم بۆ نەخوێندرایەوە «كەلێیدەر دەكتێب لە پێنج بەرگدایە. وەرگێڕ»، هیچ كام لە هەلومەرج و بارودۆخەكە شتێكی زیادی و تازە بەمن نادا. دەسا ئەم

بەرهەمە ویڕای ئەوە کە شوێن و پلەوپایەی تایبەتی هەیە و خزمەتێکی زۆر بە ئەدەبی چیرۆکیی ئێران دەکا، ددوەری سەبارەت بەو جیاوازە. بەڕاستی خاوەنی تایبەتمەندییەکە کە دادوەریی بنەماخوازی و تەکنیکی لە سەری بێواتایە و ئێمە دەبێ دای بنێینە برگەی مێژوویی خۆیەوە، لەبەر ئەوەی نەدەبا لەم برگە مێژووییەدا نووسرابا، دەبا سەدساڵ لەمەوبەر نووسرابا. پشك بەنێوی ئەو دەرکەوت و ئەویش توانیی زۆر سەرکەوتوانە ئەم کارە گەورەیە بکات.

ع: زۆرکەس بڕوایان وایە «کەلێیدەر»، دەبایە کورت کرابایەتەوە، چۆنە؟

ك: بەڵێ. هەر وەکو دیترانیش وتوویانە، ئەم بەرهەمە دەبایە کورتتر کرابایەوە، خۆزیا هەڵەچنێك هەبا کە دوڵەت ئابادی متمانەی پێی هەبایە، دەگەڵیدا هاوزەین و هاوبەرە و لایەن بایە و ئەم بەرهەمەی کورت کردبایەوە، چونکە مەیدان و دیمەنی دووپات و چەندپاتی زۆر هەیە.

ع: بەڵام هەر بەم چەشنەش لایەنگری تایبەتی خۆی هەیە.

ك: بەڵێ، نووسەرێکی هەڵکەوتە و شیاوی هەڵوێستە لە سەر کردنە، بەتایبەت کە پردێکی زۆر گرینگە لە نێوان ئەدەبی عامخواز و پڕ خوێنەر، دەگەڵ خوێنەری چیرۆکی ئێمەدا، کەنازانم نێوی «ئەدەبی کەم خوێندەواران» یا «چیرۆکی زنجیرەیی گۆڤار و ڕۆژنامەکان = ژوونالیستی» یە بێتو کەلێیدەر کورت کرێتەوە، نەوەك چیرۆکەکەی بزر بێ، بەڵکو ڕووداوە و چیرۆك داتاشرێ، پەراوێزە زیادییەکانی دابڕدرێ، ئەو کات و ساتە زێرین و پوختانەی نێوی باشتر دەردەکەون کە لە مرۆدا بەم چەشنە بزر بووە، بەڵام من باشترین بەرهەمێك کە تاکو ئێستا لە هی دەوڵەت ئابادی دا دەیناسم، ڕۆمانی بەر لە «کەلێیدەر»ە

ع: یانی «جێگای بەتاڵی سلووچ»

ك: بەڵێ وای بۆ دەچم بێتو «کەلێیدەر»، دوو هێندەی ئەم ڕۆمانەش بایە،

زۆر درەوشاوەتر لە «جێگای بەتاڵی سلووچ» دەبوو. ئەم هەموو پەرژ و بڵاو کردنەوەیە، زیانی هەیە، هەر توخمێ توانای هەندێ گەورە بوونەوەی هەیە، خۆ ئێوە ناتوانن لە توخمی بەرهەمێ کە هێز و توانای ڕۆمانێکی سەد لاپەڕەیی هەیە، لە ناکاو ڕۆمانێکی چوار سەد لاپەڕە سازکەن.

ع: دەمێنێتەوە «هووشەنگ گوڵشیری».

ك: گوڵشیری لە زمان و نەسری ئال ئەحمەد و بنەمای چیرۆکی بارام سادقی کەڵك وەردەگرێ. ئەو بەشێوەیەکی زۆر زەق خاوەنی ئەم تایبەتمەندییەیە. وێڕای ئەوەی بە وتەیەك خاڵی هەڵچوونەکەی سەرووتر لە ئاستی هیدایەتە. هەر لە بەر ئەمە وای بۆ دەچم سەرکەوتووە و ڕاست ڕەنگدانەوەی هەلومەرجی کۆمەڵاتیی خۆیەتی. یانی لە سەردەمی دیکتاتۆریەتی پێش شۆرشی ئیسلامیدا کە سەردەمی بێدەنگییەکی سەرسامهێنەرە و ژیانێکی فەرهەنگیی زۆر زۆر بەر تەسك و سنووورداری بووە. یانی چیرۆکی کورت، هەر کورتتر دەبێتەوە، لە بەر ئەوەی ئێوە مەجبوورن زۆر خێرا مەبەستی خۆتان ڕاگەیەنن. مەبەست وەکو هزرێکی سیاسی ناڵێم. مەبەست بەو نێوە کە هەر بەرهەمێك قسەیەکی پێیە. لە هەمان کاتدا کەئێوە، ڕێزتان بۆ چیرۆك دەپارێزن، لە پێش هەمووشتێکدا دەبێ سەبارەت بەنووسراوە، بەرپرس بن، لە هەمبەر مێژوودا. دۆستانی نووسەری ئێمە لەو سەردەمەدا ئەدەبیان وەلا نابوو، لە ڕاستیدا ئیلتیزامێك بۆ وشە و زبان و ئەو ژانرەی هەڵیان بژاردبوو لە گۆڕێدا نەمابوو و جیاوازیی بۆیان نەبوو، ئەو شتەی دەینووسن وتارە، ڕاپۆرتە، گوتارە یا شتێکی دیکەیە، دروشمیشیان دەدا و لە پاشان وایان دادەنا کە خەریکن چیرۆك یان شانۆنامە یان شیعردەنووسن. گولشیری یەکێ لە نموودە هەڵکەوتەکانی ئەم کەسانەیە کە دەیهەویست قسەی کۆمەڵایەتیی خۆی بکات، دەیهەویست چیرۆکەکەی قسەی تێدابێ. دەیهەویست چیرۆکەکەی ڕەنگدانەوەی بارودۆخی کۆمەڵگاکەی بێ و ئەڵبەت بە تەواوی ئەو

توانایەوە کە پێویستیی چیرۆکە، قەناعەتی بەوە دەکرد، نووسین و نووسین و دیسانیش نووسین. وێڕای ئەوەی من لە شوێنێکدام کە جیهانیش لەو شوێنەیە، دەیجا من ناتوانم، بڵێم من چیرۆکنووسم و لە پاشان سەرم بەژێر بەفردا بکەم و مارکێز نەبینم، میلان کۆندێرا نەبینم، فاکنەر و دیتران نەبینم، شتێکی ئاوا هەرنابێ. ئێوە کە لێرە خەریکن، سەرقاڵی نووسینن، خەریکن بۆ هەموو جیهان دەنووسن، یان دەبێ چما لە پاش جۆیس نانووسی، لە پاش فاکنەر، مارکێز، کۆندیرا نانووسی، لانیکەم دەبێ لەگەڵ ئەوا بنووسی، گولشیری بەو هۆش و گۆشەی ئەمەی لێ حاڵی ببوو، دەستی پێ کرد و ڕۆیشتە پێشێ و سەرکەوت. باشترین چیرۆکەکانی خۆیشی لە کۆچیرۆکی «نوێژگەی بووچکی من»دا نووسی. ئەمەشی بۆ وەدەرکەوت کە دەبێ بە فۆڕمە جۆراجۆر و جیاوازەکان بنووسێ، یەکەم کەس. دووهەم کەس، سێیەم کەس. لە قەوارەی نامەدا، بە فۆڕمی خیتابییەوە و... لەم بەستێنەدا کاری کرد. زۆر و زەحمەت کێشان و بەنێوی چیرۆکنووسێ دەیزانی دەبێ بزانێ، کە دەبێ فەرهەنگی وڵات و جوگرافیی خۆی هەبێ، ڕۆیی و خوێندیەوە، موتاڵای کرد لە دۆخێکدا کە زۆربەی نووسەرانی ئێمە خاوەن ئەم موتاڵا و خوێنەوەیە لە کاری خۆیاندانین.

ع: ڕەزا بەراهەنی و جەواد موجابی سەر بە کام نەوەن؟

ك: ڕەزا بەراهەنی، چونکە چیرۆکنووسینی لە پاش شۆڕش دەستی پێ کرد، لە نەوەی سێیەمە، بەراهەنی نەوەی سێیەمە. «بەڵام بەراهەنی لە پێش شۆڕشیشدا چیرۆك و ڕۆمانی نوسیبوو، بۆ وێنە: «ڕۆژگاری دۆزەخیی ئاغەی ئەیاز و چاڵاو بە چاڵاو و... وەرگێڕ»، بڕوای من ئەمەیەکە نەوەی سێ تەکنیك ئێ خۆیەتی، ناوەڕۆکیش ئی خویەتی و نەوەی سێ، هیچ پڕۆپاگەندەی ئایدیۆلۆژیای ناکات، لە خوڵقاندن و داڕشتنیدا ئەدەبی سۆشیالیستی و دیکتاتۆریەت پڕۆلیتاریا و... نییە. بێ کردەوەش نییە.

بـەڵام جـەواد مـوجـابـی ئـەڵـبـەت لـە پێش شۆڕشدا. جـار و بـار چیرۆکی نووسیبوو. بـەراهـەنـی زیـاتـر نێوبـانگـی ڕەخـنـەگـر و تـیـۆرزانـی هـەبوو لـە گوێرەی ئەو لە ڕۆژئـاوادا «ئیدوارد مۆرگان فـاستـەر»ە کە بـاشترین کتێبی سەبارەت بەتیۆری ڕۆمـان نووسیوە، یانی «لایەنەکانی ڕۆمـان.»، من لە کتێبی «چیرۆکنووسین»ی بەراهەنی زۆر شت فێر بووم، بەڵام کاتێ بۆ خۆی ڕۆمـانی دەنووسی، یانی «لایەنەکانی ڕۆمان.» ڕۆمـانەکانی بۆ من ساردوسڕ و بێ ڕۆح بوون. ڕۆمـانەکانی بـەراهـەنی هـاوسـەنگی زانستی تیۆرێکی ئەو نەبوون، هـەر ڕۆمـانێك چێژێکی هـەیە کە ڕۆمـانی بـەراهـەنی نەیبووە.

ع: ئەی بەراهەنی لە ڕۆمـانی «خـاتوو ئـازادە و نووسەرەکەی»دا چۆنە؟

ك: بۆچی، ئەڵبەت لەوێدا ئەو «حاڵ»ە هـەیە و ئەم بەرهـەمـەی بەراهـەنی بە پێچەوانەی بەرهـەمەکانی دیکەی دەگەڵ خوێنەردا پێوەندی پێك دێنێ.

ع: ئـەی بـۆچـی بـەرهــەمـی بـەراهــەنـی وەکـو دەوڵـەت ئـابـادی لـە نێو جەماوەردا برەوی نییە؟

ك: بەم هۆیەوە کە زانیاری کۆمەڵایەتی، سیاسی، فەرهەنگی و ئەدەبی بەراهەنی لە ئی دەوڵەت ئابادی زیاترە. من وای بۆ دەچم لەبەر ئەوەی دەوڵەت ئـابـادی کاتێ لەسەر مێز دانیشت، ڕۆمانەکەی بنووسێ، هـەموو کـەس و هــەمـوو شتـێ فـەرامـۆش دەکـا، یـان هــەمـووکـارەکـەی زەیـنـی داهێنەری دەینووسێ ئەوەندەی ئاگاداری و زانست و ئەزموونی ژیانی هـەیە، لە قەڵەم و پێنووسەکەیەوە هەڵدە قوڵێ و دەنووسێ و چی دەکا و بۆ کێ دەنووسێ. من خۆم کە شاگرد و قوتابیی هـەمووی ئەمانەم، هـەموو شتێ لەیاد دەسڕمەوە، لە یادم نامێنێ لەکوێیم و چەند سەعات ڕابووردوە و سەعاتێك، دوان یا پێنج سەعات یا خۆ لاپەڕەیەك و دوان یان چەند لاپەڕە. وای بۆ دەچم بەرهەمی دکتۆر بەراهەنی، هەموو شتێکی هەیە، جگە

لەو چێژ و جەوهەرەی کە دەبێ چیرۆك هەیبێ.

ع: «موجابی»ش هەروایە؟

ك: جەواد موجابی هێز و توانایەکی زۆری دەکار کردووە و لە کاری خۆیدا زۆر تێکۆشەرە. شانۆنامەی نووسیوە، ڕۆژنامە و شیعر و چیرۆك و ڕۆمانی نووسیوە و ئەڵبەت وهێز و دڵڕفێنیی کارەکەی لەوەدایە کە ترسی نییە لەوەی بەرهەم لە ژانرو چەشنێکدا بنووسێ، شیاوی ئەزموون لێ وەرگرتنە، بەردەوام خەریکە ئەزموونی زیاتر لە نوڤێلێت و چیرۆکدا وەدەستدێنێ و دەچێتە پێشەوە. بۆ من سەرنجراکێشە.

ع: حەتمەن «عەلی ئەشرەف دەرویشیان»یش لەم نەوەیە دایە.

ك: دەرویشیان هەم لە ڕوانگەی دید و گۆشەنیگاوە، هەم لە باری تەمەنەوە نەوەی دووهەمە. ئەم کابرا شەریف و ڕاست و پاکە، پێی خۆشە بەرهەمگەلێ بنووسێ کە زۆربەی خەڵك و بەڵکەم هەمووان لێی حاڵی بن و خەڵك پێوەندیی توندوتۆڵیان هەبێ و ئەڵبەت ئەمە لە وەسفی مندا ناگونجێ یان بڵێین من ئەمە بە ئەدەب نازانم. پێم ڕاپۆرتە و ڕاپۆرتی زۆر سەرکەوتوون.

ع: لە پێش ئەوەیدا دەست بکەین بە لێدوان لە سەر نووسەرانی نەوەی سێ، تکایە بفەرموون ئەم نەوەی سێیە چ جیاوازییەکی دەگەڵ نەوەی یەك و دوودا هەیە؟

ك: نەوەی یەکەم هەر وەکو باسمان کرد ٢٥ تا ٣٠ ساڵی یەکەم لە خۆ دەگرێ و نەوەی دووەم لە ٢٥و ٣٠ تا ساڵانی ٥٠و ٦٠و (١٩٥١–١٩٨١)ز. بەڵام ڕوانگەی سەرەکیی من و بۆچوونم لە سەر بەرهەمەکانی بەم چەشنە بوو، کە نەوەی یەکەم تەکنیکی لە ڕۆژئاوا «ئەورووپا» وەرگرت و دەگەڵ نیوەڕۆکی خۆیدا – نێوەڕۆکی فەرهەنگی و خوماڵی و نەتەوەیی خۆی – تێکەڵی کرد، لە ئاکامدا تەکنیك لە نەوەی یەکەمدا

لاوازە، بەم هۆیەوە کەوەرگیراوە  و تازە هاتووەتە ئاراوە، بەڵام نێوەرۆك دەوڵـەمـەنـدە، چـونـکـە لـە فـەرهـەنگی خۆی کەڵك وەردەگریٚ. لـە نـەوەی یەکەمدا، ئایدیۆلۆژی دەوریٚکی زۆری نییە، بەڵام لە نەوەی دووهەمەدا ئایدیۆلۆژی هەیە و لە برگەیەکی زەمەندا خەریك بوو تەواوی ئەدەبی جیهانی داگیر دەکرد. لە نەوەی دووهەمدا کە ئیدی تەکنیك فێربوون، هـونـەر پـەرەی گـرتـبـوو. تـەکنیکی شیعر و چیرۆکی مۆدێرن، وەچنگ کەوتبوو ناسرا بوو، بەڵام لە نێوەڕۆکدا لە بەر ئەوەی لە ژێرباندۆری ئایدیۆلۆژیدا بوو، لە ڕاستیدا خۆی پیٚ نووسەری بەرپرس و مولتەزیم بوو. بەرهەمی نەوەی دووەم لە باری تەکنیکەوە بەهێز بوو، بەڵام لە باری نێوەڕۆکەوە لاواز بوو. بەڵام نووسەرانی نەوەی سیٚ، بۆیان دەرکەوت کە بەرهەمەکانیان لەم لاوازی و بیٚ کاریگەرییە ڕزگارکەن، نەتەوەیی و خـۆمـاڵـیـی کـەن. لـەنـەوەی یـەکەمدا بـوو و بـە تـایـبـەت وەکو لـە «کوندە کوێرە»ی ″هیدایەت″دا بوو، کەڵکی لیٚ وەربگرن. یا بۆ وێنە لە «کابرای گێلانی» ″بزورگ عەلەوی″ دا. ئەم نەوەیە حەول دەدا تەکنیك بکاتە ئی خۆی و ناوەڕۆکیش بکاتە ئی خۆی. نەوەی سیٚ ئیدی لە مرۆدا نەناسیاو و نامۆنین و نووسەرانی ئەم نەوەیەش، نەناسراو و نێوبزر نین. بەرهەمی سەفدەری،فەڕووخفاڵ،چڵتەن، بیجاری، مۆندەنی پوور، محەمەد عەلی، ڕەوانـی پـوور، فـریشتـە ساری، جـۆلایـی، مـودەڕیس سادقـی، مـوئـەزنـی، مـەعـرووفـی، ئـەسغـەری، عـەبـدوڵـلاهـی، فریشتـەمـەولـەوی – شێرزادی، ئـاقـایـی، نـەجدی و... خـاوەنـی تـایـبـەتـمـەندیـی نـەوەی «سیٚ»ن. تـەنـانـەت خودی دەقی «کوندەکوێرە»ی هیدایەتیش تایبەتمەندیی، نەوەی سێی هەیە و بەرهـەمێکی «نـەوەی سیٚ» یانەیە، بەم هۆکارەوە کە لاوازیی بەرهەمی نەوەی یەك و دووی نییە و خاوەنی تایبەتمەندیگەلێکە کە من بۆ نەوەی «دوو و سیٚ»ی دادەنـێم، یـانـی هـەم تـەکـنـیك و هـەم نـاوەڕۆك بـەهـێز و خۆماڵییە. بۆیە ئەگەر چما ئێوە تەکنیکی «کوندەکوێرە» کە لە فەرهەنگی

ئێرانیی خۆمان و ڕۆژهەڵاتیی خۆمانە لە بەرهەمەکە جیاکەنەوە، بۆتان دەردەکەوێ نامۆ و جیاواز نییە، یانی ئی فەرهەنگی خۆمانە، لەو لاوە تەواوی ناوەڕۆکی چیرۆکەکە، زەڕە زەڕە و پاژبەپاژی ڕۆمانی کوندەکوێرە، لە خوێنی هەر ئیرانی و هەر ڕۆژهەڵاتییەکدایە. ئێوە شوێنەوارێکی فەرهەنگی ڕۆژئاواییی تێدا نابینن، بۆ وێنە ئێمە لەوێدا کرێکارێك بە داس و چەکوشەوە نابینن، چونکە کەلتووری ئێمە ئەو شتەی نییە، لە «کوندەکوێرە»دا، کابرایەکی پیری «خەنزەر پەنزەری» مان هەیە کە سەدی حەفتای کۆمەڵگای ئێمەوان. ئێمە لەم بەرهەمەدا «ژنی دڵڕفێن و لەکاتە»مان هەیە کە لە کۆمەڵگاماندا هەیە. ئێمە لە تەواوەتی ڕۆماندا ئینسانی جادوو لێکراومان هەیە، کە تەواوەتی کۆمەڵگا و جەماوەری ئێمە سیحر لێکراون، بەم پێیە ئەم بەرهەمە، بەرهەمێکی «نەوەی سێیانە» یە. بێتو چیرۆکنووسانی ئێمە بە چەشنێکی بنچینەیی سەرقاڵی لێکدانەوە و سەرەندەر کردنی «کوندەکوێر» بایەن و چما ئێمە توێژەرانێکمان هەبایە و ئەمانە توێژینەوەی ڕاست و دروستیان لە سەر «کوندەکوێرە» کردبایە، ئێستا ئێمە موشکیلەی ئاوامان نەبوو. ئێمە زۆر درەنگ بۆمان دەرکەوت «کوندەکوێرە»، سەرمەشق و ڕێبازی چیرۆکنووسیی ئێمەیەو دەتوانێ باشترین نموونە و نیشانە بۆ وەشوێن کەوتن بێ. ئێمە زۆر درەنگ لەمە حاڵی بووین. ئێمە هەر وامان دەزانی هیدایەت چیرۆکنووسێکی گەورەیە کە لاڕێ و گومڕایە و خراپ دەنووسێ و هەموو کەس ناهۆمێد و گومڕا دەکا و شتی ئاوا... ئەمەش ئاشکرایە لەو دەوریەدا کە نووسەرانی سەر بە پارتەکان دەستیان درۆیشت و برەویان هەبوو، ئەم قسە و باسانەیان تیژتر و توندتر کرد و هەر لە ئاکامدا لە دوایین ساڵەکانی دەیەی ٤٠ و سەرەتای ٥٠ کاندا (٦١ تا ٧١ی زایینی) بۆمان دەرکەوت ئەوەی نووسەرانی سەر بە پارتەکان دەیڵێن بێتو هەموو درۆ و ناڕاست نەبێ، لە سەدی حەفتای درۆیەو دەگەڵ کۆمەڵگا و جەماوەری ئێمەدا ناتەبایە و

بەرهەمێکی بۆ ژیان و داهاتووی ئێمە نابێ. لە ئاکامدا تامەزرۆیی هاتە گۆڕێ بۆ نووسەران و دۆزینەوە و سەرەندەرکردنی دووبارەی ئەوان، وەکو دۆزینەوەی تازە و دووبارەی هیدایەت. بەڕای من هیدایەت نەك هیچ چەشنە هیوا بڕدراوی و تاریکییەك لە بەرهەمەکانیدا نییە، هیچ، ئەو بەرهەمانە لیپاو لیپی ژیان و خۆزیا و هیوان. لە کوندە کوێرەدا ئەو دەربیجەیەی رووبە جۆبارەکەیە، ئەو دارە «سەرو»ە، جگە لە ژیان و گەشبینی مانایان چییە؟ ئەو ئاوە ڕەوانە و ئەو «سەرو»ەی هەمیشە سەوزە، یان ئەو قسەو باسەی گوڵی نیلووفەڕ (لەیلووپەڕ) جگە لە بوون و ژیان چی بە من دەدا؟ نازانم بۆ چی لایەنی ڕەشی ڕۆمانەکەیان زەق کردووەتەوە؟ بەڵێ ئەو ڕۆمانە دوو بەری دراوێك نیشان دەدا. بەڵام با بزانین کام بەریان زیاتر نموودی هەیە؟ لە بەر ئەوەی نووسەر لە داهاتوودا خۆی دەکوژێ، نابێتە هۆی ناهومێدی و چارەڕەشی و «ڕەش بینین»ی گۆشەی نیگای نووسەر لە هەموو ژیانیدا و لە هەموو بەرهەمەکانیدا. من خۆ کوشتنی هیدایەت لەوەدا دەبینم کە ئەو دەیهەویست بەرە و ڕۆشنایی بڕوا، بەڵام لە بەر ئەوەی ئەو کۆمەڵگایە ئەوەندە تاریك بوو، نەیتوانی. تا بەرگەی تەنگوچەڵەمەکانی بگرێ، نەکو کۆمەڵگا ڕوووناك بووبێت و ئەو زەینێکی تاریکی هەبوو بێ.

ع: بەڵام ئەی نەوەی سێ چی؟

ك: دەتوانین نەوەی سێ بکەینە دووبەش، یەکیان ئەو نەوەی سێیەی بازنەی پێکەوە نووساو بە نەوەی دووهەمەوەیە. بەم واتایە کە نەك هەر سەرچاوەکەی، بەرهەمی نەوەی یەك و دوو بووە، هەڵسوکەوتیشی هەر دەگەڵ نووسەرانی نەوەی یەك و دوودا بووە. بۆ وێنە ئەگەر شۆڕشی ئیسلامی بکەینە ناوەندی باسەکەمان، لەو کاتەدا شۆڕش کرا، ئەمانە قەوارەی زەینییەتی خۆیان دۆزییەوە یان ڕێگەی خۆیان ناسی و بەرهەم گەلێکشیان کەموزۆر بڵاوکردبووەوە و دەیانزانی دەیانهەوێ چی بکەن.

ئەم دەستە نووسەرە، کە «ڕەزا فەڕوخفاڵ» یەکیانە، خودی من، جەعفەر مودەڕیس سادقی، غولام حسێن چەهل تەن، محەمەد محەمەد عەلی، شارنووش پارسی پوور، غەزالە عەلیزادەن. ئەمانە کەسانێکن کە ڕێگەیان ڕوونە. ئەمانە لە دەورەی شۆڕشدا و لە ڕاستیدا ئاوقابوونی ناو کەشوهەوا و مەیدانگەلی جیاواز و جۆراوجۆر و ئەزموونی ئەم هەموو هەڵچوون و داچوونەی کە هەر شۆڕشێك هەیەتی و لە پاشانەکە خانەنشین بوونێکی زۆرەملەی بەسەر داهات و وەدەستهێنانی ئەزموونی دەوڵەمەند. ئەمانە دەستیان کرد بە بڵاو کردنەوەی بەرهەمگەلێکی دیکە. دەسا بازنە و دەستەی یەکەم کە بەرهەمەکانیان کامڵتر و تەواوترە و کەمتر یەخسیری دڵەڕواکێ بوون. یانی لە ڕاستیدا «تووبا و واتای شەو»، ڕۆمانی شار نووش پارسی پور – لیپیاولیپی کەلتوور و فەرهەنگی خۆمانە بە تەکنیکێکەوە کە پرۆسەی شەپۆلانی زەین یان شەپۆلانی دەروونی لە چەشنی مەولەویی ڕۆمی پێ بڵێین، هەر دووك ئی خۆمانە، بێتو لاوازیشی هەبێ، لەبەرئەوەیە ئەمە ئەزموونێکی تازەیە و خاتوو پارسی پوور کردوویەتی. ئەمەش ڕاستە کە غەزالە عەلیزادە بازنەی پێوەندییی نەوەی سێ بۆ نەوەی دووە. بەڵام تایبەتمەندییەکی هەیە کە زەینییەتی ڕۆمانسیی خۆی لە هەموو دەورەکاندا دەپارێزێ و لە ڕاستیدا لە باری تەکنیك و ناوەڕۆکدا زۆر دەگەڵ دەورە و نەوەی خۆیدا نییە. بەڵام مونیرۆ ڕەوانی پوور، ڕەزا سەفدەری، شاریار مۆندەنی پوور و ئەسغەر عەبدوڵاهی لە پاش شۆڕش بەرهەمیان بڵاوکردەوە، ئەزموونی شۆڕشیان هەیە، بەڵام ئەزموونی ڕووناکبیرییان نییە.

ع: با لە «محەمەد محەمەد عەلی»یەو دەست پێ بکەین؟

ك: لەگەڵتام. محەمەد عەلی، لەو نووسەرانەیە کە لە بوارێکەوە کاریگەریی ئاڵ ئەحمەدی بەسەرەوەیە، ئەڵبەت ئەو لایەنە نووسەرانەیەی ئاڵ ئەحمەد. یانی گۆشەنیگای ئاڵ ئەحمەدانەی هەیە و

ژانری نووسراوەکانی ئەو ڕیاڵیزمە، دەنووسێ و ئەو کەسێتییانە دێنێتە کایەوە کە نێزیك لە کاری ئال ئەحمەدن. ئەڵبەت گومان لەوە دانییە کە ناوبراو ئۆگری ئالّ ئەحمەدە و باندۆرێ ئەوی پێوە دیارە. . بەم هۆیەوە لە کتێبی یەکەم و دووەمیدا ئەم تایبەتمەندییانە زۆرن، بەڵام محەمەد عەلی هەر تا هاتووەتە پێشێ، لە ئال ئەحمەد دوورکەوتووەتەوە و جیا بووەتەوە، چ دی ئەو ڕیالیزمە تەنك و ڕووکەشە لە کارەکانیدا نەماوە. کەسێتییەکان کەم کەم خەریکن قووڵ و چەندلایەنە و ئاڵۆز دەبن. ئاڵۆزی و چەندلایەنە دژوار بوونی ئینسان بە چەشنێك لە بەرهەمەکانی ئەم دوایانەی محەمەد عەلیدا قەوارەی بەرچاوی خۆیان ئەدۆزنەوە، لە باری بونیاد و پێکهاتەشەوە هەروایە. چیرۆك ئیدی بە بۆ چوونی محەمەد عەلی، لەم بەرهەمە تازانەیدا گێڕانەوەیەکی ڕواڵەتی لە ڕووداوێکی ڕواڵەتی نییە و لە ڕاستیدا کارەکە ئیدی یەك ڕەهەندی و دوو ڕەهەندی نییە. هەروەکو کەسێتی ئاڵۆز و چەند ڕەهەندی بووە، بەرهەمیش خەریکە چەشنێك تێکچڕژانی چەند لایەنی بە خۆیەوە دەبینێ، بەڵام بە گشتی، گۆشەنیگا یان شێوازی محەمەد عەلی، لە کارەکانیدا زۆر لە کۆمەڵگا نێزیکترە، هەتا بەرهەمی کەسانی دیکە. هەر لە بەر ئەمە، من چارەڕوانم ئەو خوێنەری زیاتر و تیراژی زیاتری هەبێ. بۆ وێنە لە چاو بەرهەمی خۆم یان سەبارەت بە بەرهەمی فەڕوخفاڵ کە کارەکانمان دژوارترن یان کەسێتییەکانمان کەمتر لە ڕاستەقینەی کۆمەڵایەتی دەچن.

ع: «کولانە مریشك» و «خانەنشین بوون»ی محەمەد عەلی، دەروشاوەیی تایبەتیان هەیە؟

ك: نا، نا، بە ڕای من دوایین ڕۆمانەکەی، باشترین کاریەتی. ئەو چیرۆك گەلی باشتر لەو دوانەی نووسیوە، بۆ وێنە «دووەم چاو» یان «تەقینەوە» کە زۆر جوانە، بەشقەم خانەنشین بوون یان کولانە مریشك، کامڵبوونی دەورەی گۆشەنیگای سەرەتایی ئەوەیە، بەڵام لە دەورەی دووەمیشیدا

چیرۆکی باشی نووسیوە. ئێمە دەتوانین بەرهەمەکانی محەمەد عەلی بکەینە دوو دەورە. ئەو بەرهەمانەی تا دەگەنە «کولانە مریشك و خانەنشین بوون»، کە دەگاتە ئەو ڕەنگدانەوەیە وا دەیهەوێ، یانی لەو چەشنی یەکەمەدا باشترینن. بەڵکەم هەر بەم هۆیەوەیە کە لەو چەشنە بۆچوون و نووسینە دووردەکەوێتەوە، لە بەر ئەوەی وا فیکر دەکاتەوە لەو چەشنەدا کاری خۆی کردووە و تەواو، ئیدی باش وایە بڕوات و شێوازێکی دیکە تاقی کاتەوە. وای بۆدەچم ئەزموونی دەورەی دووەمی دەوڵەمەندتر و نێزیکتر لە نووسینی ئەمڕۆی جیهانی ئەدەبە. لە هەر دۆخێکدا پێناسەی ئێمە لە چیرۆك ئەمە نییە کە چیرۆك بنووسین، قسەمان ئەوەیە کە چۆن چیرۆك بنووسین، ئەگینا لە هەموو جیهاندا قسەیەك دەکەن و هێشتا هیچ کەس لە قسەکانی سولەیمانی نەبی بەملاوە نەهاتووە، دەڵێ لە ژێر ئاسماندا هیچ شتێکی تازە نییە. دەسا گشت نووسەرانی جیهان خەریکن قسەیەك دەکەن، بەڵام هەرکامیان بە شێوەی خۆی، لە چەشنی خۆیاندا. وای بۆ دەچم محەمەد عەلی لەدەورەی دووهەمی خۆیدا ئاوایە، بەشێوەی خۆی و لە چەشنی ئەدەبی ئەمڕۆی جیهان چیرۆك دەنووسێ.

ع: ڕەزا جۆلایی چۆنە؟

ڕەزا جۆلایی؟ تەماشا بکەن جۆلایی، یەکەم چیرۆکەکانی کە نووسی، کۆچیرۆکێك بوو کە بۆ هەمووان لەبەردڵان و جوان بوو، بۆ منیش هەروا بوو. ئێمە دەگەڵ ئینسانێکی ئەمڕۆیی کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی تایەفەی قەجەر «هاوکات دەگەڵ عوسمانی» بەرەو روو بووین. لە یادمە دۆستان ئەم نیگاو بۆچوونەیان لاواندەوە، ئافەرەمیان پێ وت، منیش هەروا. بەڵام ئەم نیگایە بە مەرجێك ڕاست و دروست بوو کە هەروا بەرەو «تەشق» هەستایە و گەورە بایەتەوە و نووسەر بەم بۆچوونە دەستەوەستان نەبایە، لاسایی خۆی نەکردبایەتەوە. چما من لەم برگە مێژووییەو تایبەتمەندییەکانی ئەم برگەیە، یانی دەورەی قەجەر و شا عەباسی

سەفەوی. دەورەی نادرشا یان هەردەورەیەکی دیکە ئەدوێم، ڕاستە. بەڵام چما من خۆم بکەمە ئاخێوەر و گێرەوەری ئەو سەردەمە لە ڕاستیدا هیچ هۆیەکی نییە ئەو کارە بکەم. یانی منی ئینسانی ئەم سەردەمە، دەتوانم دەورەی قەجەر لە پێوانە بدەم، یان دەورەی ئەفشار و سەفەوی. ئەویش بە تەکنیکی ئەمڕۆوە. بەڵام بە داخەوە جۆڵایی وانییە و واناکات. جۆڵایی لە یادی دەچێتەوە، ئاخێوەرەکەشی ئی هەمان سەردەمە، یانی کاتێ ئاخێوەر دەچێتە دەرورەی قەجەر بگێڕێتەوە، من لە لاپەڕەی یەکەمەوە حەوای ئەدەم. چونکە لەوێ سەردەمدا کەسانێك بوون و ئەمانەیان باس کردووە، ئەو دەقانە بە دەستەوەیە، من دەچم و ئەوان دەخوێنمەوە، ئۆریژیناڵ و ڕاستەوخۆیەکەی دەخوێنمەوە، نەك دەستی دووهەم و ناراستەوخۆکە. چما من مێژوو بخوێنمەوە و لە پاشان خۆم بکەمە یەکێ لە موسافیرانی ئەوێ زەمان، ئەویش چی؟ بەهەمان تەکنیك و شێواز، گریمان بڕێکیش سواوتر و ڕازاوەتر، ئاخە ئەمە چ دەردێك دەوا دەکات؟ بۆ چی دەبێ من ئەوە بخوێنمەوە. جۆڵایی ئازادە، دەتوانێ بنووسێ، ئازادە هەرچی دەنووسێ. بینووسێ و بڵاوی کاتەوە، بەڵام منیش ئازادم و دڵم پێوە نییە ئەمانە و شتی ئاوا بخوێنمەوە، چ دەردێکی من دەوا ناکات، چ بۆشاییەکی جیهان ئەمڕۆ پڕناکاتەوە، یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی جیهانی هاوسەردەم ئەمەیە کە بەشێك لە جیهانی ئەمڕۆ پڕکاتەوە، پاساوی داتەوە، ڕاڤەی کات، تەفسیری کات و ڕەهۆڵەیەك لە شوێنێکی ژیان و بوونی مندا هەڵکۆڵی.

ئەو بۆچوون و نیگایەی جۆڵایی بەڕای من هەڵەیە، یانی موسافیری تارانی دەورەی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی بڕوات و سەفەر بکات بۆ تارانی دەورەی قەجەر، ئەمە سەرکەوتووە، نەك موسافری تارانی دەورەی قەجەر لە تارانی دەورەی قەجەر دابێ و بڕوا. ئەم کارەیان پێشتر کردووە، ئەمە ئیدی کاری من نییە، باوەکو لە جیهاندا کاری سەرکەوتووی ئاوا

زۆر کراوە. بۆ وێنە «سالامبۆ»ی فلووبێر، باشە. ئەوشتە بایەخ و تایبەتمەندیی خۆی هەیە، مێژووش نیشانی داوە و سەلماندوویەتی فلووبێر دەچێ و بە قەرای کتێبخانەیەك سەبارت بە «کارتاژ» متالا دەکات و لە ڕاستیدا لەم بەستێنەدا دەبێتە پسپۆڕ و لە ئاکامدا ڕۆمانێك بەناوی «سالامبۆ» بلاو دەکاتەوە کە خاوەنی تایبەتمەندیگەلێکی تایبەتە و لە جیهانی ئەو سەردەمەدا دەتەقێتەوە.

کەچی بە بیر و بڕوای من سالامبۆ، وێرای گشت بایەخە ئەدەبییەکانی خۆی لە هەمبەری «خاتوو بواری»دا هیچ نییە، لە بەر ئەوەی «خاتووی بواری»، ئەزموونی بەر چاوی زەمانەی خودی فلووبێرە و لە هیچ شوێنێکی دیکەی پێوە نییە. بڕیار وایە جیهانی ئێمڕۆی من دەبێ بنووسم، ڕاڤەکاریی من لە جیهانی ئێمڕۆی من، منم و هەر من دەتوانم بینووسم، کەسێکی دیکە ناتوانێ، لە ڕاستیدا و بە واتایەك، جولایی دەیهەوێ لە باری داڕشتن و بنەما و تەکنیکەوە لە ژانری چیرۆکی ئەم سەردەمەدا بێ و مۆدێرن بنووسێ، بەلام لە باری ناوەرۆك و بنەما و بینای گشتیدا ناکرێ. چونکە کاتێ بۆچوون و گۆشەنیگا دروست نەبێ، هەمووشتێ دەشێوێ.

ع: لە پاشان نۆرەی «مودەڕیس سادقی»یە؟

ك: بەڵێ، جەعفەر مۆدەڕیس سادقی، لە بەستێنی چیرۆکنووسیندا هەمیشە لە پەراوێز دایە. گشت بەرهەمەکانیشی لە پەراوێز دایە. گشت بەرهەمەکانی خوێندنەوە نەخوێندنەوەی یەکە. یانی بۆی دەچێ ئێوە لە موتالای بەرهەمی ئەو تام و چێژیش هەست بکەن، بەلام چما نەشی خوێننەوە. هیچ ناقەومێ. هەم گۆشە نیگا و دیدی نووسەر.هەم ڕازاندنەوە و هەم ڕێکوپێك کردنی کارەکەی لە پەراوێزدایە. یانی ئەو ڕیالیزمەی سادقی هەیەتی، دەیتوانی لە سی ساڵ لەمەوبەردا، چل ساڵ یان پەنجا

ساڵ پێشتریش دەکرا بقەومێ. یەکیش دید و ڕوانینی هێڵی و ئاسۆیی، خەرابترین چەشنی لە جیهان ڕوانینە. ئاسۆیی و هێڵی لە جیهان ڕوانین، هەر وەکو وتم، دەگەڵ ئینسان لە ناتەبایی و کێشە دایە، چونکە ئینسان پێچەڵا پووچ و چەندلایەنە و دژوارە، ئێوە ناتوانن بە هێڵێك و دووان و سێیان و بە چەند ڕستە ئێنسان نیشان دەن و بڕۆنە پێشەوە. ئینسان لە هەر لاپەرەیەکی چیرۆکی ئێوەدا، ڕەهەندێك و لایەنێکی هەیە. بۆی دەچێ ڕەهەندو لایەنێکی زەقتر بێ و ئێوە زیاتری وەشوێن کەون. بەڵام ناکرێ ڕەهەند و لایەنەکانی دیکەشی نەبینن.

هەر نووسەرێك بتوانێ ڕەهەند و لایەنی زیاتری کەسێتیی چیرۆکەکانی نیشان بدات، سەرکەوتووترە. ئەو شتەی کە دەڵێن ڕیالیزمی جادوویی مارکێز، بەڕای من. بە هۆکاری مەیدان و بارودۆخەوە نییە. ئاغەی مارکێز لەم شتەدا، قەرزاباری ڕەهەندە جیاواز و جۆراوجۆرەکانی پاڵەوانان و کەسێتییەکانیەتی. ئێوە تەماشای «سەد ساڵ تەنیایی» بکەن. هەر کەڕەتێ ئێوە دەچنە سۆراغی کەسییەتییەکی ئەم ڕۆمانە، ڕەهەندێکی تازەی وەدەر دەکەوێ. لە بەر ئەوە لە مەودای سەدساڵدا هەر لە جووڵانەوە و هاموشۆدایە. زۆرێك لە ڕۆمانە ئێرانییەکان کە ٤٠٠ – ٥٠٠ لاپەڕەنە و جار و بار دوو هەزار لاپەڕەش دەبن، و پاڵەوانێك هەزاران ژیانی جیاوازی هەبێ، بەڵام کەسێتی لە لاپەرەی یەکەمدا هەمان کەسە و لە لاپەرەی دوایيدا هەر هەمان کەس!! دەڵێی تەواوی ئەو ڕووداوانە هیچ کاریگەرییان لەسەر ئەو نەبووە. ئەو پاڵەوانە ئیسفەندیار ئاسایە لە هەمان دەستپێکەوە پۆڵایین بووە، لە کۆتاییشدا هەر پۆڵایینە. ئەمە دەست پێکەوە پۆڵایین بووە، لە کۆتاییشدا هەر پۆڵایینە. ئەمە سەر سامهێنەرە، چما شتی وا دەبێ؟ لە مێژوودا، نەمانبووە.

لەشی پۆڵایین لە مێژووشدا، ئیسفەندیاریش چاوی لاواز و ناپۆڵایین بوو و ڕۆستەم کوشتی، ئاشیل پاڵەوانی ئوستوورەیی یۆنانی پانیەی پای

لاوازی هەبوو. نازانم، هەمووپۆلایینەکان خاڵێکی لاوازیان هەبوو، من نازانم چۆن دەبێ لە ڕۆمانگەلێکی تایبەت و بەتایبەت ڕۆمانی ڕیالیزمی سۆسیالیستیدا کەسییەتییەکان پۆلایین بن و هیچیان لێ نەقەومێ. دەڵێی ئێمە سەرقاڵی خوێندنەوەی ئەفسانەین، چیرۆکی مودەڕیس سادقی ئەم موشکیلەیەی هەیە.

ع: ئەی «ئەمیر حوسێن چهل تەن»؟

ك: لە دۆستانی نووسەری ئەم نەوەیە، بەڵێ، من بەرهەمی «چهل تەن»م خۆش دەوێ لە بەر ئەوەی «چهل تەن» تایبەتمەندییەکی گەورەی هەیە. یانی دید و نیگایەکی هەیە کە تایبەت بە خۆیەتی بۆ وێنە لە «تەلاری ئاوێنە»دا هەمووی ژنان دێن و دەڕۆن و دەبیندرێن. بۆ من زۆر سەرنجڕاکێشە، کاتێ دەڵێن قەجەر، من ژیان دێتە بەر چاوم. لە حاڵێکدا گشت سەفەرنامە و مێژووی ئێمە پیاوانەیە، دەڵێی لە دەورەی قەجەردا ژن هەرنەبووە. ئەم دید و نیگایەی «چهل تەن»، تایبەتمەندی خۆیی هەیە. دەیجا بایەخێکی زاتی لە بەرهەمی «چهل تن»، دا هەیە. یا کاتێ تەماشای ژیانی سەردەمی خۆمان دەکا، ئایینێك، دابونەریتێك لە ژیانی سەردەمدادەبینێ کە نووسەرانی دیکە نایبینن. یانی بە بێ ئەوەی بەرهەم پڕوپاگاندە بۆ ئایین بێ یان سەبارەت بە ئایین بێلایەن بێ، لە بەر ئەوەی ژیانی ئێمە لەمڕۆدا تێکەڵاوی ئایینە. لە بەرهەمی «چهل تەن»دا ئەمە هەیە. دەسا ئێمە ناڵێین بەرهەمی ئایینییە، لە لایەکی دیکەوە ئەو نووسەرەی بە دەستکرد دەست دەکا بە زەقکردنەوەی لایەنی ئایینی لەم کۆمەڵگایەدا، پێی دەڵێن کارەکەت چیرۆکی نییە. هیچ کەس یا خودی چهل تەن ناتوانێ بەچهل تەن بڵێی تۆ نازانی، تۆ چیرۆك نازانی. لە بەر ئەوەی سەرقاڵی تاقیکاری و ئەزموونی ژیانی سەردەمی خۆمانە.

«ئەمیر حوسێن چهل تەن»، نووسەرێکە بە تەکنیکی «یەکدەستی» یەوە،

یانی لە سەرەتاوە کە دەستی پێ کردووە هەر وەکو دێتە پێشێ باش و باشتر دەبێ. یانی کار لە سەر چیرۆکی ئیمرۆیی دەکا، بەڵام چیرۆکی مۆدێرن لە شێوازی شەپۆلانی زەین، بە مەعنایەك لە کاریدا نییە. یانی پلە و پایە و جێگەی خۆی هەیە و شوێنێکی تایبەت و بەرچاوی هەیە کە درێژەی ئەداتێ و لە بەر ئەوەی وای بۆ دەچم کار دەکات و بزووتنەوەی هەیە سەرکەوتووە، گرینگ ئەوەیە. گرنگ دید و گۆشەنیگای ئەمرۆییيانەیە. یانی چیرۆك لەم بەستێنەدا، تەنانەت ئێوە «تەلاری ئاوێنە»ش کە دەخوێننەوە و تەماشای دەکەن، شایەد بە واتایەك لاواز بێ، بەڵام بە واتایەکی دیکە بەهێز و پەسندە. ئەمە ئاشکرایەکە نووسەرێکی ئیمرۆیی خەریکە دەنووسێ و تەماشا دەکات یانی نیگای ئەمرۆییيانەی چهل تەن لە ئاخێوەردا بە چەشنێکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بوونی هەیە.

ع: خاتوو «غەزاڵە عەلیزادە» چی؟

ك: سەبارەت بە خاتوو غەزالە عەلیزادەی خوالێخۆشبوو، قسەم کرد.

ع: ئەی ئاغای ئیلاهی.

ك: مەبەستتان ئەسغەر ئیلاهییە؟

ع: بەڵێ ئەسغەر ئیلاهی.

ك: لە ڕاستیدا قسەیەکم سەبارەت بەم نووسەرە نییە، چونکە هەر هیچ بە نووسەرێکی حیرفەییی نازانم، کەسانێك هەن ئۆگری چیرۆکن و چیرۆك دەنووسن، بۆی دەچێ سەرکەوتووانەش بنووسن و چیرۆکێکی سەرکەوتووش بڵاوکەنەوە، بەڵام جیاوازی زۆرە لە نێوان نووسەرێکدا کە هەم و غەمی چیرۆکە و چما نەڵێین سەدی ٧٥، سەدی ٥١ی ژیانی و بوونی تەرخانی چیرۆکە، دەگەڵ ئەو کەسەدا کە جار و بار، چیرۆکێکیش دەنووسێ و هۆگریشە و بڕێجار سەرکەوتووشە. من ئیلاهی بەو دوو

کتێبەوە کە هەیەتی، بەم گرووپەی دوایی دەناسم. بەشکوو لە هەڵەدابم. وێرای ئەو تەمەنەی هەیەتی و ئەو هەموو ساڵە هەوڵ و تێکۆشانەی، باوەڕ ناکەم شتێکی زۆر بتوانێ بڵێ، باوەکو لەو چیرۆکەی:

«ئیدی سیاوەشێ نەماوە»....

ع: «ئیدی سیاوەشێك نەماوە»، پلە و پایە و شوێنی ئەوان لە بەستێنی دەروونناسی و کاریگەوییی ئەو لە ئەدەبدا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟ و وێڕای ئەوەی ئیلاهی دەروونناسە.

ك: چما بمانەوێ چیرۆك لە دید و نیگای دەروونناسییەوە هەڵسەنگێنین، جگە لە بەرهەمەکانی ساعیدی کە چەشنێك سەودایی و مالیخولیا و ڕیالیزمی جادوویيان تێدایە، هیچ بەرهەمێکی دیکە نێو نابەم. چیرۆکی «ترس و لەرز» و زۆربەی شانۆنامەکانی ساعیدی وەکو «گۆپاڵ بەدەستەکان وەرەزیل»، کە کەسێتی زۆر بەرزی تێدایە و وەکو بەرهەمەکانی دیکەی ساعیدی، من کەمتر نووسەرێکم دیتووە بە قەرا ساعیدی سەرقاڵی ئەم کێشەیە بێ، یانی بەرهەمەکانی محەمەد ڕەزا سەفدەری لە «سیاسەنبوو»دا، زۆر زیاتر لایەنی دەرونناسی و دەروون کۆڵینەوەی تێدایە لە چاو بەرهەمەکانی ئیلاهی. کەچی بەشقەم دەرونناسی و دەرون کۆڵینەوەی بەرهەمی ئیلاهی زانستییانە یان ئاگادارانە بێ، بەڵام ئی سەفدەری لە هەستی ناهۆشیارەوە بێ، ئەوەتانێ ئی سەفدەری، لایەنەکانی جۆراوجۆری کەسێتییەکانی زۆر زۆر دژوارتر و ئاڵۆزتر و زۆرترن، بەڵام، بەڵام...

ع: ئەی عەلی موئەزێنی؟

ك: من کۆمەڵە شانۆنامەیەکم لێ خوێندەوە بە نێوی بۆکس، نا، نا. «کیسەی بۆکس» کە زۆر لاواز بوو، لەڕاستیدا هەر تایبەتمەندیی شانۆنامەیی نەبوو، دەڵێی هەر شانۆ و شانۆنامەی نە ناسیوە، وای فیکر

کردووەتەوە چما دوو کەس پێکەوە قسان بکەن، دەبێتە شانۆنامە! هەروەکو بۆچوونی زۆرێك لە شانۆنامە نووسانی ئێمە ئاوایە، دەیجا لە شانۆنامە نووسیندا زۆر لاوازە. چیرۆکێك و ڕۆمانێکیشم لێ خوێندووەتەوە. ئەوانیش زۆر سووك و ئاوەکی و لاواز بوون و هەر لە سەر ڕاستەقینەیەکی دەرەکی کاڵ دەدوان. کەسێتییەکان شوناس و هۆییەتیان نەبوو، ڕووداوەکان نەناسرابوون، کەشوهەواو مەیدان قووڵاییان نەبوو، لە ئاکامدا هەر ئەوەیە کە تەنانەت ناوی کەسێتییەکم لەو شتانەی لەوم خوێندووەتەوە لە یاددا نییە، نە ناوی کەسێتییەکم لە یادە و نە ناوی چیرۆکێك. کار و پیشەم ئەمەیە و لەم بەستێنەدا خۆم بەحیرفەییەکی بەرپرس و مولتەزم دەزانم، حەول دەدەم بخوێنمەوە و زۆر ئاسان دەکرێ بەرهەمی هەمووان بخوێندرێتەوە، بەڵام تامەزرۆیی خوێندنەوەیان کەمە و یان کاتێ دەیانخوێنیەوە، شوێنێك لە ژیان و ژینی تۆ دا پێك ناهێنن.

ع: سەبارەت بە «عەباس مەعرووفی»، نوسەری «سەمفۆنیی مردووان»؟

ك: مەعرووفی کە لە دەسپێکدا شانۆنامەی دەنووسی و زۆر لاوازیشی دەنووسی، چونکە بۆ چوونی هەڵەی بوو، پەروەردەیەکی پێویستی لە شانۆنامە نووسیندا نەدیتبوو. ئاخە دەبێ شیعر و چیرۆك بە چەشنێك فێر بین، یان کتێبی فێرکردن و فێربوونی ئەم کارە بخوێنینەوە، بەڵام چما چووینە شانۆنامە نووسینەوە، ئەمە پێویست و حەوجێی بە فێر بوونێکی زیاتر هەیە. یانی هەر بە زەوق و بەهرە و ناسیاوی ناتوانی شانۆ بۆ پێشەوە بەری. بە پێچەوانەی چیرۆك، بێتو شێوازی چیرۆك نووسین فێر ببی و چیرۆك گێڕەوەر بی، دەتوانی کارێك بکەی. دەست پێ دەکەی و ڕیوایەیەك باس دەکەی، چونکە کە لە ناو خۆماندا پێشینەی هەبووە، شانس و ئێقبالی سەرکەوتوو بوونیش زۆرە. بەڵام شانۆنامە و شانۆ بەو وەسفەوە کە هەیە دەبێ بەرهەمێك بێ کە «بارو دۆخ» پێك بێنێ، لە بار و

دۆخدایە کە کەسێتییەکان دەتوانن جیلوە بکەن و ڕاڤە و شەرح بکرێن. مەبەستم ٩٥ تا ٩٧ لە سەدی شانۆنامە نووسانی ئێرانین کە ئەم موشکیلەیان هەیە و ئاخافتنی دوو کەسیان پێ شانۆنامەیە. یان ڕووداوێك کە دوو یان چەندکەس دەیگێڕنەوە، پێیان وایە شانۆ نامەیە، بەڵام نا، بێتوو وابایە «شانامە»ی فیردەوسی و دیوانە شیعری «منطق الطیر»ی عەتار نیشابووری، گەورەترین شانۆنامەی شیعری جیهانە بوون، بەڵام وانییە. لەوێندەرێشدا، چەندکەس پێکەوە قسان دەکەن. ڕووداو یان ڕیوایەیەك چەندکەس باسی دەکەن، یان «کلیلە و دیمنە» لە چیرۆکێکدا وا چەندکەس بەردەوام بە زبانی جڕ و جانەوەر دەیگێڕنەوە. ئەمانە شانۆنامە و شانۆ نین.

ئەم هەڵەیە هەم موئەزێنی دەیکا و هەم مەعرووفی و هەم زۆرێك لە دۆستانی دیکەی شانۆنامەنووس. چۆن لە شانۆنامەدا بۆ دەربڕینی قسەی هەر کەسێ دەبێ هۆکار و لۆژێکی خۆیمان لە هەمان شانۆدا هەبێ. لە شانۆدا وەڵامی سڵاو، عەلەیکەسەلام نییە. شتێکی دیکەیە کە بارودۆخی تایبەت دابینی دەکات. ڕەنگە جارێك وەڵامی «سڵاو، عەلەیك یا...» بێ، ئەمە هەڵکەوتە، بەڵکەم ئێوە بتانهەوێ ڕاستەقینەی دەرەکی بێننە شانۆوە. لە دۆخێکا ئێمە دەزانین ئەوا سەرقاڵی دەورگێڕان لە شانۆ داین. لانیکەم ئەم شتە لە سەدەی بیستەمدا لەلایەن کەسانێکی جیاوازەوە دەستنیشان کراوە. دەرکەوتووە کە ئێمە سەرقاڵی دەورگێڕانین و ئەو کەسانەش لە تەلارەکەدا دانیشتوون، هاتوون شانۆ تەماشا بکەن. هیچ کەسێ نایهەوێ ژیاننامەی خۆی ببینێ، دەیانهەوێ ژیانی خۆیان لە ڕەهەندێکی دیکەوە ببینن. لەو ڕەهەندانەدا کە خۆی نابینێ یان نەدیتووە، دەیهەوێ ئەوە لە شانۆدا ببینێ، دەیجا ڕوون ڕوونە کە وەڵامی «سڵاو» نابێتە «عەلەیکەسەلام».

بەڵام عەباس مەعرووفی لە ڕۆماندا، سەرکەوتووە، بە تایبەت

لەرۆمانی «سەمفۆنیی مردووان»دا، باوەکوو لاساییکردنەوەیەکی ناهۆشیارانە لەو لاوەیە.

ع: یانی لاسایی کردنەوەی «هات و هاوار و توورەیی»ی ویلیەم فاکنەر؟

ك: بەڵێ، لە هەموو شتێ کەڵك وەرگیرا بوو، جگە لەنەقڵی قەولی من. ئەویش ئەوەیە کە مەعرووفی دوو برۆی کردووەتەوە کە برۆیەکی زۆر سەرکەوتووانەیە و پریشی کردووەتەوە ئەمەش گەورەترین لاوازیی رۆمانی «سەمفۆنی مردووان»ە. یانی لە راستیدا پەر و پووشاڵی «سەمفۆنیی مردووان»، ئەوەندە زۆرسنووری نییە و درەوشاوەییی ئەم چیرۆکەی لە نێو بردووە، یان رۆمانێکی نێونجی و مام ناوەندیی لێ ساز کردووە، یانی هەر ئەو کارەی نووسەر بە دەسکرد و ئانقەستە کردوویەتی. بەشی یەکەمی لە نێوەراستەوە کردووەتەوە، ئێوە زۆر رووداوی سانتی مەنتال و ملیۆدرامیی نێوەراستی رۆمانەکە – کە زۆریشن – و لە فیلمی میلۆدرامدا دیتووتانە، لەم رۆمانەدا زۆرە. چما ئەمانە دەرهاوێ، نۆڤلێتێکی بڵندی زۆر زۆر درەوشاوەی لێ دەردێ، دوای ئەمەش، ئەم رۆمانە ئەوەندە دوور و درێژ نییە و چیرۆك یا نۆڤلێتێکی درێژە، ناوەرۆك و بارستاییەکەشی، بارستایی نۆڤلێتێکی درێژە، و تایبەتمەندیی رۆمانی نییە، ئەو ناوەند و تەوەرانەی رۆمان دەیهەوێ، نییەتی و بەچەشنی هەمبەر و پارادۆکس و هاو تەریب و بەرانبەر پێکەوە دەچنە پێشەوە. دووبەری سیکە «پارە» لەودا هەیە. خێر و شەر، هابیل و قابیل. خاڵی سێ و هێڵی سێ هەبوونی نییە. بەرای من ئەمە لاوازیی بنچینەییی ئەم رۆمانەیە. هەمووان باسی بە هێزییەکانی یان وتووە، لاساییکردنەوە کەیان وتووە، وێچوونەکانیان وتووە، بەڵام هیچ کەس ئەم لایەنەی نەوتووە، نەیانووتووە رۆمان نییە و چیرۆکی درێژە، و پەر و پووشاڵی زیادیی زۆرتێدایە. ئەرێ بەم هۆیەوەیە کەویستوویە درێژ بێ، یەکیش ئەوەیە روانینی هێڵی و ئاسۆییی هەیە، راستە کە شکاندوویەتی، لە باری

زەمەنەوە شکاندوویە، بەڵام لە باری بایەخ و سۆزەوە خاوەن گۆشەنیگای هێڵییە. یانی هەر ئەو باسەی لە مەو بەر وتم. ئایدین لە دەستپێکرا بڕیار وایە پاك دەرچێ، یان بەڵێنی وایە لە سەرەتاوە سەبارەت بەکورەکەی توورەبێ و هەر واشە، یانی خێر و شەڕ هەر خێر و شەڕ دەمێننەوە.

کاری ڕۆمانی ئێمڕۆ و ئەدەبی هاوسەردەم ئەمەیە خێر بگەیەنێتە شەڕ، شەڕ بگەیەنێتە خێر و هیچ کامێ لەمانە یەکرەهەندی نین، حەتمەن لە پشت شەڕدا، خێرە و حەتمەن لە پشت خێردا شەڕە، لانیکەم لەنیگای خودی کارای ئەم کارەوە.

ئەم ڕاستەقینەیە لە باری دەروونناسییەوە هەیە، ئەو کەسەی خەریکە کارێکی خەراپ (شەڕ) دەکات، بۆ خوی ئاگاداری خەراپەکە نییە، ئەو سەرەکەی سەدی دە، نا، سەدی بیست لەمە بە ئاگان کە خەریکن خەراپە (شەڕ) دەکەن، ئەوانیش بەکرێگیراوەکانن. چما لە ڕۆماندا، کەسێتیی بەکرێگیراوێك بێت، دەستوور وەردەگرێ بڕوات و خەراپە (شەڕ) بکا، بکوژێ و بسووتێنێ و...

ئەمە ئاگادارە، نەك هەموویان. ئەگینا بگرە فلانە عەسکەر و نیزامی کە سەبارەت بەسوپا بە ئەمەگە، سەبارەت بە میری بە ئەمەگە، دێت و بە حوکمی حاکم پیاو دەکوژێ، ئەم شەڕە، خێر لە پشتییەوەیە، وای بۆ دەچێ سەرقاڵی خزمەت بەنەتەوە و میرییە. ئەو هەرفیکری بۆی ناچی خەریکە خەراپە «شەڕ» دەکا، دەیجا ئینسان خاوەنی خوو و خەدەی «دووانە»یە.

ئەدەبی سەردەم دەبێ ئەم کەسێتییە بە کۆمەڵگا بناسێنێ، دۆستی ئێمە ئەم کارەی کردووە، خودی من زۆر تامەزرۆی ئەم هابیل و قابیلەم، بەڵام مەگەم قابیل ویستوویە شەڕ بکا؟ چما شەیتان ویستوویە شەڕ بکا؟ شەیتان لە بەر ئەو پەڕی خۆشەویستی و تامەزرۆیی خوایە کە نایهەوێ وەسف و ستایشی کەسێکی دیکە بکات. دەیهەوێ خۆی بەتاقی تەنێ بێ و

ئەم خوایە هەرئی ئەو بێ، ئەم بوتە، هەر بۆ ئەو بێ، ئەم یارە هەر بۆ ئەو بێ، ئەمە خۆ زۆرچاکە، ئەمە خۆ دید و نیگایەکی زۆر بەهێز و کێشە، هەمووان دەیانهەوێ هەمووشتە باشەکان هەر بۆ خۆیان بێ، شەیتانیش وایە، قابیلیش وایە ئەی ئەم ڕەهەندە بۆچی نەڵێین؟ ڕۆمانی «سەمفۆنیی مردووان» کە لە لایەن بینای ڕواڵەتییەوە چیرۆکێکی مۆدێرنە بەڵام لە لایەنی تێفکرینەوە وا نییە و لە سەر هێڵی ئاسۆییە. ئەم بەری سیکە و ئەو بەری سیکەیە و لاوازییەکانی لێرەدایە. سەدەی نۆزدە بایەخی بەم پەڕ و پووشاڵانە دەدا، وەکی ئاگاداری دان بە خوێنەر، چێژ بەخشین لە ڕۆماندا بۆ خوێنەر، بەڵام لەمڕۆدا وانییە. لەمڕۆدا چ دی ڕۆمانێ ناخوێننەوە کە پاڵەوانی چیرۆك بۆیە لە پایزدا پیاسە دەکات تاکو خوێنەر چێژ بباو ئاخێوەریش وەسفی دارەکان بکات، یان وەسفی ئاو و گوڵ و گەڵا و ئەم شتانە، ڕۆمانی سەرەتای سەدەی بیستەم، پڕ لەم شتانەیە. ئەمڕۆ ئەم ڕووداوە نا قەومێ. مەگەم پێویستییەکەی سەدی سەد بێ، یانی گوڵ لە ڕۆماندا دەبێ، کەسێتی بێ، یان جووڵانەوەی گوڵ یان گوڵ چنین یان چەپکە گوڵ ساز کردن، هەر بۆ چێژ و خۆشیی خوێنەر نییە، یان لە بەر ئەوەی لە ژیانی ئاساییدا خاتوونێك گوڵ دەچنێ، دەیجا ئەمە لە چیرۆکی ئیمڕۆدا نییە.

ع: ئاغای حەسەن ئەسغەری چی؟

ك: لە ڕاستیدا من چەن چیرۆکێ زیاترم لێ نەخوێندووەتەوە و بەداخەوە هیچ کامیانم پێ باش و خۆش نەبووە، زۆربەیان ڕووداوی زۆر ئاساییین. یانی هیچ تایبەتمەندییەك کە ئی ئەسغەری بێ، لەواندا نابینم. چیرۆکی ڕیالیستی زۆر سانا و ئاسایی بە کەسێتیی سادەوە و زۆربەیان گێڕانەوەی ڕووداوێك. بەشکوو بەگێڕانەوەی ئەم دۆستانە کە لە نێوان وشەی چیرۆك و داستان دا جیاوازی دادەنێن، ئەسغەری داستان بێژی ڕووداوێك بێ. دیسانەکەش چالاکیی سادە و دڵپاکانەی ئەو بۆ گەشەی

ئەدەب بۆ من جێگەی ڕێزە.

ع: خاتوو «مونیروو ڕەوانیپوور»

ك: من تەواو بەرهەمەکانیم خوێندووەتەوە. چیرۆك بێژ و چیرۆکنووسیشە. بەرهەمەکانیشی خاوەنی تایبەتمەندیی چیرۆکی ئیمرۆنە. لەبەر ئەوەی سەرنجی نیگای داوەتە برگەی شوێن و جوگرافیایەکی ئێران کە ئێمە نیمانە و چما پێشتر بوومانە، ئاوا نەبووە. سادق چووبەك بوو و سەرنجی نیگای دەدایە، بەڵام ئەو نیگایەی مونیروو هەیەتی، لە چووبەکدا نییە. چووبەك خاوەنی نیگایەکی دەرەکییە، ئەم نیگایە لە مونیرووودا، دەروونی و ناوەکی کراوە.

ع: ئەمەش تایبەتی نووسەری ئیمرۆیە.

ك: بەڵێ، نووسەری ئیمرۆیی کەسێکە نیگایەکی دەروونی و ناوەکیی هەبێ و مونیروو ڕەوانیپوور ئەم تایبەتمەندییەی هەیە، باوەکو بەڕای من زنجیرە پرۆپاگاندەیەك ئافەرم ئافەرم خەریکبوون لاڕی و گومڕای کەن و دەیانبرد بۆ لایەك کە دوورە لەتایبەتمەندی چیرۆك، ئەڵبەت هەر لەوێ ساڵاندا بە خۆیم وت – لەبەر ئەوەی دنەیان دەدا ببێتە فۆلکلۆر نووس یان بەرهەمێك بخولقێنێ کە لیپاولیپی فۆلکلۆر بێ – بەوم وت کە لە بەردەم هەڕەشەی ئەم مەترسییە دایە. هەر وەکو لە ڕۆمانی «ئەهلی غەرق»دا، لە نیوەی یەکەمیدا زۆر سەرکەوتووە و لە نێوەی دووەهەمیدا، هەر لە سۆنگەی ئەم مەکر و فێڵەوە، ڕووداوی خۆرافەی فۆلکلۆری و کێشەی ناوچەیی و جوگرافی، برێجار سەرکەوتوونییە.

ع: دڵی پۆڵا.

ك: بەڵێ، ڕۆمانی دڵی پۆڵای ئەو، زۆر ئاسایی و بە بێ قووڵاییە، ڕۆمانێکی زۆر لاوازە، لە حاڵێکدا دەیتوانی بەستێنێکی بە هێزی بۆ بدۆزیتەوە، کە لاو ڕێژی و لاوازیی تەکنیکیی خودی ڕۆمانەکەیە و بە

داخەوە بە پەلە پەلێکی زۆرەوە نووسراوە و من هەموو ئەمانەم پێ بەرهەمی هەمان بارودۆخ و کەشوهەوایەکە وا ڕەوانیپوور بە نێوی نووسەرێك کەوتە نێوی و خەریکبوو لاڕێ و گومڕا دەبوو. بەرەولایەکیان دەکێشا کە ڕۆمانی ٦ ڕۆژە، ٦ مانگە یان یەك ساڵە بنووسێ. لە حاڵێکدا ڕۆمان وا نییە و بە شەش مانگ ناکرێ ڕۆمان بنووسرێ، بەڵام ئەمە دەسکەوت و بەرهەمی ژیانێکە وا لە پشتیەوەیەتی و هەرچەندە ئەو ژیانە سامانداربووبێ، ئەو بەرهەمە دڵەڕاوکەیەکی زیاتر و کارێکی زیاتر دەبا. بە هەر حاڵ مونیروو ڕەوانیپوور لە نووسەرانی زۆرباشی ئێمەیە.

ع: دەربارەی محەمەد ڕەزا سەفدەری چی؟

ك: سەفدەرییش، وەك خاتوو ڕەوانیپوور وایە، بەڵام خاتوو ڕەوانیپوور لەمڕۆدا، نووسەرێکی حیرفەیییە و بەم بۆنەوە، لاوازییەکانی چاو پۆشییان لێ دەکرێ، بەڵام سەفدەری نا، ئەو کەسەی بەڵێنی وایە لە هەر دە ساڵدا ئەو پەڕی دە چیرۆك بداتە کۆمەڵگا، من خۆم بە نووسەری حیرفەیی نازانم و لەم لاوە، ئەوا کە دەساڵ تێ پەڕیوە و چیرۆکی دەگاتە دەستم چاوەڕوانی ئەوەم ڕازاوەترین و درەوشاوەترین چیرۆك بخوێنمەوە، لە بەر ئەوەی لە پێستیدا کەشوهەوای حیرفەیی نییە، ئەڵبەت لێرەدا حیرفەیی و ناحیرفەیی، بە واتای حیرفەیی و ئاماتۆریی ئابووری ناڵێم، بە واتای ئەو کەسەی دەڵێم کە پیشەکەی، مەسرەف و ژیانی و هەمووشتێکی چیرۆك بێ، پێشەیی و حیرفەیی دەڵێم وەکو خاتوو ڕەوانیپوور و تەنانەت جەعفەر مودەڕیس سادقی.

گریمان محەمەد محەمەد عەلی، سەد، پەنجا شەستی چیرۆکی نووسی بێ، خاتوو ڕەوانیپوور نەوەد لە سەدی ژیانی حیرفەیییە و خودی من هەر لە ڕێگای قەڵەمەوە لەم ولاتەدا نان پەیدا دەکەم. دەبێ شانۆنامە بنووسم. یا چیرۆك بنووسم یان سناریۆ «فیلمنامە» بنووسم. بە بێ ئەوانە

دەرنابەم. دەجا بەم پێیە بارستاییی کار و بەرهەمم دەچێتە سەرێ و چۆن وای لێ دێ، لە برێ جێدا لە چۆنیەتی کارەکەدا داکەوتن و لاوازی دەبێ. سەبارەت بە نووسەری غەیری حیرفەیی ئەمە شیاوی لێبووردن نییە، بەڵام ڕەزا سەفدەری هەر بەو دوو کۆچیرۆکەوە وا هەیەتی...

ع: واتە «سیاسەنبوو» دەگەڵ «مەڕمەڕە شووشەی کەسك»،

ك: بەڵێ، من کۆچیرۆکی «سیاسەنبوو»م پێ چیرۆك گەلێکی خاوەن هەوێنی زۆر دەوڵەمەندە، بۆ چیرۆکنووسێك. زۆرێك لە چیرۆکەکانی «سیاسەنبوو»، شیاوی دیسانەکە نووسینەوە و بڵاوکردنەوەی چیرۆکێکی سەرکەوتوون. یانی هەوێنی زۆری چیرۆکییان هەیە. ئەمە دەری دەخات نووسەرەکەی زەینێکی دەوڵەمەندی لەم ڕواڵەتەوە هەیە، نیگایەکی باشی هەیە، بەڵام لە باری چیرۆکییەوە نا، قسەی «پۆل کێلە» ئەمەیە: جیاوازیی من و مناڵ لەمەدایە کە منالی چوار ساڵانە بەبێ ئاگاداری شێوەکاری دەکا، بە بێ ئاگاداری و لە پاشانە ناتوانێ هەمیسان بیکێشێتەوە، لە حاڵێکدا من ئەو شتە دەکێشمەوە و باشترەکەشی دەکێشمەوە. مناڵ ئەو هێڵەی دەیکێشێتەوە ناتوانێ هەمدیس هێڵێکی وا بکێشێتەوە. سەفدەری ئەم حاڵەی هەیە. یانی لە «سیاسەنبوو»دا ئەو مناڵەیە. ئەو مناڵە بە چیرۆکنووسی دەزانم، ئەگینا بەم دوو کۆچیرۆکەوە چیرۆك نووسێکی باش نییە. بەو گشتە خۆشەویستی و ڕێزەوە کە بۆیم هەیە و باوەکو ئەو چیرۆکانەم خۆش دەوێ، بەلام بە چیرۆکنووسی حیرفەییی نازانم.

ع: ئەسغەر عەبدوڵڵاهی چۆن؟

ك: ئەسغەر عەبدڵڵاهی لەو کەسانەیە وا زۆر کەم چیرۆك دەنووسێ، بە هۆی ئەوەوە کە کار و سەرقاڵیی زۆرە، فیلم ساز دەکا، شانۆ نامە و چیرۆك دەنووسێ و،... نووسەری حیرفەییە. بەڵام چونکە بە هۆش و گۆشە، لاوازییەکانی نووسینەوەی ناخاتە چیرۆکەوە. دەیکاتە فیلمنامە، کارە

باشەکانیشی دەکاتە چیرۆك. کارە لاواز و مام ناوەندییەکانیشی دەکاتە فیلمنامە، ئەمەش گەورەترین تایبەتمەندیی ئەوە.

بەم هۆیەوە کۆ چیرۆکێکی کەمی هەیە، بەڵام هەر ئەو کەمەی کە هەیەتی، ئەژماری چیرۆکی لاوازی، کە بەڕای من چیرۆکی لاواز یا خەراپی نییە. دوو کۆ چیرۆکی زۆر بووچکەی هەیە، ئەو تایبەتمەندییەی عەبدوڵلاهی هەیەتی، ئەوەیە کە بە چەشنێکی تازە فیکر دەکاتەوە، تەماشای شێوازی تازەی چیرۆك دەکات. بە واتایەك بەرهەمی عەبدوڵلاهی وەسفی تازەی چیرۆکی ئەمڕۆیی نیشان دەدەن و دەردەکەوێ کە دەزانێ، بارودۆخ و مەتەرێزی نووسەری ئەمڕۆیی دەناسێ.

ئەمەش دەزانێ دەبێ شتێك بخوڵقێنێ کە لە جیهانی چیرۆکدا بۆ من و تۆ تازە بێ، گێڕانەوە تازە بێ، دید و بۆچوون نۆێ بێ، تەکنیك و فۆڕم نوێ بێ، وەکو چیرۆکی «ژووری پڕ تۆز و خۆڵ» کە زۆر زۆر سەرکەوتووە یا چیرۆکی «لە دەرەوەی کافتریا، لە بەر دەرگادا.»

ع: خاتوو فریشتە مەولەوی؟

ك: مەولەوی وەك شتێ دەڵێی ڕۆمانێك و کۆچیرۆکێکی هەیە.

ع: بەڵێ «ماڵی هەور و با» و «پەریی هەتاو»

ك: ئەویشم پێ چیرۆکنووس نییە، باوەکو دەزانم لە بەستێنی فەرهەنگدا حیرفەییە. دادوەرییەکم سەبارەت بەوان نییە، لەبەرئەوەی ئێستا چما جەعفەر مودەڕیس سادقی نووسەرێکەوا بەرهەمەکانی لە پەڕاوێزی ژیاندا دێن و دەڕۆن. بەڵام خۆی حیرفەییە و شوێن و پلە و پایەیەکی لە چیرۆکنووسیی ئێراندا هەیە، بەڵام خاتوو مەولەوی لە پەڕاوێزی ژیاندا، دەنووسێ و هیچ شوێن و پلە پایەیەکیشی لەمڕۆی چیرۆکنووسیی ئێراندا نییە، بەشقەم لە داهاتوودا پیێ بگا.

ع: سەبارەت بە هورموز ڕیاحی چۆن؟

ك: هـورمـوز ڕيـاحـی، چیرۆکێکی درێژی لـەشێوازی ڕەوتـی شەپۆلانـی زەیندا، بڵاو کردووەتەوە بە نێوی...

ع: بە ناوی « خۆری نوور پژێن و پێوەندەیی هەڵوەشاوە»

ك: کە ناکرێ سەبارەت بەو وەکی چیرۆکنووسی حیرفەیی قسەو باس بـکـرێ. یـانـی نـامـهـەوێ بـیـڵـێم ئـەمـە هـەر چـەنـد چـەنـدی کـێشەیـە. عـەبدوڵـڵاهـیش کـەمـی نـووسیـوە، بـەڵام بـەردەوام نـووسیـویـەو هـەمـوو جارێکیش کارەکەی سەرنجڕاکێش بووە و لە بەستێنی چیرۆك نووسیی ئەمڕۆدایە، نەك لە پەراوێردا. بۆ وێنە «ڕەزا فەڕو خفاڵ»، کۆچیرۆکێك زیاتری نییە.

ع: بە نێوی «ئاخ ئەستەمبوول»

ك: بـەڵـێ، ئـەم کـۆ چـیـرۆکـە لـە «تـا تـەرازوویـەکدا دانێن و زۆرێك لـە چـیـرۆکـەکـانـی سەردەمـی ئـەم نـەوەیـە تـەنـانـەت نـەوەی دوویش لـە «تـای دیکەی تەرازووەکە» دا دانێن. تاتەرازووی فەڕوخفاڵ قورسترە.

هەم لە باری تێفکرینەوە، هەم لە باری بیناو بنەما و داڕشتەوە، هەم لەباری تەکنیك و زبانەوە و هەم لە باری دید و نیگاوە. باوەکو کەم دەنـووسێ، بـەڵام ئـێوە بـۆتـان دەردەکـەوێ سەرقـاڵـی چـیـرۆکـەو سەرقالییەکەی وشەیە و کاری ژیانی لەگەڵ وشەدا تێپەڕ دەبێ، ئەم شتە لە یەك بەیەك چیرۆکەکانیدا لەبەر چاوە. ئەو دڵەڕاوکەیەی هەیەتی، نەوەك بۆ چیرۆك وتنە، بۆ چۆنیەتی چیرۆك وتنە، چۆنیەتی دەکارکردنی وشە و وشە لـە ڕستـەدا. تـەواوەتـی ئـەمـانـە لە چیرۆکی «فـەڕوخـفـاڵ»دا نموودی بەرچاوی هەیە و سەرباقیی ئەمەش، داڕشتن و بنەما و بینای نوێی چیرۆك لە جیهاندا دەزانێ. کەڵکیان لێ وەردەگرێ و دید و نیگا و بۆچوونی خۆشی پاراستووە.

ع: شەهریار مۆندەنیپوور هەوجێی ئەم نەوەیە بوو؟

ك: بەڵێ، وایە، شەهریار مۆندەنیپوور کەسێکە کە حەوڵ دەدات وەسفی خۆی لە چیرۆك بکات. گێڕانەوەی خۆی لە چیرۆك بە دەستەوە بدات. یانی دەگەڵ وشەدا کێشەی هەیە، دەگەڵ گێڕانەوەشدا. زۆریش بەکەفوکوڵە. هەم خۆی و هەم چیرۆکیی. دڵەکوتە و نەبزی بۆ چیرۆکە، بەرهەمەکانیشی هەروان، چیرۆکەکانیشی هاوتەریب دەگەڵ ژین و ژیانی ئەمڕۆ دەچنە پێشێ، تەنانەت چما تەماشای ڕابردووش بکات، هەر لەم سەکۆیەوە دەڕوانێ. چیرۆکێکی بوو کە من لە «گەردوون»دا بۆم چاپ کرد، داستانێکی باشە، وای بۆ دەچم چیرۆکی «تووتی لە سەر سەربانی دووری»یە. من ئەمە بە نێوی چیرۆکێکی هەڵکەوتە دەناسێنم.

ع: بیژەن بیجاڕی، تەڕ و تازەییی نوێی داوەتە چیرۆکی ئەم نەوەیە.

ك: ئەڵبەت زۆر کەمکارە، لە باری بژاردنەوە، بارستاییی کاری کەمە، بەرهەمەکانی بڕێجار دەگەڵ شیعردا – نەك نێوەڕۆکی شیعر بێ یان غینا و لیریکی شیعر – بەڵکو لە باری زبان و کەشوهەوا و مەیدانەوە دەگەڵ شیعردا دەڕوا من وای بۆ دەچم: چیرۆك، ئەشکەوتێك، تونێل و ڕەهۆڵەیەك یان پەسێوو هەزار توێییەك بێت کە ئینسان دەچێتە ناوی و هەر دەخولێتەوە و دەستووڕێتەوە و شتگەلێ ئەدۆزێتەوە، جا هەرچەندە ئەم چیرۆکە بڵندتر بێ، ئەم هەزار ڕەهۆڵە و لابیرێنتە گەورەترە، ئەم ئەشکەوتە گەورەترە.

هەرچی چیرۆك کورتتر بێ، ئەم هەزار تۆی و هەزار لایەنە بووچکترە، بۆ وێنە سەد توێ یان سەدلایەنی هەیە، بەڵام خۆ وا نابێ، ئێمە دەچینە داڵانێکی درێژەوە، ئەمە چیرۆك نییە، داڵان چیرۆك نییە، تونێلی ئاساییی چیرۆك نییە، کاریدۆڕی ئاساییی چیرۆك نییە، حەوشە و حەساری ئاسایی بەڕای من چیرۆك نیە.

هەشتی یان سەرسەرای هەزار دەروازە چیرۆکە. ئێوە لە ئیسفەهان

دەچنە ناو مزگەوتی «شا»، مزگەوتی شێخ لوتفوڵڵا، دەچنە ناو چیرۆکێکەوە، ئێوەکە دەچنە ژێر گومەزی مزگەوتی شێخ لوتفوڵڵاوە، یان دەچنە ناو «عالی قاپوو»وە، دەچنە ناو چیرۆکێکەوە، بەڵام کە دەچنە کۆشکی «سەعداباد»ە وە، ناچنە ناو چیرۆکێکەوە.

ئێوە کە دەچنە شەقامی «چوار باغ»ی ئیسفەهانەوە، ناڕۆنە چیرۆکێکەوە. بەڵام کاتێ دەچنە گەڕەك و کۆڵانەکانی «جۆبارە»ی ئیسفەهانەوە، لە کۆڵانەکانی گەڕەکی «جوولەکەکانی» یان «ئەرمەنی» یەکاندا کە دەگەڕێن، دەچنە چیرۆکەوە. یانی چی؟ یانی بە هەر لایەکدا کە دەڕۆی، لە پێشدا لیپاولیپی «پێچەڵاو پووچی»، پڕلە هەزار لایەن و هەزار توێژە. لە پاشانش هەر دیوارێك و ڕەنگێکی هەیە، هەر دیوارێك ڕەنگ و بۆنێك ئەداتە ئێوە. قسەی من ئەمەیە چیرۆك دەبێ ئەم تایبەتمەندییانەی هەبێ. بیژەن بیجاڕی هاوشاریی منە، لە هەمان گەڕەك و کۆڵانی «جۆبارە»دا، لە تەواوی ئیسفەهاندا گەڕاوە، بەرێدا ڕۆییوە. بازاڕەکانی گەڕاوە و دیتوویە لە هەر بازارێکدا کە بای ئەدەیەوە بۆن و ڕەنگ و کەشوهەوا دەگۆڕدرێ. من وای بۆ دەچم چیرۆك دەبێ تایبەتمەندییەکی ئاوای هەبێ هەر لاپەڕەیەك کە دەچنە پێشی دەبێ هەست وحاڵێکی تازە و نوێ داتانبگرێ، دەبێ کامڵ بنەوە، چیرۆکە سەرەتاییەکانی بیجاڕی ئەم تایبەتمەندییانەی نەبووە. یانی لاپەڕەی یەك و لاپەڕەی ئاخر عەتر و بۆنێکی هەبوو. ئەمە چیرۆك نییە. خوێنەر دەپرسێ: ئەی بۆ چی لەهەمان لاپەڕەی یەکەمدا تەواوی نەکردووە؟ بۆچی کردوویەتە ٢٠ لاپەڕە؟ من کاتێ چل لاپەڕە دەخوێنمەوە دەبێ چل ئەزموون تێ پەڕکەم، دەگەڵ ئاخێوەری تۆدا، دەگەڵ مەیدان و کەشوهەوای تۆ دا. نەك هەروا بڕۆمە پێشەوە لە هەر دۆخێکدا بیجاڕی، فەڕۆخفاڵ، مۆندەنی پوور، عەبدوڵڵاهی، ڕەوانیپوور، ساری، ئەمانە، نەخش و نیگارە زیندووەکانی چیرۆك نووسیی ئێمرۆمانن.

ع: ئاغای «عەلی ئەسغەر شێرزادی»؟

ك: من لە شێرزادی ڕۆمانێکم خوێندەوە بە ناوی «دەهۆڵی ئاگر» سەبارەت بە شەڕ بوو، کە ڕۆمان نەبوو، ڕاپۆرتێکە.

ع: کۆچیرۆکێکی هەیە بە نێوی «غەریبە و ئەقاقیا»

ك: بە داخەوە نەمخوێندووەتەوە. کەسێکە کە دەتوانێ بنووسێ، بەڵام نەیتوانیوە ڕۆمان بنووسێ، ئەوە ڕۆمان نەبوو. «دەهۆڵی ئاگر» ڕاپۆرتە – ڕۆمانێکی درێژە. دەی جێگەی دادوەری نامێنێتەوە.

ع: خاتوو «فریشتە ساری»چی؟

ك: ئەڵبەت من فریشتە ساری، زیاتر وەك شاعیر دەناسم، هەتا چیرۆکنووس و ڕۆماننووس. بە تایبەت چیرۆك کە ئێمە لێرەدا باس لە سەر چیرۆك دەکەین و ڕۆمان. ئەوان زۆر سووك و سانا بە سەر چیرۆکدا باز دەدەن ، تێ دەپەڕن و نیگایەکی قووڵیان بۆ ئەو شتەی بە دەستیانەوە گرتووە، نییە. چالاکی و تەقالا و هەڵسوورانی نییە. لە شت ناکۆڵێتەوە، ئەو شیکارییەی پێویستی هەر بەرهەمێکە، نایکات.

هەر نووسەرێك کە چیرۆکێکمان بۆ دەنووسێ، بەرهەمەکە شی دەکاتەوە و ئەندامەکان و پاژەکانی ئەو شتەی ئێمە چەندان کەڕەت دیتوومانە، بە ئێمەی دەناسێنێ. ساری ئەم کارە دەکات، نەشی کات، نەیکات، یانی زۆر سەکار و ئاسانی دەکات. ئەم ڕەهۆڵە هەڵدەکۆڵێ، ئەو لایەنەی ژوورەوە بە ئێمە دەڵێ و دەڕوا. بێ خەبەر لەوەی تۆ کە ئەم ڕەهۆڵەت کۆڵیوەتەوە، لایەنەکەی ژێرەوەش هەڵکۆڵە، مەڕۆ. یانی بڕۆ قوولاییەوە. دەرەوە، یانی ڕووکەشی شتەکە بەس نییە. ئەو شتەی سەبارەت بە بیژەن بیجاڕی وتم سەبارەت بە خاتوو «فریشتە ساری»ش هەروا، بەڵام شایەد لە چەشنێکی دیکەدا.

شیکاری بەم چەشنەیە، لە بەر ئەوەی تەماشای بابەتەکە دەکەی،

خـاوەنـی چـەنـدلایـەن و تـوێژ و ڕەهـۆڵـەیـە کـە نـووسـەر ئـاگـاداری هـەیـە، شاهیدی هەیە بە سەر ئەو کارەدا کە خەریکە دەیکا و دەزانێ کە وا خەریکە چیرۆك ساز دەکات، نەك ئەوەی چیرۆك بڵێ.

ڕۆمانی یەکەمی «خاتوو مرواری» هەمووشتی هەر لە ڕووکەشدا بوو، هەر وەسف بوو، ڕۆمان هەر سازنەکرابوو ئەمە چیرۆك گێڕانەوە بوو نەك چیرۆك ساز کردن.

لـە چـیـرۆکـی درێژی «دوورگـەی کـەسك»دا ئیدی وا نییە. دەردەکەوێ نووسەر ئاگاداری و توانای هەیە بە سەر ئەو کارەدا کە دەیهەوێ بیکات و دەزانێ کە دەیهەوێ چیرۆك ساز کات نەك چیرۆك بگێڕێتەوە.

گرینگ ئەوەیە، بڕیار وانییە ئێمە چیرۆك بگێڕینەوە، بەڵێنی وایە چیرۆك ساز کەین، لە پێشیشدا وتوویانە. ئێمە دەبێ گێڕانەوەی خۆمان هەبێ، یانی سازدان و داڕشتنی خۆمان نیشان بدەین لە چیرۆك نووسانی لاوی ژندا، فریشتە ساری لە بەر چاوە.

چونکە ئەم زانیاری و ئاگادارییەی هەیە و ئەم ڕەهۆڵەیە لێ دەدا. بەڵام لە قووڵاییدا بزاوتنی نییە. بڕێجار ئینسان وا فیکر دەکاتەوە، نووسەر بۆ ساز و پەرداخ کردنی ئەم چیرۆکە یان ئەم بەرهەمە وزەی نەماوە. هەست دەکەی بە پەلەیە، یانی ئێوە وای بۆ دەچن لە پشت ئەم ڕستەیەدا دەبێ سێ چوار ڕستەی دیکەی هەبێ و کەچی نییەتی و پێتان خۆشە ئەونیگا و دیـدەی نـووسـەر بـۆ ئـەو شتـە ئـەو لایـەنـەی دیـکـەشی دیـتـبـایـە، پشتـی شتەکەشی دیتبایە.

لە هەر شتێ کە شەش لایەنی هەیە، دەبێ دووان سیانێکی منی نووسەر بەدەری خەم، دووان سیانیشی خودی خوێنەر هەڵیدا و بە دەری خات. من بە دوو لایەنەوە هەر ناتوانم لایەنی ساز کەم. لە گەڵکوو چوومە ڕەهەندی سێهەمەوە. ئەو شتە سەدی سەد دەبێتە بارستایی، ئیدی پێویستیش ناکا

من هەر شەش لایەن و ڕەهەندی بڵێم، بەڵام من دەبێ نیشانی خوێنەری خۆمی بدەم کە دەگەڵ شتێکدا سەرقاڵم کە بارستایی هەیە، دەسا دەبێ چەند لایەنی نیشان بدەم.

ع: خاتوو «فەرخونده ئاغایی» شمان هەیە، بەم کۆ چیرۆکی «تەپۆڵکە سەوزەکان و «نەهێنی بووچك» و ڕۆمانی «جینسی بزر بوو».

ك: وای بۆ دەچم چیرۆکێکی باشی خاتوو «فەرخونده ئاغایی»م خوێندووەتەوە. بە داخەوە دید و نیگای ئەوان، زۆر کۆنە، نووسەرێکە زۆربەی چیرۆکەکانی لە گۆڤارەکاندا، لەم لاوئەولا چاپ دەبێ و لە پاشان دەیانکاتە کتێب. ئەو چیرۆکەشیم دەبێ لە گۆڤارەکاندا خوێندبێتەوە.

ع: کام چیرۆکیان؟

ك: وای بۆدەچم «تەپۆڵکە سەوزەکان» بوو. بەڵام هەتا ئەو جێگەی لە یادم بێ حەوت هەشت چیرۆکیانم خوێندبێتەوە و پێم وانیە ئەو کۆ چیرۆکە لەم قسانە زیاتر هەڵگرێ. بەڵام دید و نیگای زۆر زۆر سەرەتاییە، نیگاییەکی زۆر کورت و ڕووکەش و بێ قووڵاییە، نووسەر دەبێ نیگای زۆر ورد و زۆر قووڵ بێ، یانی نووسەر دەبێ شوێنێك بڕوانێتە ئەوێ، نووسەر دەبێ لە هەمووان بەرزتر ببینێ. دوورتر لە هەمووان ببینێ، هەمووان باخچە دەبینن، بەڵام خونچەکەم کەس ئەیدینێ، ئەمەش کاری نووسەرە. نووسەر دەبێ قەف و لوولی موو ببینێ نەك موو، موو هەموو کەس دەیبینێ. فەرخونده ئاغایی، هەر ئەو شتانەی بەردەستی دەبینێ و بەگێڕانەوەیەکی ئاسایی دەریدەبڕێ، بە بڕوای من ئەوە چیرۆکنووسینی ئیمرۆی جیهان نییە.

ع: بەڵام ئەم نیگا نوێیە لە بەرهەمی «بیژەن نەجدی»دا هەیە؟

ك: بەڵێ، نەجدی، کۆچیرۆکێکی هەیە بە نێوی «ئەو یووز پەڵەنگانەی لەگەڵ مندا ڕایان کردووە»، کە زۆر بە هێز و بەکێشە. ئەو نێگایەی کە بۆ

چیرۆکی هەبوو، تایبەت لەم کتێبەیدا، وە دەری دەخات دید و نیگای زۆرکامڵتر و باشتر بوو لە نیگای بۆ شیعر، چونکە لە شیعردا نیگاییەکی ئاسایی هەبوو وەکو نیگای خۆی و گێڕانەوەی خۆی بوو، گرینگ ئەوەیە کە هەر بەم تاقە کۆچیرۆکەوە داستان و چیرۆکی سازکردووە لەمەش زیاتر ناتوانم قسان بکەم، بیژەن نەجدی پەیکەرەی بەرچاوی شاعیر و نووسەری بێیەش بوو، لەو کەشوهەوا و پێویستییانەی کە دەبێ گەشەی پێ بکا.

ع: «ئەبوو توراب خوسرەوی» چۆنە؟

ع: «خوسرەوی»ش لەو نووسەرانەیە کە نازانم گرێ پووچکەی کاری لەکوێدایە – یانی هەموو چیرۆکەکانی کە بخوێنیەوە لە شوێنێکدا گرێ پووچکەیێ هەیە کە من سەرەندەری ناکەم. من چەند جارێ ویستم لەگەڵ خۆمدا جینگڵ بدەم کە ئەم گرێ پووچکەی چیرۆکی «خوسرەوی» لە کوێدایە و چ شتێ بووەتە هۆی ئەوەی چیرۆکەکانی نابالغ بێنە سەر دونیا، یان بۆ وێنە بە شەش مانگان لە دایك دەبن. ئێوە نووسراوەی ئەوان کە دەخوێننەوە. دیتووتانە هەموو تایبەتمەندییەکانی چیرۆکیان هەیە ئەی بۆچی ئێوە پێتان خۆش نییە، هەمدیس کە دەیخوێننەوە، تەماشا دەکەن، ئەم هەموو شتەی وتووە، بەڵام هیچی تەواو و کامڵ نەوتووە، پەروەردە و پوختی نەکردووە. دەڵێی منالی بە پێنج مانگان بووە، سەری هەیە، چاوی هەیە، هەموو شتێکی هەیە، ناتوانێ قسان بکات، ناتوانێ بەرێدا بڕوا و ئەم موشکیلەیە لە کوێدایە، من نازانم.

دوایین چیرۆکی ئەوم کە خوێندەوە. دیتم نیگا و دیدی سەرنجڕاکێشە و سەرقاڵی شتێ بووە کە نەریتەکەی لە نێو ئێمەدا بووە و ئێستا دەتوانین دیدێکی مۆدێرنی بدەینێ، یانی بابەت تایبەتمەندیی چیرۆکێکی مۆدێرنی هەیە و ئەویش زنجیرە شتێکی لەبەرچاو گرتووە، بەڵام ڕەنگەوا باش بێ

بڵێم، چیرۆکەکە یەك ڕەهۆڵە و یەك لایەنە ماوەتەوە.

دەیباشە کاتێ ئێوە وەشوێن شتێ دەکەون کە خۆی چەند ڕەهەند و لایەنەی بەربڵاوی هەیە، ئەم چیرۆکە هەر لە خۆیدا چەند ڕەهەندییە و دەبێ ژێروژووری و دڵەڕاوکە و خەم و خۆفی دەگەڵدا بێ و تەعلیق «داهێڵان» و چاوەڕوانییەکی تێدابێ. ئەڵبەت ئێستا چیرۆکی نوێ بەو مانایە تەعلیق «داهێڵان» و چاوەڕوانیی تێانییە، بەڵام لە چیرۆکدا دەبێ شتێ دات چڵەکێنێ. بۆ وێنە لە چیرۆکی "هاوشاریی" ئەولای «مۆندەنی پوور» دا، ئەم قەومانە هەیە، لە چیرۆکی فەڕوخفاڵدا هەیە، لە چیرۆکی چهل تەن دا هەیە . بەڵام لەچیرۆکی زۆربەی دۆستاندا ئەم ڕووداوە ناقەومێ، بڕێجار ئێمە چیرۆکێکمان هەیە کە بابەتەکەی «داهێڵان» و چاوەنواڕی تێدا و ئێمە بەم چەشنە دەڕۆین. بۆ وێنە خودی گوڵشیری هەر بەپێی نەسر و زبان و گومان «داهێڵان» و چاوەنواڕی پێکدێنێ. بڕێجار وایە چیرۆکێ دەخوێننەوە، هەر لە دێری یەك، دووڕا، پێتان خۆشە، تێی دەکەون و دڵتان پێوەیە تا ئاخری بڕۆن، ئەوە داهێڵان و چاوەنواڕیی چیرۆکە. ئەمە ئیدی داهێڵانی بابەت نییە. داهێڵانی کەسێتیی نەسر نییە. داهێڵانی ئەوەی بڵێی، ئەم پاڵەوانە دەکوژرێ یان نا، نییە. بەڵام کاتێ ئێوە «سێ چیرۆکی ئەویندارانە»ی گۆستاو فلوبێر دەخوێننەوە، ئەمە خودی چیرۆکە وا ئێوە بەرەو پێشەوە دەبات و دڵتان پێوەیە چیرۆك کۆتایی نەیە، یان بۆ وێنە بڕێ لە چیرۆکەکانی مارکێز ئێوە هەر ناتانهەوێ بزانن کۆتاییەکەی دەبێ بەچی.

ئێوە دەتانهەوێ هەروا دەگەڵ ئەودا بژین، ئێوە خەریکن لە هەمووشتێکی ئەو چێژدەبەن هەمووشتێکی بۆتان نوێیە.

چیرۆکی «ئەبوو توراب خوسرەوی» ئەمانەی نییە.

پەراوێزەکان:

١- فەرخۆندە ئاغایی ١٣٣٥ (١٩٥٦)، تاران بەرهەمەکانی: "تەپۆڵکە سەوزەکان"، "نەهێنیی بووچك"، "ژنێك، ئەوینێك"

٢- بێژەن بیجاری ١٣٣٠ (١٩٥١) ئیسفەهان - بەرهەکەمانی: "کەش و هەوای بێوەزەیی" (کۆچیرۆك) "پەرگار" (کۆچیرۆك)، "سەیرانی خۆزیایەکی فەوتاو" (ڕۆمان)، "باخی سوور" (ڕۆمان)

٣- ڕەزا جۆلایی ١٣٢٩ (١٩٥٠) تاران. بەرهەمەکانی: کراسی خوێناوی، "هەتا هەتاییەکان" (ڕۆمان)، تەلاری کەیف و نەهەنگ، تیرۆڕی زاتی شاهانە (ڕۆمان)، گوڵەباخە سووڕەتیەکان، "شەوی تاریکی یەڵدا"، "حیکایەتی تۆڕەمەی پشت کەوانیەکان" و...

٤- ئەمیر حوسێن چهل تەن ١٣٣٥ (١٩٥٦) تاران بەرهەمەکانی: "سیغە". "نەزر بە پەنجەرەی" پۆلادا، "تەلاری ئاوێنە"، "چیوای بۆ سبەی" نەماوە، "مێهرەی کیا" "تازەیەداری بۆ قاسم" و...

٥- ئەبو توراب خوسرەوی ١٣٣٥ (١٩٥٦) شیراز. بەرهەمەکانی: "أ-هاویە"، "ب- دیوانی" سۆمنات "ج- ئەسفاری نووسەران".

٦- فریشتە ساری ١٣٣٣ (١٩٥٤)، تاران "خاتوو مرواری"، (ڕۆمان)، "دورگەی کەسك" (ڕۆمان)، "مەزاری ئەوینداران" ڕۆمان، "میترا" ڕۆمان، "عەتری گوڵی ڕازایانە" ڕۆمان.

٧- محەمەد ڕەزا سەفەدەری ١٣٣٣ (١٩٥٤) خۆرمۆج - بەرهەمەکانی: سیاسەنبوو، مەڕمەڕە شووشەی کەسك.

٨- مەنسوور کووشان ١٣٢٧ (١٩٤٨) ئەسفەهان. بەرهەمەکان: "تاریکەشەو"، "خەوی بەیانیان" و "دوور خراوەکان"، "ترس و خۆفی مەرگ"، "ترس و خۆفی ژیان" ٥ نەهێنیی بەهار خاب، زانیەو...

٩- محەمەد محەمەد عەلی ١٣٢٩ (١٩٥٠) تاران بەرهەم: "شیوو دۆڵی هیندئاباد". لە "ئێمە باشتران". "ئەوانگەل" "خانە نیشین بوون"، "هەورە تیشقەی بێ باران"، نەخشی شاراوە، چاوی دووهەم، "باوەڕە تەڕەکانی مردوویەك"، مخابن بۆ

ڕووبەروو،" ڕووت و قووت لە بادا و"...

١٠- شەهریار مۆندەنی پوور ١٣٣٥ (١٩٥٦) شیراز سێبەرەکانی ئەشکەوت، هەشتەمین ڕۆژی زەوی، مۆمیا و هەنگوین، مانگی نیوەڕۆ، نەهێنی، ڕۆژهەڵاتی وەنەوشە، دڵی دڵداری «ڕۆمان»

١١- مونیروو ڕەوانیپوور ١٣٣٣ (١٩٥٤) بەرهەم: کەنیزوو، بەردەکانی شەیتان، سیریا، سیریا-، ئەهلی غەرق (ڕۆمان)، دڵی پۆڵا «ڕۆمان»، کچە قەرەچی نێزیک ئاگر، ئەو ژنەی فرۆکەخانەی فرانکفۆرت.

١٢- بیژەن نەجدی ١٣٢٠ (١٩٤١) مردنی (١٣٧٦- ١٩٩٧) بەرهەم: ئەو یوزپەڵەنگانەی لەگەڵ مندا ڕایان کردووە. دیسان لەو شەقامانەوە و...

١٣- هۆشەنگ گوڵشیری ١٣١٦ (١٩٢٧) ئسفەهان بەرهەم: شازادەی ئیحتیجاب، ئاوێنەی دەرگا دارەکان، قۆرخانە، کریستیەن و کید، نوێژخانەی بووچکی من، ماسیگر و دیو، بەرخۆڵەی ونبووی ڕاعی، دەستی تاریك، دەستی ڕووناك، جن نامە

١٤- مەحموود دەوڵەت ئابادی ١٣١٩ (١٩٤٠) دەوڵەت ئابادی سەبزەواری دەیان بەرهەم، گاوان، عەقیل، ئەوسانەی باوە سوبحان، سەفەری سولەیمان، کۆچ، پاس، کەلێیدەر، ڕۆمان، جێگای بەتاڵی سلووچ، ڕۆمان، ڕۆژگاری ڕابردووی پیاوانی بە ساڵا چوو «ڕۆمان»

١٥- سیمین دانیشوەر ١٣٠١ (١٩٢٢) ئیسفەهان بەرهەم ١- شارێکی وەك بەهەشت، سڵاو لە کێ بکەم، سووەشوون، باڵندەی کۆچەر، دوورگەی سەرگەردانی و حوشترەوان سەرگەردان «ڕۆمان»

١٦- جەلال ئال ئەحمەد ١٣٠٤ (١٩٢٥) ئوورازان، خاوەنی ٤٠-٥٠ بەرهەمی جۆراوجۆر لە فیکر و سیاسەت و وڵاتناسی و چیرۆك و چیرۆکی درێژ. هەرە گرینگەکانی. مودیری قوتابخانە «ڕۆمان»، لەخزمەت و خەیانەتی ڕووناکبیراندا (وتار)، نون و القلم «ڕۆمان»، کاریگەریی ڕۆژئاوا (وتار)، سەدان کۆچیرۆك، سێتار، ١٨وتار، کارنامەی سێ ساڵە و...

١٧- محەمەد عەلی جەماڵزادە و سادق هیدایەت و بزورگ عەلەوی و سادق چووبەك و ڕەزا بەراهەنی پێشەنگانی چیرۆك نووسینی ئێرانی، و چەند ڕۆمان و چیرۆکی درێژیشی نووسیوە.

١٨- غۆلام حسێن ساعیدی ١٣١٤ (١٩٣٥) مردن ١٣٦٥ (١٩٨٦) بەرهەم، تۆپ .
ترس و لەرز، تازیەدارانی بەیەل، وەرزی یاغی بوون، مەترسیگەلی بێ ناوونیشان، تاتاری دەم بە پێکەنین و ...

١٩- ئەحمەد شاملوو لە دایکبووی تاران لە ساڵی ١٣٠٤- ١٣٧٩ (١٩٢٥- ٢٠٠٠) لە تاران کۆچی دوایی کرد، جگە لە دەیان کتێبە شیعر دوو کۆچیرۆکیشی بە نێوی «لە ژێر خێوەتی ئاگرتێبەربووی شەودا» و «دەرگاکان و دیواری گەورەی چین» هەیە.

## ناوەڕۆک

وتەیەک ........ ٥
وتوویژی یووسف عەلی خانی لەگەڵ شەهریار مۆندەنی پوور ........ ٧
وتوویژ لەگەڵ «مەنسوور کووشان» چیرۆکنووسی ئێرانی ........ ٦٢